# بەفرەلۆک



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

دڵشاد عەبدوڵڵا

# بەفرەلۆک

ئەزموون



کتێب: بەفرەلۆک – ئەزموون
نووسینی: دڵشاد عەبدوڵڵا
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٤٩٨
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر– ٢٠٠٦
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٧٧٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ی دراوەتێ

# پێشەکی

دەزانم گێڕانەوەی بیرەوەری کارێکی زەحمەت و گرانە و بۆ شاعیریش هێندە پەسەند نییە لاپەڕەکانی ژیانی خۆی بە هەموو وردەکارییەکانییەوە هەڵداتەوە، زۆر جار ئەیسمی وشەکان لەبەردەم هەندێک ڕووداوی زەق و ڕاستەوخۆدا دەشکێن، یا ڕەنگە هەر گرنگیش نەبێ، شاعیرێک چۆن ژیاوە، گرنگ بەرهەم و شیعرەکانییەتی. خوێنەری بە سەلیقە دەتوانێ لە ڕێگای شیعرەکانەوە هەندێک جومگەی گرنگ لە ژیانی شاعیردا بدۆزێتەوە، کە مەحاڵە گێڕانەوەی بیرەوەری ئەو کارەیان بۆ ئەنجام بدرێ. لەوەش زیاتر ئەو جۆرە گێڕانەوە بۆ شاعیر و کەسانێک دەگونجێن کە شوێن و پایەیەکی دیار و بڵندیان لە ئەدەبدا هەبێ. کەسێک کە ئەزموونێکی متەوازیع و بچووکی وەکی منی هەبێ، گەلەک ئەستەمە خۆی لە قەرەی ئەو جۆرە کارانە بدا، ئەوە چاک دەزانم، بەڵام چی بکەم؟ موغامەرەیەکە و کردوومە و لێشی پەشیمان نیم، وەکی چۆن لە هەموو کارەکانی خۆم پەشیمان نیم و دەزانم زادەی تەمەن و ئەزموونی خۆمن و درۆم لەگەڵ نووسین و لەگەڵ خۆمدا نەکردووە. دەبێ ئەوەش بە ڕاشکاوی لە حزووری خوێنەری خۆشەویستدا بدرکێنم کە من لەو کارەمدا مەبەستم کارکردن بووە لەسەر یادەوەری شارێک لە ڕێی گێڕانەوەی هەندێک جومگەی ژیانی خۆمدا، دەزانم زۆر کەلێن و بۆشایی تێدایە لە ڕووی مێژووییەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی بەشی یەکەمی بیرەوەرییەکانمە هەروەکو خۆی بەجێم هێشتووە، بەو هیوایەی لە بەشەکانی تردا بچمە سەریان.



ئەوەی پێویستە لەو پێشەکییە کورتەدا بیڵێم ئەوەیە کە دوابەشی کتێبەکە بریتییە لە گەشتنامەیەک کە کاتی خۆی دەربارەی سەفەرێکی مۆسکۆ نووسیومە و بڵاویشم کردۆتەوە، وەکی زۆربەی بەشەکانی تری کتێبەکە، بەڵام ئەو بەشەی دوایی پەیوەندی بە ماوەیەکی درەنگتری تەمەن هەیە، واتە لەنێوان (بەفرەلۆک)و (ئەوەی لەسەر بەفر جێمابوو)دا، سەفەرێکی تری تەمەن هەیە، ئەزموون و خەون و ئەندێشەی تر، کە لەکتێبی تردا جێگەیان دەبێتەوە. هەرداره و بەقەد لق و پۆپ و باڵای خۆی سێبەری هەیە، ئەوەی من هەرچەند بێ لەخۆمم جودا نەکردۆتەوە بە هی خۆم زانیوە.

دەزانم درەختی وا هەیە لەکێ دووندو عاسێیە لەوێ ڕواوە، هی وا هەیە لە ڕۆخی ئاوی تیژ و تووڕەدا چنگی لە زەوی ئاڵاوە، هی واش هەیە لە شوێنی چەپەک و دوور یا لەسەر ڕێگایان، هەریەکەو مەغزا و مەعنایەکی هەیە، کێهانیانم؟ تۆ دەزانی.

لە سەرەتاوە وتم بەفرەلۆک وردە بەفرە یا بەفری زۆر ورد و بەفرە ژیلکە. لە هەڵبژاردنی ئەو ناوەدا مەبەستم ئەوە بوو سەرنجم ببرمە ئەو شتە بچووک و ئەو ڕووداوە وردیلە و پەراوێزانەی ڕەنگە لای هەندێک بایەخی ئەوتۆیان نەبێ و لای من کەرەستەی بنچینەیی دروستکردنی جیهانی گەورەن، ئەوان نەبن مانا بەرز و مەفهوومە گەورەکان هیچ ناگەیێنن. جاری وا بووە ئەو شتە ژیلکانە هێندە دڵیان داوەمەتەوە، هێندە فریام کەوتوون و شتە زل و قەبەکان هەر ئاوڕیشیان لێم نەداوەتەوە، ئەو زیندەوەرە وردیلانە هێندە دڵسۆز و بە ئەمەک بوون بەرانبەرم جیهان بەو پان و پۆڕییە حەسوودیانی پێ بردووە، یا ڕەنگە پەی بە توانا و سەلیقەشیانی نەبردبێ. ئەو لەیەک نەگەیشتنە ئەزەلییە، ئەو نامۆ بوونە ڕەگاوڕەگ بە قووڵایی مێژووی



مرۆڤایەتیدا ڕۆچووە و ئەفراندن و پەیامەکان ویستوویانە کەلێنەکانی ئەو جوداییە پڕبکەنەوە و زۆرجاریش هەڵیانگێڕاوەتەوە و کردوویانە بە تێگەیشتن و تەبایی. ئەوەش فەزلی مرۆیە بەسەر سروشت و زەمانەدا.

بەفرەلۆک تەماشاکردن و دیتنی جیهانە بە چاوی ئەو کائنە وردیلانەوە، بۆنکردنی ژیانە بە کەپوویەکی هەر هێندەی فستقێک و هەرهێندەی دەمی خونچەیەک کراوە، گوێگرتنە لە خشپەی پەلکی گیا، لە لەرینەوەی پەڕ و باڵی سەر لقی منداڵی و پاشان چاوەڕوانییە بۆ دەرکەوتنی وردە ئەستێرە لە ئاسمانە گەورە و بەرینەکاندا. ئەفراندن هەر لەو جێیە دیاریکراوانە نامێنێتەوە بەڵام بەهەندیان هەڵدەگرێ و دەیانکاتە شوێنی پێ و خاکی تۆو چاندنی داهاتوو. من ئەو هەموو خەمخۆرییەم بۆ ئایندە لە ئێستادا چەکەرە دەکا، ئەگەر ئێستا نەبێ نە ڕابردوو هەیە و نە داهاتوو، ئەو وەکی قەدی دار وایە لەلایەک ڕەگ و ڕیشەی ڕۆیشتوو لە فەوتان دەپارێزێ و لە لایەکی دیکەشەوە لق و پۆپی ئایندە بەرز دەکاتەوە و لەبەر تیرۆژ و هەوای پاکدا هەڵیان دەخا، ماهیەتی داریش تەنیا لە بەروبوومیدا نییە، لە سێبەرو لەو فێنکییەش دایە کە بەمرۆ و بە سروشتی دەبەخشێ، بێنە بەرچاوی خۆت ئەگەر درەخت لە سروشتدا نەبا چی دۆزەخێک بوو بۆ خۆی ئەو سارا گەرم و خۆڵاوییە. ئەوەی لە بەفرەلۆکدا نووسیومە بەشێکە لە شانۆگەرییەک کە من لە چەندین پەردەیدا پاڵەوانی سەرەکی بووم و بەشەکەی ترو پەردەکانی تر شوێن و کات پڕیان کردۆتەوە و ئەوانیش هەر تام و بۆنی منیان لێ دێ و بە هەموو لایەکیان مەبەستیان دەرخستنی ئەو ڕستەیە بووە کە من لە کۆتایی بەفرەلۆکدا نووسیومە: شاعیرێک هەمیشە تخووبی خۆی دەبڕێ! ڕەنگە ئەوە بۆ هەندێک مایەی پووچی بێ یا وەهمێکی بۆش و خەت خەتۆکەیەکی منداڵانە، چ قەیدی دەکا! هەریەکەو بە پێوانەی خۆی ژیان دەپێوێ، زانا بە دانایی و نەزان بە گێلی. دەزانم بۆ شاعیر ئەستەمە لە تخووبی هەر کات و شوێنێکدا گیر بخوا، لەوەش پتر

مردنی ڕاستەقینەیەتی، بۆیە لێرە کۆتایی بە بەشی یەکەمی ئەو ئەزموونە دێنم، ناشڵێم بیرەوەری یا هەر شتێکی تر نزیک لە گێڕانەوە، چونکە ئەوە نە ئەمە و نە ئەو، ئەزموونێکە لەو بەینە و دەشزانم هەندێک وێستگەم جێ هێشتووە بۆ شیعر، وانەبووا پێویستی نەدەکرد دوای ئەو ئەزموونە شیعر بنووسم، ئەوانە جێ پێی شیعر قایم دەکەن و جێگەی ئەو ناگرنەوە، دڵنیاشم کاری شاعیر بە پلەی یەکەم شیعر نووسینە و هەر بەرهەم و ئەزموونێک ئەگەر ئەو کارە پلە یەکە جوانتر دەرنەخا نەبوونی چاکترە.

دواجار بەفرەلۆک پەنجەرەیەکە لەو پەنجەرانەی شاعیر لەکاتی دروستکردنی بینای شیعر دەیخاتە دیوارەوە، پەنجەرەش جگە لەوەی جوانییەک دەبەخشێ بە بینا و دەشیکاتەوە بەسەر دەرەوە و منیش هەر ئەوەم کردووە جا ئەو مەبەستەم پێکاوە یا نا ئەوەیان نووکتیژی قەڵەمم دەردەخا، کردبم باش و نەمکردبێ خەتای کولی نووکی خامەیە و خودایە! فریام بکەوە!

دمکی وشەم تیژتر و
سەلیقەی وتنم دڵگیرتر بکە.

هەموو سەرەتایەک مەرج نییە ڕوون و دیار بێ، یا لەیەکەم سەرنجەوە خۆت نیشان بداو جاری وایە هەند ناقۆڵاو عاسێیە، بەشێکی زۆری تەمەن بە خۆیەوە گرفتار دەکا. ئەو جۆرە سەرەتایە نەک ئێستا لە کۆنەوە ئەفسانە و ئایینیشی تووشی ڕێبەستی گەورە و ئاڵۆز کردووە و ئەقڵی مرۆی لە مەنگە نەداوە.

لە دیار خستنی هەندێک لە وردەکارییەکانی سەرەتادا هەر بەتەنیا جووڵاندنی کارامەی بیرەوەری بەس نییە، بیرتیژی بەس نییە، ئەو جۆرە کارانە دوای ڕامانێکی قوڵ دەگەن بەئاکامێک و ئەو ڕامانەشە نەک مرۆ لە گیانلەبەرەکانی تر جودا دەکاتەوە، بەڵکو لە ناو خۆشیاندا دانا کەسانی تر جیا دەکاتەوە.



پرسیارێکی ئاسایی هەیە زۆر جاران ڕووبەڕووی شاعیران دەکرێتەوە: سەرەتای شیعر نووسینت لەکەیەوە دەست پێ دەکات؟ یا بۆ چی دەگێڕیتەوە؟

زەحمەتە یەکسەر وەڵامێکی حازر بەدەست هەبێ بۆ ئەم پرسیارە نووک تیژە قووڵ خزاوە، هەندێ جار بواری گەڕانەوە بۆ ئەو سەرەتایە ئەوەندە تەم و مژاوییە بەزەحمەت شەقاوێک پاشتر دیارە، بەڵام دوای ڕامان و وردبوونەوە وردە وردە سامالّی مەبەستێک دیار دەکەوێ و ڕووناکییەکەی ڕێگا خۆش دەکا بۆ قووڵبوونەوە و پێویست بە شێنەیی و وریایی دەکا بۆ ئەوەی لە ناو ڕەگ و ڕیشەی هەزاران وردە پرسیاردا گوم نەبێ.

ئەو پرسیارە کە من بە شا پرسیاری گەڕانەوەی دەزانم هەندێک جار هیچ بایەخێکی ئەوتۆشی نابێ، دەباشە من فلانە ساڵ دەستم پێکرد، جا بە من چی؟ ئەو ماوەیە چیت بە چی کردووە؟ دەقی دانسقە و زیندووت پێشکەش کردووە؟

سەرەتا دەکرێ خالێکی لاواز بێ کەچی ئەوەی هەیە ئێستا چۆنە؟ بەپیت و بەرەکەت و بەهەرمێنە، یان شاعیری وا هەیە سەرەتایەکی زۆر بەهێزی هەبووە و لە یەکەم ساتی نووسینەوە کتتێبخانە و ئەزموونی باشی لەبەر دەستدابوو کەچی تا هاتووە ڕۆحی ڕژانی تەسکترو ڕەقێنتر بووە و ئەنجام چەمێکی وشکی لێ ماوەتەوە، بەپێچەوانەکەشی دروستە.

شاعیر خۆی دەزانێ سەرچاوەی شیعر چەندە فرەو هەمەجۆرن، ئێجگار ئەستەمە قەناعەت تا سەر لەسەر یەکێکیان بگیرسێتەوە و ئەو جێیە ببێتە خاڵی سەرەتای دەست پێکردن، بەو ئەندازەیەی بەشێکی ئەو گرفتە ڕەنگبێ بگەڕێتەوە بۆ ناو منداڵدانیش، وەکی ئەوەی لە مەسیح و شێخ فەرخ دا ڕووی دا.

هێشتا شیعر لەو شاخە بەفرینانە دەچێ کە سێ بەشیان لە دەریای بێ

بنی ڕۆحدا نادیارەو لە ڕۆحی ئەواندا ڕژاوەو هەر دەڕژێ. ئەوان کێن؟ بۆ ماوەکانی شاعیر. ئەوان باب و دایکی شاعیرانن. شاعیر بەرەچەڵەک ناچنەوە سەر ئادەم و حەوا، بەڵکو دەچنەوە سەر هۆمێر و ڤرجیل و ساڤۆ. لەوانەوە نهێنی وشە پەڕیوەتەوە ناو خوێنی نەوەکان. لەهەر شوێنێکدا پارچە بوونێکی هەستداری فریشتە یێ هەبێ ئەو نهێنییە خۆی خزاندۆتەوە ناویەوە و ئازارەکانی پڕکردووە لە ئاواز و لە کەلێنی موعاناتەکانیدا شین بووە و گەڵای نووری دەرکردووە و ژیانی پڕکردووە لەنەرمە گیای ئەفسووناوی بەهەشتی. ئەوەی جێگەی بایەخە لە پرۆسەی بەردەوامبوونی شیعردا پاراستنی جوانییە، چونکە شاعیران یەکەمین جوانیپارێزی سەر گۆی زەوین. شیعر مێرگی ئارامی و هێمنییە لە هەموو سەردەمێکدا و هی گشتە، بۆیە شیعری ئاغاو جوتیار، شیعری کرێکار و سەرمایەدار، شیعری قوربانی و جەللاد نییە، شیعر پەیامێکی ئینسانییە بۆ هەمووان. ئەوەش بەو مانایە نییە کە شیعر بێدەنگە لە ئاستی زوڵم و زۆرداری، بەڵام ئیشی شیعر بەگژداچوونەوە نییە، بەڵکو پاراستنی جوانییەو پەرەپێدانیەتی بەمەش زوڵم و زۆرداری لەبنەوە هەرەس دێنێ و خەونی گەورەی مرۆڤایەتی شوێنی دەگرێتەوە. شیعر جۆرێکە لە پێغەمبەرایەتی و کەرەستەی کارکردنەکەشی زمانە.

لە گەڕانەوەدا بۆ سەرەتا زۆر جاران خەیاڵ ناگاتەوە سەر یەکەمین دڵۆپ، یەکەمین هەڵتۆقان، یا ئەو ئاوازە ناوازانەی مرۆ هەر جارێک گوێیانی لێ دەبێ و لە ناو دەنگە بەرزەکان ون دەبن و لەیاد دەچنەوە وەلێ غەریبییەک لە دڵ و دەروونیدا دەچێنن. کێ بەبیری دێتەوە یەکەم جار دایکی خۆی دیبێ؟ چی لەیاد ماوە لە شێوەی دەموچاوی؟ ئایا ئەو بینینە هەمان بینینی دواترە؟ شیعریش وایە، سەرەتای بێ سەرەتایە. ئەو شتە بچووکە پەراوێزکراوانە باشترین و بە پیتترین سەرچاوەی شیعرن، جا چەندن؟ هەرچەندی زۆربێ باشترە.



شیعری مەزن لەو شتە بێ بایەخە بچووکانەوە ڕێگای نەمری دەدۆزێتەوە. ئەوەی سەرنجم داوە یەکەم سەرچاوەی شیعر زیندووێتییە. سیفەتی زیندووێتی جووڵانە، ئەویش هێزی گۆڕانە. بەو شێوەیە شیعر لە گۆڕان دروست دەبێ، گۆڕانیش لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی دی دەگۆڕێ.

یەکەم ئاواز کە دێتە گوێت و مەیلی گۆڕان دەخولقێنێ، یەکەم دیمەن، یەکەم خەیاڵ کە دەبێتە مایەی ورووژاندنی هەستەکان لەدەوری تەوەرێکی شیعرییدا هەستی تاکێتییە.

بیستوومە هەندێک دەڵێن، داپیرەم بە گۆرانییەکانی گۆشی کردووم، ئەوە یەکەم فرچکی شیعرمە! یا حیکایەتەکان، ئەوە یەکەم فڕینی خەیاڵە بەرەو ئاسمانی بێ پایانی شیعر! ڕاست و دروستە. ئەوانەی داپیرە وتوویەتی هەوێنی دروستبوونی جیاوازیی گەرەکە، هەوێنی شاعیری. ئەوەیان کرۆکی کرۆکەکانە. چونکە شیعر لەدەرەوە نایێ، ئیلهامی ناوەوەیە، خرۆشانە لەناخدا، ئەگینا داپیرە ئەو گۆرانی و حیکایەتانەی بۆ کوڕگەل و کچگەلێک گێڕاوەتەوە، بۆ تەنیا لە ناویاندا بۆ هەریەک دووانێکیان بوون بە سەرەتا و بوون بە جووڵێنەری هێزی شیعری. ئەوەش پێچەوانەی ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە کە شیعر بەکەرەستەیەکی میللی وا دەزانن کە هەموو کەس دەتوانێ بیبێژێ. پێم وایە ئەو جۆرە تێگەیشتنە کاڵ و کرچە و زیانێکی زۆری لە شیعر داوە.

دیارە من لەگەڵ ئەوەدا نیم شیعر ببرێتە بورجی عاجەوە بەڵام بێ بایەخ و بەهەند نەزانینیشی پەسەند نییە. شیعر یەکەم هەوڵی تاکە بۆ دەرچوون لە سیحری کۆ، یارزگاربوون لە ئەفسانە کە دایکی ڕاستەقینەی شیعرە و لەهەر سەردەمێکدا چەند پرۆمیتۆسێک ئاگری جاویدان لە هەناوی ئەفسانەوە دەدزن و لەخۆیاندا دایدەگیرسێنن. ئەو هێزە پیتۆڵییە هەمیشە ڕوو لەلووتکەیە لە نشێواندا پەنگ ناخواتەوە، لووتکەش لەخۆڕا دروست

نابێ، بەڵکو زادەی گەڕان و ماندوو بوون و شەونخوونی بەردەوامن هەربۆیەشە من پێچەوانەی ئەو بۆچوونەم کە دەڵێ زۆربەی کورد شاعیرن، ڕاستییەکەی ئەوەیە کورد شاعیری کەمە، لەبەرئەوەی ئەفراندنی کەمە، جیاوازی و ئەزموونی دانسقە کەمە. ئەوانیش کە بانگەشە بۆ مەشاعیەتی شیعر دەکەن لە ناو شاعیراندا شیعر کوژن یا بژاری نێو خاکەکانی شیعرن. لەشکری شیعر کوژ زۆرن و شاعیر کەم، لە لاکۆڵانەکانی ئەدەبدا شیعر کوژەکان شیعر لە سێدارە دەدەن، لەلاکۆڵانەکانی بەرژەوەندی شەخسیدا شیعر کوژەکان شیعر دەگۆڕنەوە بە هەرزان!!

شیعر شەڕی کەس ناکا
بینای جوانی دادەڕێژێ لە دەوری پاکیدا
پەیامی ئەو بەردەوامبوونە نەک دژایەتی
مرۆڤایەتیش بەپاکی بەردەوام دەبێ
بە پیسی دەمرێ

بەفرەلۆک یا بەفرەڵۆک یا بەفرە ژیکلە و پڕووشە بەو بەفرە دەوترێ کە دەنکی ورد وردە، من مەبەستم لە هەست و شتە وردیلانەیە کە لەبەر زۆرو زەوەندیان دنیایان تەنیوە و زەوییان پڕ کردووە لە سیحری خۆیان.

شاعیر وەکی زرێبار بریتییە لە سەدان کانی گەورە و وردیلەی زیندوو لەگەڵ ئەوانەی کۆربوونەتەوە و ئاویان تێدانەماوە و ئاوی ئەوانی تر هەناویانی پڕکردووە لەتەڕایی حیکمەتی زرێبار و جوانییەکەشی تخووب و تامی کانیاو و کانی لەخۆیدا بزرکردووە و دیمەن و مانایەکی نوێی بەرهەم هێناوە، مەوداو ئەندێشەکەی بەرینتر و سەرچڵترە.

فلابێر وتوویەتی "ئای بۆ ئەو نیازەی هەمە کە دەقێک لە هیچ بێنمە کایەوە" ئەوەش ناکۆک نییە لەگەڵ ئەوەی وتم. هیچیش ڤاڵ و بۆشایی نییە بەڵکو ئەو هەموو گریمانانەیە کە فرسەتی دەرکەوتن و هەڵتۆقانیان لە



ڕابردوودا نەبووە، لە ئەفراندنیشدا ئەو جێیە بەپیت و پڕ فەڕە و لەو زەوییە بەیارانەدا گوڵە کێوی باشتر دەڕوێن و بەروبوومیان چەند قات و چەند جۆرترە. ئەو هەموو بینەو بەردەیە بۆ گێڕانەوەیە، گێڕانەوەی حیکایەتی شەوەکانی بەهار و ڕۆژە خەزانییەکان، ئەوانەی نەوەکانیان بە بیر و باوەڕی پیرۆزی سنووردار بەستبووەوە، وەکی مۆتەکە خۆیان هاویشتبووە سەر سنگی خەیاڵ و ئەفراندن و دواتریش لەبەردەم یەکەمین شنەبای گۆڕاندا توانای بەرگری و مانەوەیان نەماو هێندەی پووشێک توانای ڕاگرتنی خۆیان نەبوو.

ئەو گێڕانەوەیە بە پرسیارێک دەست پێ دەکەم، کە لە سیاقی وتەکانی پێشترم دوورە، کەچی یەکەم دەرگایە بۆچوونە نێو تەلاری سەردەمانێک کە هێشتا تامی ڕۆژەکانی لەبن دداندا ماوە. پرسیارەکەش کە تایبەتمەندی و خاسیەتی کەسایەتی هەیە، بریتییە لەوەی لەبەردەم خۆمدا بوەستم و لەخۆم بپرسم: ئەگەر وەکو برادەرەکانی منداڵی بمتوانیبا باڵندەی سەر چڵ و دیواران بکوژم و بە مووس سەریان ببڕم و پاشان گۆشتە لاوازەکەیان ببرژێنم و گەدەی بچووکی منداڵی پێ تام خۆش بکەم، پاش ئەوەی بەدار لاستیک بەردیان تێ دەگرم و دەیانپێکم و لە حەواوە بەریان دەدەمەوە، ئەگەر ئەوەم پێ کرابا، ئەگەر هێندە توندو تیژ بام لەمامەڵەم لەگەڵ ئەو پەڕو باڵ گچکەو بەسەزمانانە دەبووم بە شاعیر؟

شاعیر بوون پەیامەو ئەو پەیامەش لە ناسکترین شوێنی مرۆڤایەتییەوە هەڵدەقوڵێ و یەکەم شت لێی دەسڵەمێتەوە توندو تیژییە، بۆیە ئەو نموونەی لە ئەندێشەمدا چەسپیوە دەربارەی شاعیر ئەوەیە کە دەبێ زۆر لەسەرخۆ و ئارام بێ و دڵنیایی ببەخشێ بەو شتانەی هەستی بەریان دەکەوێ.

منداڵ بووم کاتێ کە دەوامی مەکتەبمان تەواو دەبوو، لەگەڵ برادەرەکانم

جارجاره دەچووینە باخچە گشتییەکەی کەوتبووە بەرانبەری نەخۆشخانەی کۆماری و پێیان دەوت "غابات". دانێکی ڕۆژمان لەوێ بەسەردەبرد. برادەرەکانم فێرببوون چۆلەکەیان دەکوشت. من لە ژیانمدا نە دارلاستیکم بەکارهێناوە و نە چۆلەکەیەکم کوشتووە. کێشکەی بەسەزمان خودا بۆ فڕین و دڵدانەوەی درەخت دروستی کردووە نەک بۆ کوشتن و سەربڕین. بۆیە من دە هێندەی ئەوان لە عەزابدا بووم کاتێک دەمبینین بەدەم زامی جەستەوە لەسەر لقەکان بەردەبوونەوە و دەکەوتنە سەر زەوی. خوێنی ئەو مەلانە هەر هێندەی جێ پەنجەیەک خاکی بە ڕەنگێکی غەمگین دەنەخشاند، ئەو خوێنە بەئەستۆی مرۆڤەیەوەو بەزەحمەت لێی دەبێتەوە. کێشکە کوشتن کاری بەردەوامی برادەرەکانم بوو، زۆریش ئاسایی بوو لایان، جاری وا بووە دەو دوازدەیشی لێ کوشتوون، منیش نەک لەو کارە دەسڵەمیمەوە بەڵکو خەونی ناخۆشیشم پێیانەوە دەدی. بە عاستەم هەندێک لەو خەونانەم دێتەوە یاد.

ئەو کێشکە کوژراوانە شەوان زیندوو دەبوونەوە و سەری لووت و نەرمەی گوێیان دەخواردم! جارێکیان ئەو خەونانەم بۆ داپیرم گێڕایەوە، ئەو گاڵتەی پێ کردم و لە بری تەفسیرکردنیان دەکەوتە ئامۆژگاری کردنم، کە لەگەڵ ئەو جۆرە منداڵانە هەڵنەستم و دانەنیشم. تابلۆیەکی سلڤادۆر دالی هەیە کە ژمارەیەک چۆلەکەی زێڕین بەسەر لێفەی کەسێکەوەن کە لەخەودایە و تابلۆکەش بەگشتی ڕەنگێکی کەسکی تاریکە، ئەو تابلۆیە تەفسیری تری هەیە کەچی کە تەماشای دەکەم وا دەزانم ئەوە دیمەنی من و چۆلەکەکانە.

داپیرم دەیوت، ئەو چۆلەکانە کەپووت بخۆن دەبیە "ئەفنەس" ! ئەو وشەیە لە پەردەی گوێمدا دەزرنگایەوە. کەسێک هەبوو لە هەولێر نازناوی ئەفنەس بوو، ئەوسا هەر ناویم بیستبوو دەشمزانی شوفێر و دۆستی پلکزایەکی بابم بوو، زۆر حەزم دەکرد ببینم و بزانم ئەو نازناوە چی دەگەیەنێ.



یەکێک لە برادەرە ڕاوچییە دڵڕەقەکانم جارێکیان پێی وتم، تۆ کە بەردت لە مەلێک نەگرتووە لایەکی کەپووت بخۆن، ئەی دەبێ چی لە ئێمە بکەن؟

وام دەهاتە بەرچاو کە شوێنی لووتیان ببێتە چاڵێکی گەورە و ئەوکات نەک هەر دەبنە ئەفنەس بەڵکو شتێک لە دەموچاویان دا نامێنێ پێ ی بوترێ لووت!

لە برایانی کارامازۆفدا دیستۆیفسکی باسی ئەو چەند نموونەیە دەکا لە مرۆڤدا، یەکیان دیمترییە کە دەژی، ئەوی تر ئیڤانە کە ژیان دەکاتە فیکر، سێیەمیان ئیلیۆث کە ئیمانی پێ دێنێ. ئەو سێ جۆرەی ژیان هەریەکەیان ڕیتم و لەزەتی خۆیان هەیە و هەروەها ئەنجام و ئاکامی خۆیان. ئەو نموونانە پەیوەندییان بە چۆلەکە کوشتنەوە نییە، من هەر بۆ ئەوەم هێنایەوە تا بێژم ئەوانەی دەژین جیاوازن لەوانەی ژیان دەنووسنەوە، بۆیە ئەوانەی لە چەشنی یەکەمن کاتێک دەگۆڕێن بۆ چەشنی دووەم یەکەم شتیان ئەوەیە واز لە پرۆسێسی وابەستەبوون بە وردەکارییەکانی ژیانی واقیعییەوە دێنن و هەڵوەداو خولیایان دەبێتە نووسین و داڕشتنەوەی ژیان بەجۆر و مەغزایەکی تر. من هەوری مەیلەو تاریکی ئیڤانی کشابوو بەسەر قۆناغی لاویمدا و هەر ئەوەش بوو وای کرد لە زۆر لەزەتی ژیان بێ بەش بم و دواتریش خوو بە خوێندنەوە و نووسینەوە بگرم و کاتێک تەمەن بەرەو هەوراز کشا تێگەیشتم کامڵبوون ئەو کاتە کە هەرسێ جۆری ژیان خڕدەبنەوە لە بن پێستی تەنکی ئینسانیدا.

ئێستا دوای ئەو هەموو ساڵانە هێشتا دیمەنی کێشکە سەر بڕاوەکانم لە چاواندا لێ بزر نەبووە و وێنەیان بەتەواوی ڕەش نەبۆتەوە و تارماییەکیان هەر ماوە کە هانم دەدا هەمیشە فریای قوربانی بکەوم و هەرگیز دەست نەخەمە دەستی جەللادەوە. ئەو تەیرە وردیلانە یەک دوو دڵۆپ خوێنیان بە

چ حالێک لەو جەستە گچکانە کۆکردبووەوە ئەویش بەدەستی برادەرەکانم دەڕژانە سەر پەلکی گیا بە بەرچاوی منەوە. ئەوە دیمەنی یەکەم کوشتن بوو لە ژیانمدا کە گیانی بەزەیی تێدا جووڵاندم. دواتر ئەو دیمەنانە بەهەورازی هەزار بە هەزاری تردا هەڵگەڕان و لە هەندێک ڕەوەزدا پێیان هەڵخلیسکا و بە نوڵ و نواڵی قووڵدا غلۆر بوونەوە. ئەو کات هەولێر شارێکی بچووک بوو، خەڵکی لەبەر دەنگی تۆپێکی کۆنی ڕەمەزانان فتاریان دەکردەوە کە لەبەردەمی گەراجی شارەوانی ئێستا دانرابوو گرمەی دەگەیشتە هەر چوار لای شار. خەڵکەکە زۆربەیان یەکتریان دەناسی، بۆیە ئەزیەتێکی زۆرم نەچەشت بۆ دیتنی ئەو پیاوەی کە نازناوی ئەفنەس بوو، ئەو کەپووی هەر بە زگماک کەمێک بچووک بوو، دواتر زانیم ئەو پیاوە یەکێکە لە نیشتیمان پەروەرەکان و لە ناو پارتیدا لەگەڵ پلکزای باوکم بە نهێنی کاری حزبییان دەکرد. کە باسی لووت دەکرێ ڕووداوێکی تری سەردەمی منداڵیم دێتەوە یاد. من کەپووم هێندە زل نییە تا هەر کەتنێک ڕوبداو پڕووشکێکی بەربکەوێ کەچی ڕێکەوت وای کرد لە کاتی یاریکردندا لە ناو بازاڕ برادەرێکی منداڵی پاڵم پێوەبنێ و منیش لەکاتی کەوتندا لووتم بەڕۆخی بەرمیلێک کەوت لە ناوەڕاستدا برینێکی قووڵی تێدا دروست کرد، مامم زۆر تەنگاو بوو کە ئەو کات لە دوکانی ئەودا شاگرد بووم بەبرادەرەکەمی وت کەپووی شتێکی لێ بێ کەپووت دەبڕم! بردمیانە لای برینپێچێک و لووتی تەداوی کردم و چاک بوومەوە و ئێستا کە لە ئاوێنەدا ئەگەر زۆر بەوردی تەماشای خۆم بکەم بە ئاستەم هێڵێکی باریک شوێنی برینەکە ماوە. ڕۆژگار برینەکان بەو شێوەیە سارێژ دەکاو لە بیریشیان دەباتەوە ئەگەر شوێنەواریشیان بمێنێ.

قسەم لەسەر خوێن و کوشتن بەو دوو سێ ڕووداوەی منداڵی نابڕێتەوە. لەتەمەنی هەریەکێک لە نەوەکەی مندا ڕووبارێک خوێنی بەناهەق ڕژاو هەیە، پڕووشکیان بەر ڕۆژ و هەفتە و مانگ و ساڵەکان کەوتووە،



پڕووشکیان بەر هەموو جێیەک کەوتووە هەر لە پەردەی ژوورو بالیف و ئاوێنەو بگرە تا دوورترین شتی وڵات، کام دارستان و بن بەردو لووتکەیە، کام دەشت و گیای ڕۆخی جۆگەیە، کام هەستی بەرز و نزمە، کام خەونی تەریوە هەموویان سوور دەچنەوە، هەر یەکێکیان پشکە خوێنێکی ڕژاوی پێوە ڕەق بۆتەوە، خودایە! چ دەریایەک بەشی شووشتنەوەی پاشماوەی خوێنەکان دەکا ؟!

یەکەم حاڵەتی کوشتنی مرۆڤم دوای چەندین ساڵ لە کوشتنی چۆلەکەکان بینی، ئەو کاتەی دە ساڵی تێپەڕ نەکردبوو، بەیانییان زوو دەچومە بازاڕو لە بەرانبەر دوکانی مامم لە سەر سەکۆی دوکانی هاوسێیەکەمان دادەنیشتم و چاوەڕێ بووم هەر کاتێک مامم بانگم بکا بۆ کارێک، بەتەنیشت دوکانی مامەوە قەسابێک هەبوو پێشتر (حەرەس قەومی)بوو. لەکاتی هاتنی بەعس بۆ سەر حوکم لە شەست و سێ چەند دانەیەک لە هەولێرییەکان هاوکارییان لەگەڵ ڕژێم کردو بوونە حەرەس قەومی و دەستیان هەبوو لەو هەموو تاوانەی دەرهەق بە کوردو هێزە سیاسییەکان ئەنجام درا. ئەو کابرایە پێ دەچوو پێشینەیەکی لەو جۆرەی هەبووبێ، بەڵام من هیچم دەربارەی نەدەزانی و بە پێچەوانەوە وەکو مام و برازا بووین و کوڕەکانیشی برادەرم بوون. جارێکیان لەبەردەم بارەگاکەیان لە گەڕەکی بیرێژییان کە ئەوسا لە شوێنی یانەی بروسک بوو فریای باوکم کەوتبوو، نەیهێشتبوو بگیرێ هەر لەبەرئەوەی ڕانک و چۆغەیەکی سپی و پشتێنێکی گوڵ گوڵی سۆرو شەدەیەکی لەسەر و کڵاشی سامنینی لە پێدابووە و ئەوانیش ڕقیان لە کوردو لە جلی کوردی بوو، چەند چەکدارێکیان پێشیان بە بابم گرتبوو بە نیازی گرتن و لەناکاو ئەو کابرایە لە بارەگاکە هاتبووە دەرێ و چاک و چۆنی لەگەڵ بابم کردبوو ڕێگای نەدابوو چەکدارەکان زەفەری لێ بێنن. دیارە ئەو جل و بەرگە ئەوسا بەس بوو بۆ ئەوەی هەر مرۆڤێک تووشی توومەتی گەورەو سزای گەورە ببێ و

چەندین مرۆی سڤیل لەوەش کەمتریان کردبوو کەچی تووشی ئەشکەنجەو ئازاری بێ سنوور بوونەوە. ئەوانە هەموو کۆبوونەوە لەلام ئەو کاتەی پیاوێکی نەناسراو لە دووری چەند مەترێکەوە تەقەی لە ( ..... ) کردو لەو شوێنەی پێشتر ئەو بەرخ و کاری سەردەبڕی و خوێنی دەڕژایە ناو جۆگەلەکە، ئێستا قەسابەکە خۆی کەوتووە و لە دوو شوێنەوە خوێن فیچقە دەکاو بەهەمان جۆگەلەدا دەڕوا. کابرای بکوژ سێ فیشەکی تەقاند یەکیان سەر چیغ چوو و ئەوانی تر بەر کوژراو کەوت و شوێنی کاریگەری پێکاو گیانی سپارد. لایەنێکی سیاسی کە تازە کەوتبووە جموجۆڵ لە شەستەکاندا ئەو چالاکییەی ئەنجام دا لەتۆڵەی ئەو ڕەفتارانەی حەرەس قەومییەکان لەدژی شیوعییەکان نواندبوویان. ئەو زانیارییانەم دوای عەیامێکی زۆر زانی دەنا پێشتر من بەدیوێکی ترو لە بارێکی تردا ڕووداوەکەم دی.

حەرەس قەومییەکان بارەگای سەرەکییان لە نزیک ماڵی ئێمە بوو، زۆر جاران کێشکەش نەیدەوێرا بە بەردەمیاندا تێپەڕبێ، هەرچی پیاوی گەڕەک هەبوو ڕێیان گۆڕیبوو، لە کۆڵانی ترەوە هاتوچۆیان دەکرد. جارێکیان پیاوێکی گەڕەکیان بە تۆمەتی کوردایەتی گرتبوو، کارێکی وایان پێ کردبوو کە ببووە مایەی ڕق و تووڕەیی گەڕەک هەمووی. ئەو ڕۆژەی ئازادکرا ئێوارەکەی لەگەڵ باوکم چووینە سەردانی ئەویش کەوتە گێڕانەوەی جۆرەکانی ئەشکەنجەدان و شێوازە دڕندەکانی ئازاردانی مرۆڤ لەلایەن بەعسییەکانەوە هەر لە بەستنەوە و هەڵواسین و ئوتووکردنی پێستی پشت و لێدان و بە پانکە وەکردن و چی و چی... بەعس بەو شێوەیە هەر لە یەکەم ڕۆژەوە هاتە کوردستان. دواتر لە حەفتاکاندا نازانم چۆن سەرکردایەتی کورد هێندە بێ باک بوو لەوەی هێشتی ئەو شانەیەی بەعس لەکوردستاندا گەشە بکات کە تازە دامەزرابوو، ئەوسا بەعسییەکان بەپەنجەی دەست دەژمێردران و لە ڕەگ و ڕیشە دەرهێنانیان کارێکی ئاسان بوو. ( ..... )



لە خوێنی خۆی گەوزی، کابرای دەمانچە بەدەستیش کە لەگەڵ تەقەکردندا بەچۆکدا کەوت و هەستایەوە و شلەژانیشی پێوە دیاربوو پاش پێکانی مەبەست هەڵات و خۆی لە قەرەباڵغی بازاڕدا بزرکرد.

نازانم من هاوسۆز بووم لەگەڵ کوژراوەکە، هەر لەبەرئەوەی هەستی منداڵی ناسکەو بەرگەی شتی زبر ناگرێ، یا لەبەر ناسینی کوژراوەکە و نەناسینی بکوژ، یا لەبەرئەوەی ترسێکی ئەستوور لەناکاو بەرپابوو شاڵاوی بۆم هێنا ئەو کەسەی تەقەی دەکرد یەکەم دیمەنی هێرشبەر بوو بیبینم، ئەوساتە هەموو شتەکانی تر لە مێشکمدا سڕانەوە و ئەو دیمەنە زۆر بەموجەڕەدی کەوتە ناو بینینمەوە. بکوژ و قوربانی، لەبەرئەوەی گرێی مرۆڤدۆستی پەیوەندی بەخوێنەوە هەیە و لە هەموو حاڵەتەکاندا کوشتنی مرۆڤێک کارێکی ئەستەم و قورسە بەو ئەندازەیەی چۆکی بەبکوژیش دادا و ئێستاش نازانم کابرا چ جلێکی لەبەردابوو هەر هێندە نەبێ کە لەبەر چاوانمدا ڕەش دەچووەوە . خوێنی مرۆڤ پڕە لە تەلیسم کە ڕژا تەپ و تۆزێکی گەورە بەرپا دەکات.

***

نێوانی ماڵەکەمان و بازاڕ چارێگە سەعاتێک کەمتر دەبوو، ئەو خانووەی تێیدا لە دایک بووم و بەشێکی هەرە زۆری منداڵی و لاویم لەوێدا ژیاوم کەوتۆتە گەڕەکی بیرێژییان، ئێستاش ماوە بەڵام نازانم کێی تێدا دەژی. ئەم خانووە یەکەم شانۆی نمایشی من بووە، لەوێ زۆربەی خۆشەویستانم ناسیوە. خانوویەکی سێگۆشە، نیوەی دیوارەکەی بە چیمەنتۆی سپی سواغ کرابوو، نیوەکەی تری هەر کەرپووچ بوو. لە هەولێر خانووی لەو شێوەیەم نەدیوە. ئەو تایبەتمەندییەم زۆر لا جوان بوو. هەندێ جار زستانان کە لافاو هەڵدەستا، ئاو بە کۆڵانەکانی ئەو گەڕەکەدا بڵاو دەبووەوە، لە سێ لاوە ئاو گەمارۆی خانووەکەی دەداو وەکو کەشتییەک هەر

بابا بوو سەوڵمان لێ دەداو ئاومان بەمەنجەڵ و پەقرەج لە حەوشە فڕێ دەدایە کۆڵان. فەردەی خۆڵمان لەبەردەمی دەرگا فستقییەکەی کەڵەکە دەکردو زارکی نۆینمان دەگرت، وانەبووا ئاو حەوشەو ژوورەکانی پڕدەکردەوە. ئەو شەوانە کەشتی نووح سەر ئاو دەکەوت و ئێمە نیشتەجێی نا ئارامی ناوی بووین.

نازانم لەبەرچی ئەو جۆرە لافاوە زیاتر شەوان دەهات و هەڕەشەی لە دیوارە قوڕەکانمان دەکرد. یەکێک لە داواکارییەکانی خەڵکی ئەو گەڕەکە بریتی بوو لە دروستکردنی بەربەستێک لەسەرووی ئامادەیی کوردستانی ئێستا بۆ ئەوەی ئەو هەموو ئاوە لەوێ پەنگ بخواو هەڕەشە لە گەڕەکەکانی ئێمە نەکات.

خەڵکی گەڕەک زۆربەی زۆریان کاسب بوون، ئەو جۆرە داواکارییانە بەو جۆرە خەڵکانە جێبەجێ نەدەکرا . بۆیە چەند جارێک لافاو پەرێشانی دەکردین. ئێستاش دیمەنی ئەم شەوانەم لەیادە کە خزمەکان دەهاتن بەفریامانەوەو هەریەکە شتێکی ماڵەکەی ڕزگار دەکردین. مەلا ئیسماعیل عومەر کە پلکزای باوکمە دەیوت، جارێکیان تۆم بە لانکەوە بەشانی خۆم داداو فریای ئەوە نەکەوتم قوونداغ و دەسرازەت بکەینەوە. دەیوت حیکایەتی ئێوە و لافاو کۆنە!

ئەو گەڕەکە شایانی ئەوەیە ببێتە ئیلهامی شاکاری لە شێوەی پۆلیسی جیمس جۆیس، جێگاو کەسەکانی هیچی ئەوتۆیان لە دبلن و لە بلوم کەمتر نییە.

لە نێوان شەستەکان و تا کۆتایی حەفتاکان ئەو شوێنە مەیدانی کۆمەڵێک ڕووداوی گرنگ و سەرسوڕهێنەر بووە. پڕبووە لە کەسی جیاوازی ئەوتۆ کە بۆ دۆزینەوە و هەڵدانەوەی ناخیان بیرتیژی فرۆید و بۆ نووسینەوەیان پشووی دیستۆیفسکی دەوێ.



باوکم هەموو جارێ دەیوت، ئەم خانووەم لە سەرەتای پەنجاکان دروست کردووە ئەوسا جێی ئامادەیی کوردستانی ئێستا شینایی باوکم بووە لەسەربانی ماڵەکەمانەوە چاوی لە شاگردەکانی بووە کاتێ ئاودانیان کردووە.

چەند سەد مەترێک لە نزیک خانووەکەی ئێمەوە چەند قەسرێکی گەورە هەبوو، یەکێکیان ماڵی ناسیحی فەندی بوو. کۆشکێکی سپی لەو کۆشکانەی کافکا لەسەر نهێنی و سیحر بنیاتی ناوە. ئەو چەند کۆشکە سیمای شارستانی گەڕەکەکەمان بوون. بێدەنگییەکی گەورە دەوریانی دابوو، ئەو نهێنی و دوورە پەرێزی و بێدەنگییە هەندێ خەسڵەتی شار بوو ئەو خانووانە پارێزگارییان دەکردو خانووە میللییە بچووکە هەمیشە دەرگا کراوەکانیش هەڕەشەیان لێی دەکرد.

قەسری سپی هەردەم دەرگای داخرابوو، ڕۆژێ چەند جارێک دەکرایەوە، بەڵام کەس نەیدەزانی نیشتەجێییەکانی کێن و چۆن هاتووچۆ دەکەن، یەکەم جار بوو دەرگەیەک ببینم بکرێتەوە و کەسی لێ نەیێتە دەرێ. بێدەنگی تەونی لە دەوری دەرگاو پەنجەرەکانی ئالاندبوو. لایەکی ئەو کۆشکە دڕکەڵان بوو، پڕبوو لە ترس و تارمایی. باریکە ڕێییەک لە نێوان دیواری قەسرو دڕکەڵاندا مابووەوە بەوێدا هاتووچۆمان دەکرد. لەسەر ڕێی نێوان بازاڕو ماڵەکەمان هەندێ دیمەنی ئەوتۆ نەدەکرا هەرجارەو بەجۆرێک لایان لێ نەکەمەوە. ئەو جۆرە دیمەن و جێگایانە هێندە لە مرۆ نزیک دەبنەوە تا دواتر بەیادەوەریدا دەچەسپێن و سڕینەوەیان دەبێتە مەحاڵ.

یەکێک لەو دیمەن و شوێنانە گەڕەکی بەلووعە بوو. ئەو گەڕەکە قەرەباڵغ و پڕ جموجۆڵە، زۆربەی زۆری دەرگاکانی کراوەبوون و پەردەیەک لە دیوی ژوورەوە حەوشەی لە هاتووچۆکەران دەشاردەوە. نایشارمەوە من بۆ ئەو لەتە دیمەنە نیوە ناچڵە خێرا تێپەڕ بووانە حەزم لەو گەڕەکە بوو. لەوێ بازاڕ نزیکتریش بوو، هاوینانیش دیوارەکان کۆڵانیان بەسێبەری خۆیان

دادەپۆشی و هەستمان بەگەرما نەدەکرد. کاتی خۆی بەلوعەیەک لەو گەڕەکە دانراوە بۆ ئاوی خواردنەوە ماڵەکان لەو سەرچاوەوە ئاویان بەتەنەکە گواستۆتەوە بۆ ماڵەکانیان.

ئەو نێوانە بۆشایی و ساکە گۆڕ نەبوو، ژمارەیەک وێستگە بوون بۆ گەشتی پڕ ئەفسوون بەناو خەیاڵ و تەمەندا.

هەر لە منداڵییەوە دەمارێکی دینداریم تێدا دەجوولا، بۆیە زوو هەستم بە گوناح دەکرد بچووکترین دیمەنی ناجۆر دڵی دادەخورپاندم. باوکم لەو تەمەنە لەبەر خوێندنی قورئانی دانام بۆ ئەوەی خوێندەوارییەکەم بەهێز بێ. خۆشم قوتابییەکی پاک و خاوێن و زیرەک بووم، بەڵام زۆر شەرمن و بێدەنگ. سەرەتا لای مەلایەک دەمخوێند لە مزگەوتی «ئاڵتی بەرماغ» پاشان چوومە لای مەلا شەریف لە مزگەوتی شێخ مستەفا ئەبو بەکر نەقشبەندی. لەوێ دوو شتی زۆر گرنگ فێر بووم:

یەکیان بریتی بوو لەوەی بێدەنگی قۆناغێکە لە خواپەرستی باڵا، لەقۆناغەکانی ترو بۆ خودی مرۆڤیش دەبێتە مایەی ڕێزێکی بێ پایان. ئەوی تر ئەو دژایەتی و تەباییەی نێوان لەش و رۆح بوو. هەرچەندی ڕۆح گەورەو زەبەللاح بێ لەش بچووک و زیاتر دەچێتە ناو خۆیەوە تا ئەو ئەندازەیەی لەش دەبێتە دیمەنی دەرختنی ڕۆح.

من شێخ مستەفام هەر لە دوورەوە دەبینی، کە وەکو باوەشە تیشکێک دەهات و لە سێبەری دارەکانی حەوشەی مزگەوت دادەنیشت. جارێکیان تەوقەم لەگەڵیدا کرد، هەستم کرد دەستی لە شتێکە لە جۆری پەمۆ، ئێسکی تێدا نییە! ئەو جۆرە دەستانە بۆ کار دروست نەکراون بەڵکو بۆ دڵنیاکردنەوە و ئارامی بەخشین. ئەو ئارامییەم لە کاتێکی درەنگتردا لە دەستی یەکەم خۆشەویستدا دیتەوە بەڵام بەجۆرە سۆزو بەریەک کەوتنێکی جیاواز.



لە منداڵییەوە هێزێکی ئیرۆتیکی تەماشای دەشکاندمەوە بەرەو پشت پەردەی شتەکان، بەرەو پشت کراس، ئەو دیوی دیوار ئەو دیوی دەرگا، ئەو دیوی پەنجەرە، ئەو دیوی ڕووگە. ئایین یەکەم بەربەست بوو لەبەر دەمدا، دەبوو بپەڕمەوەو ئەو تخووبە تەسکانە ببڕم، ڕێگایەکی والاتر بدۆزمەوە بۆ دەرخستنی ئەو هێزە. سەرەتا بە ڕەنگ دەستم پێکرد. یەکەم کەرەستەم کلاّفە ڕەنگدارەکان بوو کە چوارچێوەم پێ دروست دەکرد، بەڵام لەبەرئەوەی ئەو جۆرە خۆ خەریککردنە دەبوونە پیشەو منیش خۆم ڕقم لە پیشە بوو، بۆیە هەر زوو وازم لێی هێنا. پیشە سەرچاوەی خوڵقاندن نییە، بەڵکو هی دروستکردنە و بکوژی ئەفراندنە. لە قۆناغی سەرەتاییدا دەستم بە نیگارکێشان کرد، ئەگەر باب و دایکم کەرەستەیان بۆ کڕیبام هەرگیز وازم لە ڕەسم نەدەهێناو بەئاسانی نەدەچوومە سەر شیعر نووسین. باوک و دایکی نەخوێندەوار پێیان وایە ئەو جۆرە کارانە ئەنجامیان پووچە بۆیە منداڵەکانیان بۆ کاری بە سوود هان دەدەن. بەوازهێنانم لە نیگار کێشان یەکەم دەرگای دەرکەوتنم لەبەردەم داخرا. نووسین توانی دڵنەواییم بداتەوە و بەناچاری جێگای تابلۆ پڕ بکاتەوە. لە ڕەنگەوە بۆ پیت و وشە گەشتێکی سەیرو پڕ لە موغامەرەیە، ئەگەر چی ئەو دووە زۆر لەیەک نزیکیشن.

ئەو قۆناغەی خولیای ڕەنگ بووم زۆر جاران سەرنجی تێرو دوورو درێژم لە کلاّوە ڕەنگاو ڕەنگە سیمدارەکان دەدا، کە ژنەکان لە نزیک دەرگای مزگەوتی گەورە لە ناو بازێڕ دەیانفرۆشت. خەیاڵم بۆ دەست و پەنجەی ئەو کچ و ژنانە دەفڕی کە شەوەهای شەو بەدیار سیم و زەنگیانە دەمانەوە، دەمتوانی دیمەنەکانیان بێنمە بەرچاوی خۆم، جۆری دانیشتنیان و جووڵەی دەست و پەنجەیان. خودایە ئەو سەری پەنجە ناسکانە چ سیحرێکیان تێ دەکەوێ کە دەبریسکێنەوە لە ناو پوولەکەو زەنگیانەی ڕەنگدار. لەوێوە دەمدیت کچە پارچەلەکان چۆن شان دەدەنە بەر باری قورسی ژیانی خێزان و

بێوەژنەکان چۆن چاویان بەئاویماندوو بوون دەڕێژن بۆ پەیداکردنی نانێکی گەرم بۆ خۆیان و منداڵەکانیان.

پیشە نان دروست دەکات بەڵام خولْقاندن نان لەبیر دەباتەوە.

بەرامبەر مزگەوتی شێخ مستەفا گۆڕی چاکێکی لێ بوو. پێیان دەوت، «پەنجە عەلی» گۆڕەکەی ساڵانە چەند بستێک دەکشایەوە بۆ ئەوەی بەرهەڵدڕانی زەوی ئەو کەندە نەکەوێ کە کەوتبووە پشتیەوە. لە منداڵییەوە دیمەنی ئەو گۆڕەم لەگەڵ دیمەنی ئەو ئاڵا ڕەشانە لێ تێکەڵ دەبوو کە ماڵەکانی لای «قرية ضباط» لە عاشورادا هەڵیان دەکرد. پێ دەچێ ناوی «عەلی» ئەو پەیوەندییەی لە نەستمدا دروستم کردبێ. ئەگەر بەو ڕێیەدا بچوومایە بازاڕ دیمەنی ئەو چاکەو پاشان دیمەنی ماڵی ژنە لاڵەکەی دایکی غازی و ئوتێلی سندباد سەرنجیان زۆرتر ڕادەکێشام. غازی کوڕێکی گەنج بوو لەگەڵ ئەبوو سەباح پڕو پاگەندەیان بۆ فیلمەکان دەکرد، ئەو پارچە تەختەیەکی گەورەی دەخستە سەر شانی و دوای ئەبو دەڕۆیشت، ئەو پارچە تەختەیە وێنەی ئەو فیلمانەی پێدا هەڵدەواسرا کە لە سینەماکاندا نیشان دەدران. ئەبو سەباح لە پێشەوەو بەدەنگی بەرز جاڕی بۆ ناوەڕۆکی ئەو فیلمانە دەداو بەناو شەقامەکاندا دەسووڕانەوە. تەختەدارەکەی سەر شانی غازی ١× ٢ م بوو. فیلمەکانی ئەو سەردەمە بریتی بوون لە پاڵەوانیەتی هەرقەل و ماشستی و لیکس پارکەرو دە موساریعە ئازاکەو چی و چی... ئەوسا دوو سینەمای داخراو لە هەولێر هەبوون، جگە لە سینەمای هاوینە. یەکیان حەمراو ئەوی تریان سینەما سەلاحەدین بوو. لەساڵانی دواتر سینەمای هاوینی سیروان کرایەوە سینەمایەکی داخراو لەگەڵ دروستکردنی ئەو سینەمایەدا فیلمی هیندی ڕەواجی پەیدا کرد. هەندێ سینەمای هاوینەی تریش هەبوون، یەکیان لە جێی پەروەردەی ئێستاو ئەوی تریان لە جێی دائیرەی پۆستەی ئێستا بوو.



لەبەرئەوەی ئەو ناوە چۆڵ بوو زۆر جار منداڵان لەڕۆخی قەڵاوە تەماشای ئەو سینەمایەی دواییان دەکرد بەڵام هەموو فیلمەکەیان لێ دیار نەبوو، تەنیا نیوەی لای سەرەوەی شاشەیان لێ دیار بوو.

سینەما ئەوکات سێ ڕیز بوو ٤٠ بایی و ٦٠ بایی و ٧٠ بایی. ئەو جیاکردنەوە بەجۆری کورسییەکان دەکرا. ڕیزەکان بەو شێوەیە بوون: کورسی تەختە، فۆرمیکا، ڕیزی دواییش کە لە قاتی سەرەوە بوو کورسییەکانی ئیسفەنج بوو. لۆجیش بۆ خێزان بوو، جارجار خێزانەکان بۆ دیتنی فیلمەکانی فەرید ئەترەش و عەبدولحەلیم حافز حجزیان دەکرد.

منداڵان هەمیشە بەشیان لە ڕیزی پێشەوە بوو، لەسەر ئەو تەختە ڕەقە قوونیان سڕ دەبوو تا فیلم تەواو دەبوو.

سینەما کاریگەرییەکی زۆری کردە سەر کۆمەڵگا، ئەو جۆرە کرانەوانە گۆڕانی ئیجابی دروست دەکەن. لەو سەرو بەندە بوو زێوەر نووسیوویەتی:

داخی حەسرەت نەخشی بەست ئەم ساڵ لە تەختی سینەما
بۆ ئەوانەی ڕائەکەن سەربەست ئەچن بۆ سینەما
کوڕ لە باوک کچ لە دایک شەرمیان لا خستووە
سینەما کارێکی وای کرد هیچ مناڵ ترسی نەما

***

زەیتوون جگەلەوەی دارێکی کەسکە دارێکی پیرۆزیشە، شوورەی ماڵی عەلی ئاغا ئەو دارەی لێ چاندرابوو. بەیانییان بەبن ئەو دار زەیتوونانەوە دەچوومە مەکتەبی خالدیە. ئەو دارە نەدەخورا بۆیە منداڵان دەستیان بۆی درێژ نەدەکرد. من هەرگیز دەستم بۆ بەری درەختی ماڵان نەبردووە، بەڵام منداڵەکانی برادەرم ئەوانەی ئەو کارانەیان کردبوو، دەیانوت، نیوەڕۆیان بەدیواری ماڵی ئەو ئەفەندییانە هەڵدەگەڕێین کە چەند بنە پرتەقاڵ و نارنج و ترنجیان لە باخچەکانیاندا چاندووەو دەیانوت، تامی ئەو میوانە ترش و

خۆشن بەهەفتە لە زاردا دەمێنێ. ئەو کات خەڵکی هێندە میوەیان نەدەخوارد، کا خەڵکی پارەی میوەی هەبوو؟ چما تێر بەسک نان دەخورا هەتا ئەو نیعمەتانەی تری بخرێتە ناو؟

ئەو هەموو زەیتوونەی بە لکی دارەکانەوە شۆڕ دەبوونەوە، ئێجگار جوان بوو، لە هەولێر مێو و هەنجیر و زەیتوون و هەنار بە پلەی یەکەم دێن و لە ناو ئەو دارانەی لە حەوشە و باخچەی ماڵاندا دەڕوێندرێن. ئەو زەیتوونە خڕانە وردە وردە ڕەش دەبوون، خاڵەکانیان بەدیار دەکەوتن، جارجارە دانەیەکیان یا زیاتریان بەردەبوونەوە لاڕێ و هەڵم دەگرتنەوە، لە ناو لەپی خۆمدا هێندە هەڵگێڕو وەرگێڕم دەکردن دەبریسکانەوە. یا هەڵمان دەداو لەگەڵ برادەرەکانم دەکەوتینە دوای کێ هەڵی بگرتبایەوە ئەو هەڵی دەدا، لە مەکتەب نزیک دەبووینەوە، ئیتر ئەو قلە زەیتوونە لەدەست کێ بایە ئەو فڕێی دەدا ناو شوورەی گۆڕستانی شێخ ئۆمەر کە کەوتبووە بەرامبەر قوتابخانەکەمان. ئەو دارە مرۆی لە ترسناکترین ساتەکانی ژیانی ڕزگارکردووە لەسەردەمی تۆفاندا بۆیە هەست دەکەم نزیکترین دارە لە بەشەر.

سدیقە فەندی بەیانییان لە ناو باخچەی قوتابخانە ڕادەوەستا و تەماشای قوتابییانی دەکرد کە دێنە ژوورەوە، لەبەر ئەوەی شوورەی خالدیە بە شیش دروست کرابوو، هەر لە دوورەوە دەیبینی کێ ئاژاوە دەگێڕێ و کێ بەهێمنی دێتە مەکتەب. ئەوکات بەڕێوەبەرو مامۆستا هەر لە چوار چێوەی قوتابخانەدا سامیان نەبوو، لەکۆڵانیشدا چاویان وەکو ڕەقیبێکی نادیار بەدوامانەوە بوو.

گۆڕستانی شێخ ئۆمەر چەند سەد گۆڕێکی تێدابوو، داپیرم هێندە ناویانی هێنابوو من بەشێک لە گۆڕەکانم دەناسییەوە، دەمزانی هی کێیە و ڕۆژانی عارفەو جەژن کێ و کێ دێنە سەریان. ئەو گۆڕستانە هێندەی



قوتابخانە وانەی فێرکردووم لە ژیانمدا. شێتێک فێرببوو لە ناو مەزاری شێخ ئۆمەر دەنووست ناوی (تەها) بوو، ببووە برادەرمان و ئێمەی دەناسییەوە، ئەگەرچی متمانەشی پێ نەدەکرا، جارجارە کە تووڕە دەبوو دەستی دەوەشاند. لەگەڵ دایکم و داپیرم چەند جارێک چووبوومە سەر ئەو مەرقەدە، بەڵام هەستم بەهیچ نەدەکرد. هێندە حەزم لە دیتنی گۆڕەکانی دەرەوە بوو حەزم لەو مەزارە نەبوو، هەستم دەکرد ئەوانی دەرێ مرۆن و توانای قسەکردنیان هەیە، کەچی ئەوەی ناو گومبەت وانییە، پیاوێکی مچومۆڕ و کەمدووە، نازانم بۆ وام بەخەیاڵدا دەهات.

هەر لە منداڵییەوە ڕقم لە قەفەسی سەر گۆڕو شوورەی بڵندو شتی لەو جۆرەی دەوری قەبر بوو، مرۆ دەبێ بەهەمان ئەو سادەییە بگەڕێتەوە لای خاک کە لێیەوە هاتووە، باقی شتەکان بارێکی گرانە بەسەر شانی مردووەوە و بەزەحمەت هەڵدەگیرێن. ئەو هەموو ئاسن و بارستایی چیمەنتۆ و چی چییە مرۆ لە ژیاندا کەیفی پێیان دێ، مردوو ڕقی لێیانە، بەڵام چونکە زیندووەکان زمانی مردوو تێ ناگەن، بۆیە لێیان حاڵی نابن و ئەو بارە قورسەیان لەشان ناکەنەوە! خاک سادەو ساکارە و هەر بەو سادەییەوە دەتوانێ مەعناو مەغزای مردنمان پێ بڵێ، کە ئەو هەموو شتە کەوتە بەینەوە ئاڵۆز دەبێ و پەیامەکانی ناگەن. باوکم زۆر وانەی گرنگی فێرکردووم، یەکێک لەوانە، جۆری پەیوەندی نێوان مردوو و خوای خۆیەتی. ئەو دەیوت، پێویست بەکەسی سێیەم نییە، ئەو پەیوەندییە ڕاستەوخۆ و بێ گرێیە و کەس ناتوانێ بکەوێتە نێوانەوە. ئەو قسانە وەکو چەند دڵۆپە ئاوێک بەر کەللە بکەون چۆن دەنگ دەدەنەوە، ئەوها ئەو قسەیە دەنگ و سەدای لەناخمدا گەورەبوو، هەر ئەوەش بوو وای کردبوو حەزم لە چوونە سەر مەزارو ئەم جۆرە شوێنانە نەبێ و لە قۆناغەکانی دواتری ژیانیشمدا فێری ئەوە نەبم ببمە پاشکۆی کەس و دوای کەس نەکەوم، هەرچەندی ئەو کەسە گەورە و ناوداریش بێ، هەرهێندە ڕێزم

گرتوون و خۆشم ویستوون کە مرۆن و قابیلی ڕاست و هەڵەن.

باوکم هەر لەو قەناعەتەوە بوو کە تا ئێستاش وێنەی هیچ کەسێکی لەماڵ هەڵنەواسیوە، جارێکیان هەندێ پارچە فەخفووری کڕیبوو کە وێنەی زەعیمیان لەسەر نەخشێنرابوو، دەیوت زۆر جوانن، حەیف ئەو وێنانە شتێکی تر بووان هەرچەندە ئەو عەبدولکەریم قاسمی زۆریش خۆشدەویست.

ماڵەکەمان تەنیا وێنەیەکی نەریمان- ی خێزانی مەلیک فارووقی تێدابوو، نازانم حیکایەتی ئەو وێنەیە چی بوو، هەرچەندە باوکم لەو جۆرە پیاوانە نەبوو کە هەوەسی بە شتی وا بێ، چەند جارێکیش پێم وت، وەڵامێکی ئەوتۆی لا نەبوو، تا ماوەیەکی زۆر ئەو وێنەیە هەر مابوو، تا پاشایەتی لە بیر خەڵکی چووەوە و نەریمانیش لە ماڵی ئێمەدا ئێوارەی بزر بوو.

یەکەم ڕۆژ کە چوومە قوتابخانە، پۆلی یەکەم زۆر قەرەباڵغ بوو، شوێنم نەبوو، لە لێواری پەنجەرە دانیشتم، کۆتایی دەرس مامۆستا شێخ کەمال بانگی کردم و لە ڕیزی پێشەوەی دانام. کەدواتر لەبەر زیرەکی و پاک و خاوێنی ببوومە شاسواری پۆل و دوو ئارمی گەورەیان بەسنگ و بەرۆکم وەکردبوو، هەستم کرد هەندێ لە قوتابیان پێیان ناخۆش بوو، کەوتنە ڕقەبەرایەتی لەگەڵما، هەندێ لەوانە جارجارە گەلەکۆمەکییان دەکرد لەدژم بەڵام ئەنجام بوونەوە برادەرم و بەهێمنی خۆم توانیم ڕق و کینەی کاتی ئەوان هەڵمژم.

لە ناو مامۆستاکاندا هەندێکیان هەر تەنیا مامۆستای وانەی قوتابخانە نەبوون بەڵکو ڕابەرو ڕێنیشاندەری ژیانیش بوون لەوانە مامۆستا کەریم و حنا و تۆماو فوئاد قەرەداغی، کە ئەوسا گەنجێکی قژ ڕەش بوو، لە سلێمانییەوە هاتبوو، لە هەڵسوکەوتی لەگەڵماندا لە زۆر مامۆستای تر



نەدەچوو، ببووە هاوڕێمان دواتر کە ناسیم ئەو بیرو باوەڕەی هەڵی گرتبوو، ببووە هاندەری بۆ ئەوەی ببێتە مامۆستای نموونەیی و خۆشەویستی قوتابیان بەتایبەتیش کە وانەی وەرزشی پێ دەوتین، ئەو وانەیە لە وانە خۆشەکان بوو.

دەوروبەر حاڵەتێکی وەستاو جێگیر نییە، ئەو لەگەڵ مندا گەورە دەبێ و بێ من بوونی مەحاڵە. وەکی کو تابلۆ بێ ڕەنگ و ئەندێشە بوونی نەبوونە، من لە خانوویەکی سێگۆشەی دەم شەپۆلی لافاوەوە نەخشم کەوتۆتە سەر بوون، لە نووسیندا دەمەوێ ئەوەی سروشت بەو ماڵەی دەکرد من بە گەردوونی بکەمەوە. ئەوە قەرز نییە دەیدەمەوەو تۆڵەسەندنەوەش نییە، تۆڵە لە کێ دەکەمەوە و لە چی؟ چما ئەوەی هەیە بۆ تۆڵە سەندنەوە دروست بووە یا بۆ خۆشەویستی؟ من بەو شێوەیە مەبەستمە ئەندێشەی گەردوون بورووژێنم تا یەک چرکە چییە نەوەستێ و وەکو ئاو هەمیشە تێکەڵی سەوزایی ڕۆخەکانم بێ، وا نەبێ شاعیر دەکەوێتە لێواری بیابانی وشکبوون و خامۆش دەبێتەوە چرای سووتانە ئەبەدییەکانی. ئەو جۆرە پەیوەندییە لە چەشنی ئەڵقە بەرز دەبێتەوە سەرێ و هەرچەند پتر هەڵکشێ ڕووبەری فراوانتر دەبێ و لە سەنتەریش زیاتر دەترازێ. ئەو دوورکەوتنەوەیە خۆ ڕاپسکاندنە لە پیرۆزیی خەیاڵڕفێنە بەدیوی ئەو دیوی شتەکاندا و دەست بردنە بۆ کانگای عەدەم کە پڕە لە گەوهەری ئەوتۆ هاوتای نییە لەوسەرو ئەمسەری دنیادا. جا بۆ ئەویش بەشێکی گەورە نییە لەو دنیایە، مادامەکی هەرکاتێ بمەوێ دەستیان بۆ درێژ بکەم و ئەندێشەیان پێ تیژ بکەمەوە.

لە خوێندنەوەی ژیانی گەورەی عاشقان و گەورە داهێنەراندا ئێجگار کەڵکم لەو جۆرە نهێنییانە وەرگرتووە کە بوونەتە مایەی ناساندنیان، لەوانە مەم و سیامەند و نالی و مەولەوی و حاجی قادر، هەر یەکەیان بە

تەرزێک و بە گوڕو تینێک و ئەو هێزە وەنەوشەییە نەبووا حاجییەکی بێکەس چۆن دەبووە ئەو پیاوە ناودارەی گەورەو بچووک لە کۆیە پەنجەی بۆ درێژ بکەن و بەقیبلەی دەربڕینی خۆیانی بزانن. یا مەولەوییەک لەو ناوچە شاخاوییە چەپەک و دوورانە چۆن دەبووە مۆمی مەجلیسی شەوانی هەورامان لەماڵی گزیرو وەزیردا.. دەوجا بەو ڕێیە باریکە بڕۆ و سەرکەوە تا دەگەیتە تەوقی بەرزترین لووتکە لە ئەدەبدا.. ئەوانە بەهەوەنتە نەبوونەتە ڕێناس و ڕێبەرو قوتبی شیعری و کەس لە پڕێک نابێتە کوڕێک. کە من بۆ گەورەیی حاجی پەنام بۆ ناوداران برد بۆ ئەوەم نییە خوانەخواستە ئەمیان بەباڵای ئەو بپێوم، وابێ من باڵای شاعیرێک هەمیشە بڵندتر دەبینم لە باڵای هەرچی یەک و هەر کێیەک کە هەیە لە ڕووی زەویدا، ئەگەرچی مرۆ هەر مرۆیەو گەورەو بچووکی لە مرۆدا بەکارو کردەوەیەتی، بەڵام شاعیر بە پێوانەیەک دەپێورێ کە کەوتۆتە تخووبی نادیاری نێوان مرۆو خواوەندان.

شاعیر شاران بەدەرزی دەنەخشێنێ نەک بەدەوی شۆڤڵ، بۆیە ئەرکی ئەو ئێجگار هەستدارو قورسە، سەیرم بەوانە دێ کە شیعریان وەکو دەمی مقەست کردۆتەوە بۆ بڕینی قوماشی عەنبارە سۆتی بەریان.

ئەگەرچی ئێمە وەکو خوا پێداوان خاوەنی بەهرەی هەمەجۆر و فرەنین، کەرەستە و ئەزموونمان هێندە دەوڵەمەندو زۆرو زەوەند نییە لەبن نەیێ و هەزارو یەک فەرهەنگی جودای لێ ببێتەوە، ئەزموونێکی هەژارو بەهرەیەکی هەژارین، ئێ خۆ هەژاری عەیب نییە. تەسلیم بوون و دەستەوەستان عەیبە، ئەوەی هەیە کەمێکە و ئەو تۆزەش لەو قوڕە هەڵدەستێ.

هەولێر لەو جۆرە شارانەیە کە چەندی لێی دوور بکەویەوە قەدری زیاتر دەگری، گەورەتر دەبێ لەبەر چاو، شیرینتر دەبێ لەبەر دڵ، لە نزیکەوە



قەدری نازانی، نازانم لەبەرچی؟ بەڵام هەر شارەو تایبەتمەندی خۆی هەیە لە دەرکەوتن و ناسین و خۆشەویستیدا. ئەو شارە غەریب و نامۆیە، کەوتۆتە لێواری کارەساتە گەورەکان، هەرچی هاتووە بەردێکی ژێر پێی هەڵکۆڵیوەو بیری لەوە نەکردۆتەوە ڕەنگە ڕۆژێ ئەو شارە بڕووخێ، ئەوسا هەولێرییەکان ڕوو لە کوێ بکەن، ئەوان کە هێندە بێ فیزو بێ ئیدعان هەر ئەوەیان لەبەردەمدا دەمێنێ کە خۆیان لە خەرەندی ئەو ڕمانە باوێن بێ ئەوەی بزانن ژێری چ هەزار بەهەزارێکە. هێمنی ئەو خەڵکە بەو ئەندازەیەیە کە بەرد حەسوودیان پێ دەبا، ئەگەر ژیان بەتەواوی لە مستی ئەوان بوو کێشەی ناقۆڵا دروست نەدەبوو، کە دروستیش بوو زوو چارە دەکرا، ئەو لاڕێیە دەرچوونە لە ڕەوتی «بەفرە لۆک»، لاڕێیەکە ئەگەرچی کەمێک دوور دەکەوێتەوە بەڵام ئەنجام دەگەڕێتەوە سەر شارێ، لکە ئاوێکە بەدوای پووشێکدا دەچۆڕێ، بەناو بەست و کەندو کۆسپاندا دەڕوا، بەڵام ئەنجام لە ڕێژەیەکدا تێکەڵی ئاوی گەورە دەبێتەوە، ئەوە حیکمەتی ئاوی گەورەو ماڵی گەورەیەو فرزەندەی وێڵیش هەردەبێ بگەڕێتەوە.

هەولێر لە ناو بازنەی بۆشاییدا ناخولێتەوە، بەڵکو هەردەم لە پەیوەندی و گۆڕاندا بووە، ئەگەرچی گۆڕان بەزەحمەت ڕوودەدا تێیدا، وەکی داری گەورە و بەتەمەن بەزەحمەت خەلفە دەردەکا بەڵام کە دەری کرد قایم و توندو تۆڵ دەبێ. ئێ هەرواشە قەدی ئەستوور بەزەحمەت شەق دەکرێ.

گرفتەکانی شاری لەوجۆرە بێ ئەژمارن، لەپێش هەمووشیان گرفتیەتی لەگەڵ مێژووی لەمێژینەی خۆیدا. ئەگەرچی ئەو مێژووە بۆتە مایەی شانازی و پشت و پەنا لە هەندێ ماوەو قۆناغدا وەلێ ئەو جۆرە قسانە هەر سەرێک بڕ دەکەن و هەردەم داد نادەن و لەوەش زیاتر دەبنە بەربەست لەبەردەم گۆڕان و تازەبوونەوەدا، ئەگەر ڕەگی ئایینی ئەو شارەش بێنینە بەرچاوی خۆمان، ئەوە بەربەستەکە مەترسیدارو ناقۆڵا دەبێ. ئەو ڕابردووە

جۆره نامۆییەکی لای نەوه نوێخوازەکان دروست کردووه.

بەهۆی ئەوەی لەلایەک کەلتووری جیاواز بووه لە کەلتووری باوی نەتەوایەتی و لەهەمان کاتیشدا ئەوەی هەیەتی بەزمانێکی غەیره کوردی نووسراوه (عارەبی و ئارامی)، نموونەش زۆرن، لەوانە بەرهەمەکانی ئیبنوئادەم و ئیبنو خەلەکان و ئبنومستوفی و شیعرەکانی حاجزی و گۆرگیس وەردەو بەرهەمە مێژووییەکانی مەشیحا زەخا... تاد.

یەکەم دەستەی ڕۆشنبیرانی نوێخواز کە ویستیان گۆڕانێک بخولقێنن، ڕووبەڕووی دیواری زمان بوونەوه. زمانیش تەنیا کەرەستەیەکی ڕووت نییه، بەڵکو دوورگەیەکی عاسێیه ئەگەر مەلەوان نەبی ناتوانی بپەڕیتەوه ئاوی سامناکی دەوری. دەربازبوون لە ڕەگی کەلتووری عەرەبی و دەرچوون لە حوجرەو شیعر هێنان بەرەو کۆڵان و شەقام بەزمانێکی جودا کارێکی هێندە ئاسان نەبووه، بەتایبەتیش کە ئەو کەلتووره باوه دەوڵەمەند و بەرفراوان بووه لەسەر دەستی کۆمەڵە مەلاو زاناو ئەدیبێک.

ئەگەر ئەو کەلتوورەی لە هەولێر هەبووه هەر لەسەرەتاوه بەزمانی کوردی بنووسرابایە ئێستا زۆر گرفتی زمانمان چارە دەکرا لە بوارەکانی زانستی نەقلیدا.

پێش ئەوەی ملی ئەو ڕێیه بگرم، بیگێڕمەوه سەر شا ڕێگای بەفرەلۆک، بەپێویستی دەزانم لەسەر هەندێ ناوی لەبیر کراوی هەولێر بوەستم، حاجری ئەربیلی یەکێک بوو لە شاعیره ناودارەکانی سەردەمی موزەفەرەدین کۆکبری، برادەری ئیبنوخەلەکان بووه، شیعرەکانی بەشێکی غەزەل و ئەوی تر پیاهەڵدانی نێرو هەندێکیشی «چوارینه» بوون. بەشێکی زۆر کەمی شیعرەکانیم دیوه کە بەزمانی عارەبین.

حاجری ماوەیەک زیندانی کراوه لەلایەن سوڵتانەوه بەبیانووی ئەوەی گۆیە ئیدیعای بەدڕەوشتی کردووه، شیعرێکی لە کوڕێکی شەوانەی ماڵی



ئیبنومستەوفی خوێندۆتەوه کە ئەوسا وەکو ساڵەیەکی ڕووناکبیری بووەو ئەو شیعره موزەفەرەدین کە خۆشی کەیفی بە شیعر نەهاتووه حاجری لە قەڵا زیندان کردووه. لەتەمەنی پەنجا ساڵیدا شاعیر بەچەقۆ لەلایەن هەندێ ناحەزەوه کوژراوه. جگە لە حاجزی شاعیرێکی تریش هەبووه لە هەولێر بەناوی «شەیتانی شام» شەمسەدین کوڕی یوسف. سەرەتا بە شیعری پووچ و گاڵتەجاڕی دەستی پێ کردووه. وەکو شاعیرێکی نامۆ هاوڕێیەتی شێت و سالووکانی کردووه و شیعری لە ناو خەڵکیدا خوێندۆتەوه. پاشان شاران گەڕاوەو بۆتە برادەری پاشاو میران. شیعری بۆ مەی و ژن نووسیوه. هەندێک لەشیعرەکانی غەزەلی ڕووتن. هەڵسوکەوتی شەمسەدین جێگەی سەرنجی خەڵک بووه، قژی تا سەر شانی بەرداوەتەوەو شمشێری لە قەدی بەستووه. لە مووسڵ مردووەو هەر لەوێش نێژراوه.

لە ناو مەسیحییەکانی هەولێریشدا شاعیرێکی بەناوو دیار هەبووه ناوی گۆریس وەردە، دیوانێکی دەربارەی ئابڵوقەدانی هەولێر لەلایەن مەغۆلەکانەوه هەیە کە باسی ژیانی خەڵکییە لەو ماوەیەدا، شیعرەکانی بە ئارامی نوسراون. قەدەری ئەو شاره ئەوەیە کە بەشی زۆری ڕۆشنبیری کۆنی بە عارەبی و ئارامی نووسراونەتەوه. یەکەم هەنگاو بۆ نووسین بە کوردی بووە مایەی دوور کەوتنەوه لەو کەلتووره دەوڵەمەندەی ڕابردوو. ئەگەر چی ئەوانەی ناوم هێنان بەرهەمەکانیان ناچنە خانەی ئەدەبی کوردییەوه بەڵام کەلتووری ئەو شارەن و هەق نییە بەو شێوەیە پشت گوێ بخرابان.

جیمس جۆیس لە بەراوردی نێوان دبلن و پاریسدا هەست دەکات دبلن شوێنی گۆڕستانەکان و جێگای هەستکردنە بە نائومێدی، بە پێچەوانەی پاریس، کەچی زۆربەی بەرهەمەکانی باسی دبلنن ئەو کاتەی لە پاریس دەژیا. ئەدەبێک نییە هی شارێک بێ بەڵام شار دەبێتە ئیلهام و تایبەتمەندی دروست دەکا، بۆیە لە باسکردنی ئەو جۆره بابەتانە دەبێ قسە

ببەینەوە ناو ڕووباری شیعری کوردی کە واش بوو ئەو ناوانەی لەسەرەوە هێناومن جێگایان لە شیعری کوردیدا هەر هێندە دەبێتەوە کە ئەزموونی شیعریین و دەکرێ سوودیان لێ وەربگیرێ، یا لە دۆزینەوەی هەندێ تایبەتمەندی شارەکەدا بەکاربهێنرێن. من پێم وایە کە ئەو فرە کەلتوورەو فرە زمان و مۆزائیکە تێکەڵاوە لایەنێکی بەهێزە لە بناغەو بوونی هەر شارێکدا، وەکی چۆن مرۆی دوو ڕەگ زۆر جاران جیاوازە لە مرۆی پاکی یەک ڕەگ و ئاستی زیرەکی و چی و چیشی جیاوازە.

زۆر جاران لەبەرخۆمەوە خەیاڵ دەمباتەوە ئەو ڕۆژانەی کە قەڵای تێدا دروست کراوە، ئایا ئەویش بە هێزو بازووی دیلەکانی جەنگ بڵند بۆتەوە، ئەو شوێنەوارەش تۆماری ئەوانە لە مێژوودا. دیلەکانی جەنگ نەبان زۆر شوێنی دیارو جوانی ئەم گەردوونە نەدەبوون.

لە مۆسکۆ بینا بڵند و گەورە و جوانەکان ئەوانە بوون کە ئەوان دروستیان کردبوو، جا چ بکەم کە کەسێکی وەکو ستالین ئەمری پێیان دابێ. ئەو مەسەلەیە لای من مایەی مشتومڕە. جگە لە نووسین ئەوی تر کارە مەزن و بێ هاوتاکان هی کەسێک نییە، هەندێ جار هی زیاتر لە نەوەیەکیشە. بەهەمان شێوە تێکدان و خاپووربوون، هەر تەنیا کەسێک یا چەند کەسێک نایکەن، زۆرن ئەوانەی بەشداری دەکەن لە جێبەجێ کردنیدا.

قەڵا شارێکی ئاوەدانکراوە بوو کە لە سەردەمی سۆمەرییەکان لەسەر شوێنەواری گردێکی پێشووتر دروست کراوە، دواتر لە سەردەمی ئاشوورییەکان جارێکی تر دروستیان کردۆتەوە .. تاد. ئەوانە هەموو هێمای ئەوە دەبەخشن کە ئەو شوێنەوارە بەر لەو سەردەمانە هەبووە و هەرجارەو بەجۆر و شێوەیەک دروست کراوەتەوە. کەچی لە پەنجا ساڵی ڕابردوودا نەوە دوای نەوە دەیڕووخێنێ و نازانم کەی نەوەی بازوو بەهێز



پەیدا دەبن و لەگەڵ ئەرزدا ڕاستی دەکەن و ئەو مەئسەرەیە دەسڕنەوە! سەد حەیف. دیلەکانی جەنگ بنیاتیان نا و ئەوانەی تێدا نیشتەجێ بوون و پارێزران لە شەڕی ئەم و ئەو، ئەوان ڕووخاندیان.

کاتی خۆی چەند ئەڵقەیەکم بەناوی هەولێریات لە ڕۆژنامەی «کوردستانی نوێ» دا بڵاوکردەوە. ئەوکات لە سلێمانی بووم و نەمدەتوانی سەردانی شاری خۆم بکەم و لە دوورەوە بەو نامە کورتانە شوێنە دوورە نزیکەکانی منداڵیم بەسەر دەکردەوە. هەندەی پێ نەچوو لە ژێر پاڵەپەستۆی جودا پێیان ڕاگرتم. دیارە مەبەستی من بێگەردو لێکدانەوەی ئەوسای هەندێ لە برادەران جۆرێکی تر بوو، مەبەستی من شارچییەتی نەبوو هیچ کاتێک خۆم لە سنووری شارێک گیرنەکردووەو ئامادەش نیم بەو جۆرە بیربکەمەوە. ماوەیەکی تر ئەگەر بێمە سەر هەڵدانەوەی دەفتەری بیرەوەرییەکان سلێمانیش دەچێتە پاڵ هەولێر و هێندەی یادەوەری تاڵ و شیرینم لەوێشدا هەیە ناکرێ و نادروستە خۆمیان لێ نەناس بکەم. پاشان من قەناعەتم وایە لاسکە گیایەک ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان سەرت پێ کردو ئارامی پێ بەخشی دەبێ هەتا عومرت مایە مەمنوونی بی، درەختێک ئەگەر لە نیوەڕۆیەکدا سێبەری خۆی بۆت ڕاخست هەتا ماوی دەبێ دوعای کەسک وونی بۆ بکەی، جا ئەگەر شارێک ئەو هەموو نازو نیعمەتەی خۆی خستە بەر دەست و فەرمووی لێ کردی، لێی تێر بی، لێی هەڵبژێری، دەبێ چ جۆرە پایەو پلەیەکی بڵندی بۆ بخوازی لە دڵەوە. بەهەر حاڵ زۆر جار خراپ لەیەکتر حاڵی بوون یا بەد حاڵیبوون موسیبەتی گەورەی نێوان مرۆڤەکانەو دەبێ هەوڵی سڕینەوەی لەلایەن مرۆڤ خۆیەوە بدرێ.

لە سەروبەندی بڵاوکردنەوەی دوا ئەڵقەی «هەولێریات» دا برادەرێکی منداڵیم بۆی نووسیبوم «ئەمن وام دەزانی هەولێرچیاتی قەدەغەیە لێرە، بەس باش بوو ئەتوو خۆت دەستت پێکرد، تکایە دوای ئوتێل سندباد

هەندەک سەرکەوە لۆ قەراتێ و پاشان بسوورێوە کن قاوەخانەی عەبۆی جاران و هەندەک باسی مام خدرو برایمان بۆ بکە کە لایەکی چایخانەکەیان بەدەنگە دەنگی خۆیان لە کاتی یاری دامەدا مەشغول دەکرد» .. بیخۆ ! ها ئەوەش .. دەک عافیەتت بی ! ئەوە من ئاغا!! ئەو هەموو بەردەی کە دەخوا گوایە دەست و پێوەندبوون، عەوامی خەڵک بوون ببوونە بەردو دەخوران بۆ ئەوەی بەردێک لەو بەردانە ببێتە ئاغا، ئاغایەک لە بەرد! بە واتەیەکی تر ئاغا بریتییە لە چەند مسکینێکی بە زۆر خوراو یا بە خواردن دراو. جا چییە ئەو خەڵکە ڕەش و ڕووتە هەمیشە سووتەمەنی نەبوون بۆ جۆشدانی ئاگردانی خەڵکی تر؟! ئەوان هەمیشە نەبوونە پەیژە بۆ سەرکەوتنی خەڵکی تر.. زۆر دەبنە قوربانی و کەم پێی بڵند دەبن!!

دانە مۆرکی کۆمەڵگەیەکی دەرەبەگی پێوە دیارە، فیێڵ و نا هەقییە لە بەرانبەر بەرد، ئەو شتەی کەرەستەیەکی بێ لایەن و خاوەو خەیاڵ و ئاوەزی مرۆ دەیکاتە مسکێن و ئاغا! واش دێتە بەرچاوم کە دامە یاری جوتیارە بێ کارەکان بووە، ئەوانەی زۆربەی کاتیان لەبن دیواری مزگەوت و بەرسێبەری ماڵی ئاغای بەسەر دەبرد. لەوێوە هاتووەو بۆتە یارییەکی میللی.

نەمدیوە شارستانێک ڕۆژەک لە ڕۆژان دامەی کردبێ. من خۆم زۆرم ڕق لەو یارییە بوو، جا ئەو ڕقە لەوە سەرچاوەی گرتووە کە منداڵی شار بووم و فرچکم بەیاری لادێ نەگرتووە، یا لەبەر پرۆسەی بە ئاغا بوون کەیفم بەو یارییە نەهاتووە، یا ئەوەش کاریگەری کەسایەتی باوکمە بەسەرمەوە، کە کەیفی بە پیاوی بن دیواران و دانیشتنی چایخانە نەهاتووە .. ڕەنگە ئەوانە هەموویان هۆکاربن، لەوەش زیاتر پێم وایە خووگرتن بەو جۆرە یارییانەوە بۆ مرۆی جیدی و خاوەن پەیام شتێکی ناجۆرو نا دروستە، بۆیە هەر لە گەنجییەوە لێی دوور کەوتوومەتەوە. یاری دامە هەرچی خەیاڵ هەیە



تێیدا نییە و خەیاڵ کوژیشە، وەکی شەترەنج نییە، لە شەترەنجدا جووڵە هەمە جۆرو هەمە ڕەزمن، کەچی دامە یەک ڕەهەندی هەیەو ئەگەر نەخشەو پلانێکیشی تێدابێ بۆ بردنەوە ئەوە بۆ بوونە ئاغایە. لە شەترەنجدا فیل دنیایەکە بۆ خۆی هەروەها ئەسپ و سەرباز و قەڵاو وەزیر، پاشاش لەوێ لە پاشای هیچ مەملەکەتێک ناچێ، لەگەڵ وەزیر جێ گۆڕکێیان پێ دەکرێ بۆ ئەوەی پاشا کشی لێ نەکرێ.. ئەو هەموو شێوەو جووڵانە خەیاڵ بزوێنن.

چایخانەی عەبۆ قاوەچی یەکێک بوو لە شوێنە هەرە قەرەباڵغەکانی هەولێر تاکاتی ڕووخاندنی چایخانەکە لە هەشتاکاندا. لایەکی ئەو چایخانەیە بۆ یاری «بلیاردو تاوڵەو دامە» تەرخان بوو، ئەوەی تر شوێنی حەوانەوە بوو بۆ ئەوانەی مشتەری ڕۆژانەی بوون. بەشی هەرەزۆری ڕووناکبیرو ئەدیبان لەوێ یەکتریان دەدی و ڕۆژانە گفتوگۆی هەمەجۆر تێیدا گەرم بوو. لایەکی مارکسی و شیوعییەکان و لای تر قەومییەکان، ئەدیبە کۆن پارێزو کۆن خوازەکان لەلایەک و گەنجەکان لەلایەکی تر. هەریەکەو سووچێک و چەند کورسییەکی هەبوو، پەرلەمانێکی کراوە بوو تەنیا دەنگدانی تێدا نەبوو، ئەگینا باسی هەموو شتێکی تێدا دەکرا. کتێب و گۆڤاری تێدا دەخوێندراوە. سیاسەت سۆپای هەموو دانیشتنەکان بوو بەزستانان و پانکەی سەری هەموو بابەتەکان بوو بە هاوینان، ئەو کات باس باسی ئیلتیزام و نا ئیلتیزام بوو لە ئەدەبدا، شێوەو ناوەڕۆک، هونەر بۆ هونەر یا بۆ خەڵک؟!! ئەوانەی مارکسی بوون، سەرزارو بن زاریان چینی کرێکار بوو، ئیلتیزام لای ئەوان وابەستە بوون بە بیروباوەڕی مارکسی لینینی، ئەوە ببووە تابلۆیەک ڕزگاریان نەدەبوو لێی، باشە ئەرێ کامە کرێکار؟ ئەوانەی هەرچەند مەترێک دوور لە چایخانەکە بەیانیان بەسەدانیان تێیدا کۆدەبوونەوە لە چاوەڕوانی کەسێک یا خاوەن کارێک بێ و بەدوای خۆیانیان بدا بۆ کاری ڕۆژانە یا هی چەند ڕۆژێک؟ ئەوانە کە بەشی هەرە زۆریان تا چێشتەنگاوێکی درەنگ لەو شوێنە دەمانەوەو پاشان

بەهەناسە ساردی دەچوونەوە ماڵ و چاوەڕێی بەیانییەکی تریان دەکرد، یا ئەو چەند سەد کرێکارەی لەکارگە بچووکەکانی ناو شار دەست و پێیان سووتابوو بۆ چەند قرووشێک و کەسیش نەبوو لە ماف و یاسای کارکردنیان بپێچێتەوە یا ئەو کرێکارەی لە کتێبەکانی مارکس و ئینگلسدا باسیان کرابوو؟ ئێ خۆ کوردستان ئەڵمانیا نەبوو تا هەزاران هەزار کرێکاری هەبێ لە کارگە گەورەکاندا؟ ئەوانە کەوتبوونە ناو وەهمی سینەماکانی ئایدۆلۆجیاو کە ناوی کرێکاریشیان دەهێنا هەرگیز مەبەستیان لە کرێکاری کورد نەبوو یا ڕاستتر ئەوەبوو کە کرێکاری کوردیان پێ کرێکار نەبوو! قەومییەکانیش لە وەڵامدانەوەی ئەواندا هێندە دەمارییان تووند کردبوو خەریک بوو خوێن تێیاندا فیچقە بکا، نەخشەی کوردستانیان هێندە پڤ کردبوو بەسەر کەنداو و ئێران و تووران داکشابوو، خەریک بوو بتەقێ و هەموو ناوچەکە بگرێتەوە، کەچی هیچیان جگە لە گەڕەکەکەی خۆیان شارەزای گەڕەکێکی تری شارەکەی خۆشیان نەبوون، شەیەکی مام خدری دامەچییان پێ بەقیمەتتر بوو لەهەرچی بیروباوەڕی تازەی دنیایە، ناوەوەیان دەپەرست و دەرێیان دەبووخزاند، ڕەنگە لەسەرێکەوە ناهەقیان نەبووبێ، کێ کوردی لەبیر بوو؟! مەسەلەکەش ئەوە بوو کورد خۆشی خاوەنی کڵاوی خۆی نەبوو. شاعیری وا هەبوو هێندە ناوی کوردستانی لەبەرهەمەکانیدا دووبارە دەکردەوە، ئەگەر ئەو وشەیەت لابردبا چەند ڕستەیەکی کەمی بێ مانای لێ دەمایەوە لەبەرانبەردا شاعیری کۆلکە مارکسی وا هەبوو، قسەکانی مادیەی دیالیکیتی و مێژوویی کردبووە هۆنینەوەی بێ تام. ئەوانە هەموویان مشتەری چەند سووچێکی چایخانەی عەبۆ بوون، کەمێکیش هەبوو لەو نێوەندەدا واق وڕما مابوو، یا قسەیەکی تری لەدڵدا بوو نەیدەتوانی یا نەیدەوێرا بەدەنگی بڵند بیڵێ چونکە باو باوی ئەو دوو هێزە زەبەللاحە بوو.

تا شەستەکان باداوە گوندێکی نزیک هەولێر بوو، باخ و باخات و بێستان دەوری کۆشکێک و گومبەتێکی دابوو، هەندێ ماڵی قوڕ لە نزیک کۆشکدا بوون. ماڵی باپیرم یەکێک بوو لەو ماڵانە. کۆشک بریتی بوو لە خانووی مەلا فەندی و کتێبخانەکەی و گومبەتەکەش گۆڕستانی خۆی و خێزانەکەیان بوو. باپیرم سۆفییەکی کاسب و کوردێکی دڵ و دەروون پاک بوو. لە ژیانمدا بەر لە باوکم کاریگەری ئەوم بەسەرەوە بوو، ئەو بابی دایکم بوو. دوو شتی زۆر گرنگ لەو فێربووم. یەکیان ئەو پەیوەندییە پڕ ئەفسوون و خەیاڵەی نێوان زیندووەکان و مردووانە. ئەو هەموو ژیانی بۆ زیکرو ناو تەکیە تەرخان نەکردبوو بەڵکو بەپلەی یەکەم کاسب بوو، خەریکی باخچەوانی و دواتر دوکانی هەبوو لە ناو بازاڕی گەورەی هەولێر. بەڵام کە شەو دادەهات ئیتر هەر خەریکی نوێژو شەو نوێژو زیکر بوو. هەندێ ئیحای بۆ دەهات کە جێگەی سەرسامی بوو هەندێ جار باسی ئەو ڕۆحە شەڕانگێزانەی بۆ دەکردم کە لە ڕۆژگاری تەمەنیدا تووشیان هاتووەو ویستوویانە لە خشتەی ببەن، هەر جارە بەبەرگ و شێوەیەک خۆیان نیشانی داوە، بەڵام ئەو بەسەریاندا زاڵ بووەو زەفەریان پێی نەبردووە. هێندە باوەڕی بەخۆ بوو، هێندە ئارام و لەسەرخۆ بوو، زۆر جار وام دەهاتە بەرچاو کە نیوەی بەشەرو نیوەکەی تری فریشتە بێ. کە دادەنیشت دەتوت گۆمێکە سەری خستۆتە ناو قوولاییەوە و تەماشای ماسی و ڕووەکە سیحراوییەکانی بنی گۆم دەکا. کەم قسەی دەکردو ئەوەی دەیوت قسەی نەستەق و پەند بوون یا حیکایەتی ململانێی ئەو بوو لەگەڵ نێردراوەکانی شەیتان، جارێک لەشێوەی پشیلەی ڕەش و جارێکی تر لە شێوەی جڕو جانەوەرو جارێکی تر لە شێوەی ژنێکی سۆرو سپیدا. ئەو قسانەی ئەو بۆ من وروژاندی خەیاڵ و مایەی وردبوونەوەو ڕامان بوو لە بوون، بە ئەندازەیەک کە دەستم بۆ هەر بەردێک دەبرد بەترسەوە بەرزم دەکردەوە نەوەک ڕۆحێکی لەوانەی ئەو باسی دەکا لەژێردا خەوتبێ، هەر ئاوێک کە دەڕژا ترسم هەبوو دەموچاوی یەکێک لەوانە تەڕبکا کە لەسەر زەویدا

دەخشێن. هەندێ جار کە ئاگری دەکردەوە دەیوت هەر ئێمە نین خۆمانی لەبەر گەرم دەکەینەوە، نەمدەزانی مەبەستی کێیە، بەڵام تارمایی ئاگرەکە هەندێ شێوەی دروست دەکرد من بەخەیاڵی خۆم دەمکردن بەمرۆی بچکۆڵە، وام لێهاتبوو لەو هێماو ڕۆحانە نەترسم، چونکە ئەو دەیوت، ئەوانیش وەکو ئێمە هەقیان لەو ژیانەدا هەیەو لەگەڵمان دەژین، بەڵام ئەوەی گرنگە زەفەرمان پێ نەبەن و ترسیان لێمان هەبێ. ئەوە بڕوا بەخۆبوونێکی لەڕادەبەدەر بوو. واهیمەی بوونی تارماییەکان لەو سەردەمەدا لە شارێکی وەکو هەولێری چۆڵ و بێ کارەبا شتێکی ئاسایی بوو. ئێستا کە دەنووسم هەندێ لەو قەناعەتانەی ئەوسا بەجۆرێک لە جۆرەکان دووبارە دەبنەوە بەڵام ترس و سڵەمینەوە بەرهەم ناهێنن، بەڵکو سەرەداون بۆ دۆزینەوەی دنیابینی تازە لەسەر بنەمای ئەوەی کە بوون هەر تەنیا بریتی نییە لەوەی دەیبینین یا لەوەی دەیبیستین، جگە لەوانە هەن لەداهاتوودا دەبینرێن. ئەم گەردوونە پڕە لە وزە و هێزی نەبزواو، پڕە لە بیر و جوانی نەمەییوو، پڕە لە هێلکەی نەترووکاو... هەر جارەو قەفەی ئەزموون و کۆشکێک کە دەگەڕێ لە دەوری تەمەندا شتی نوێ، بیرو دیمەنی نوێ دەخولقێ لە بووندا. ئەو هەموو هێزو وزەیەش پەرتو بڵاون هەندێکیان لە مرۆدان و هەندێکی تریان لەدەرێ لە هەناوی هەر شتێکدان کە دەجووڵێ.

باپیرم کە تووشی کێشەو گرفتێک دەبوو، کە دەگەیشتە حاڵەتی دەستەوەستان کۆڵی نەدەدا، دەچووە ژوورێکی چۆڵ و تەنیا چاوی دەنووقاند و دەکەوتە هەژاندنی ناخی، جووڵاندنی هێزەکانی ناوەوەی. بەجۆرێک شتێکی دەدی لەتوانای دیتنی چاو زیاتر بوو. جارێکیان لەو جارانە چێلێکیان لێ بزر ببوو بۆیان نەدەدۆزرایەوە، ئەو کە چووە ناو حاڵەتی تەنیاییەوە لە دووریی چەندین کیلۆمەتر تارمایی چێڵەکەی دیبوو، کە هاتەوە هۆش خۆی وتی، بڕۆن لە فلان شوێن ئاژەڵەکەمان



بێننەوە، هەرواش دەرچوو. ئەو جۆرە هێزانە مرۆی داهێنەر هەستیان پێ دەکا، هەریەکەو بەقەد توانای دەرچوون و خۆ ڕاپسکان، هەریەکە و بەقەد گەورەیی و بچووکی ڕۆحی..

من ئەو کار و کردەوانە بە زەڕەبینی زانست لێک نادەمەوە، بەدمکی میتافیزیکیش هەڵی ناکۆڵم، هەردووکیان بەشێکی تێگەیشتنن لەوەی ڕوودەدا، لە هەر سەردەمەو ڕۆژگارێک ڕوو بەڕوو و ئەڵقەکانیان دەگۆڕێ. ئەگینا هەر کردارێک لە ڕۆژگاری ئێجگار دووردا ڕوویان دابێ، ئەمڕۆش بەشێوەیەکی دی ئەگەری ڕوودانیان هەیە، بەڵام شیکردنەوەمان بۆیان دەگۆڕێ، هەروەها ئاست و ڕادەی تێگەیشتنیان.

باپیرم وەنەبێ سۆفییەکی وشک بووبێ، بەڵکو کەسێکی کورد پەروەرو شۆڕشگێڕیش بوو. دوکانەکەی ببووە جێگەی بڵاوکردنەوەی هەواڵ و بەیاننامەکانی شۆڕش و کۆبوونەوەی کەسانی نیشتیمانپەروەر. هەر ئەو گیانەش بوو وای لێکرد کە کوڕە گەورەکەی هێشتا تەمەنی نەگەیشتبووە هەژدە ساڵان ناردی ببێتە پێشمەرگە و تا کۆتایی شەستەکان یەکێک بوو لە پێشمەرگە ئازاکان و دواتر لەشەڕدا گیراو تا ڕێکەوتننامەی یازدەی ئازار لە زینداندا مایەوە.

خۆخەریک کردنی زیاد لە پێویست هیچ جۆرە داناییەکی تێدا نییە، هونەر ئەوەیە سوود لە ڕابردوو وەربگیرێ بۆتێپەڕاندنی، نەک ببێ بە گرێ و مایەی پەنگ خواردنەوە. هەر نەوەیەک دەبێ پەیامی خۆی پێ بێ، نەک ئەوەی پێشە خۆی کاوێژ بکاتەوە. ڕابردوو کەسانی تر دروستیان کردووە، نابێتە هی من. مایە پووچ دەردەچن ئەوانەی لاف و گەزاف بە ڕابردوویەکەوە لێ دەدەن کە ئەوان جگە لە سەرسامی و شانازی هیچ مافێکی تریان نییە لە ئاستیدا. من خۆم ڕابردوو پەرست نیم، هەر هێندە ڕابردووم دەوێ کە خۆمی پێ بناسێنم، ئەگینا من بەوەوە دەناسرێم کە دەیکەم، ئەوەی دەیخەمە سەر خەرمانی ئەوان. وا بەستەبوون تا ئاستی

پیرۆزی بەڕابردووەوە ڕەنگە کەمێک جوانی و وەفای تێدابێ. وەکی دی جوانی و وەفای تەواو لە تێپەڕاندنی ئەو ڕابردووە دایە، لە درێژەدان بە ڕۆحی یاخیبووندایە. سیحری ڕابردوو کە میللەتان بگرێ وەکی ئەختەبووت لە ناو خۆیدا خامۆشی دەکا، ترسناک و ئەفسووناوییە ئەو جۆرە بیرکردنەوانەی وای بۆ دەچن کە ئەوانی لەمەوپێش هەمیشە پڕۆژەی گەڕانەوەو ئامادەبوونن لە ناو هەندێ میللەتدا ئەو سیحرە دەگاتە ئاستی چاوەڕوانی و خۆئامادەکردنی بەردەوام بۆ پێشوازی گەڕانەوەی ئەوان لەهەر ساتێکدا کە ئەوان بیانەوێ و مەبەستیان بێ. هەندێک جار بنمیچی ماڵەکان هەڵدەتەکێنن، دەست لە ژیان بەردەدەن و خولیایان دەبێتە خۆشکردنی ڕێگای گەڕانەوەی ئەوان. جا باپرسم ئەوە ئەوان هاتنەوە چی ڕوودەدا؟ چی زیاتر دەکەن لەوەی کردیان؟ ئایا تەمەن سەر لەنوێ دەست پێ دەکاتەوە تا لەو شوێنەوە تێ هەڵبچنەوە کە جێیان هێشتووە؟

ئەو چەند ڕستەیەو قەناعەت هەڵڕشتنەم بۆ ئەوە بوو خوێنەرێک بەهەڵە لێم تێ نەگا کە من لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ناو بەفرەلۆکدا هێزی پڕ جموجۆڵی ئێستام لێ بڕاوە هانا بۆ ڕابردوو دەبەم. من ئەوە بەمەرگی خۆم دەزانم و هەرکاتێک ئێستام کردە قوربانی ڕابردوو ئەوە تەسلیم بووغە بە قەناعەتێک کە تا ئەو پەڕی چەقبەستنەو هیچی تر نا. ئەوەی دەینووسم لەم ڕووەوە هەر تەنیا بۆ دەرخستنی مەودای ڕەگی ڕۆیشتووی ئەو درەختەیە کە خۆم بە خاوەنی دەزانم، جا ئەو ڕەگە گەیشتۆتە چ ئاقارو سەری داوە لە چ ئاو و جۆگەو چەقێندا. لە ژیانی هەر کەسێکدا دۆزینەوەی ئەو جۆرە سەرەتایانە گرنگن، نیشاندانی سەروسیمای ئەو جۆرە ڕەمزە و شەخسی و هەڵدانەوەی ئەو جۆرە نادیارانە گرنگن، ئەوانە یارمەتیدەرن و لێ هێزی بوون و ئەفراندن هەر لەوێدا نییە بەتەنیا بەڵکو لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئێستایە، لە جێکردنەوەو خۆ سەلماندندایە لە ناو هەنووکەدا.



کە باسی سۆفی خدرم کرد لە ئەڵقەی پێشوودا ڕێک هەندێ لە کەسایەتی و کەشوهەوای ڕۆمانی (سەدساڵی تەنیایی) مارکیزم لەبەر چاودا بوو.

ئەو جۆرە نموونانە لە ناو هەر میللەتێکدا بەجۆرێک لە جۆرەکان دەبینرێن. خەیاڵی ئەفراندن خڕیان دەکاتەوەو دەیانکا بە هەڵسوکەوتی شەخسیەتی سەنتەر، کەسێک کە کۆی کەسەکانە، هەڵوێستێک کە کۆی هەڵوێستەکانە، ئەو کەسە شاکەسە، شا هەڵوێست .. تاد.

ئەو جۆرە کەسانە بۆ ئێمەمانان مایەی ئیلهام و بەخششن لە ئێستادا، ڕەنگە تا ماوەیەکی دووریش هەروا بمێننەوە، تا ئەو کاتەی ئادەمیزاد دەگاتە حاڵەتی سوپرمان و ڕەگو ڕیشەی لە خاکدا هەڵدەقەنرێ، ئەوسا پێویستی بەیادەوەری نامێنێ و زەمەن لای موجەڕەد دەبێتە ئێستایەکی ڕووت. ئەو جۆرە مرۆیە تا ئەمڕۆ لەسەر گۆی زەوی نییە، وەلێ خەیاڵی مرۆ لە فیلمی زانستی بێ بنەمادا دەینوێنێ، کێ ناڵێ ئەو جۆرە خەیاڵە سبەینێ نابێتە واقیع؟ تا ئەو کاتە ئێمە شەڕی مانەوەی ئەو مرۆیانە دەکەین لە بووندا، شەڕیش هەمیشە دوو سەرەیە، براوەو دۆڕاوی هەیە.

سۆفی خدر هەر لەو شوێنەدا نەمایەوە کە هەولێرە، بەڵکو چووە ناو جەنتای سەفەرو شاران گەڕا لەگەڵمدا، خەڵکانی ناسی، جێگەو ماڵانی دیت. ئەو وەکی تاڤگەیەکی کافوور بەسەر بەردەکانی تەمەنی مندا هاتە خوارێ و تێکەڵی دارو بەردم بوو. ئەو نەبووا وا بەئاسانی نەدەبوومە برادەری هۆمیرۆس و ڤرجیل و دانتی و ڤالیری و گۆران. ئەو پیاوێکی نەخوێندەوار بوو هەر بەڕۆح ئەوانی دەبینی و بە چاوی من دەیانخوێندەوەو بەعەشقی من شەیدایان بوو. ئەو تەنیا یەکەم دەرگای زەمەنی ناوەوەی بۆ کردمەوە، من ئەوە لە کتێبان فێر نەبووم ئەو فێری کردم و ئیتر لەو دەرکەوە چوومە ژوورێ و نەمتوانی بگەڕێمەوە. هەندێ جار دەموچاوی سیمای

منداڵی لێ دەنیشت، هەستم دەکرد یەکێکە لە برادەرە هاوتەمەنەکانم، وەکی دی سێبەرێکی گەورەبوو بۆ دڵنیایی و ئارامی.

لەو ماوەیەی منداڵیدا دوو کەس کاریگەری زۆریان بەسەرمەوە بوو، بە کورتی باسی یەکێکیانم کرد، ئەوی تر داپیرم و دایکی باوکم بوو، ئەگەر سۆفی خدر یەکەم بەردی بناغەی پەیوەندی منی بە دنیای ڕۆحەوە بنیات نابێ، ئەوە داپیرم گوێچکەی بەیەکەم ڕیتم ڕاهێنام، ئەو فێری یەکەم ڕستەی ئاوازداری کردم.

منداڵی وەکی گەنجینەیەکی گەورەیە و بێ بن هەرچی تێ بکەی دەیگرێ و تا لێشی دەربێنی تەواو نابێ. ئەوەی لە منداڵیدا بزری دەکەی هەموو تەمەن بەشی دۆزینەوەی ناکا، ئەوی لەوێشدا دەستت دەکەوێ تا مردن تەواوی لێی حاڵی نابی و لە گێڕانەوەیان تێر نابی.

لە ژیانمدا ئەوەندە خۆم نەداوەتە بەخێوکردنی مەل و ئاژەڵان، شارەزاییەکی ئەوتۆشم لە زمان و ژیانیاندا نییە، پیاو ئەگەر لەگەڵ ئەو گیانلەبەرانەدا بژی وردە وردە حیکمەتی سولەیمان تێ دەگا و دەزانێ ئیبنو موقەفەعی فارسی بە چ قەڵەمێکی دنووک باریک پەیامی ڕەوشت و چاکسازی کۆمەڵایەتی و ئامۆژگاری حاکمانی لەسەر زاری تەیر و ئاژەڵدا تۆمار کردووە، و مەنتیقی باڵندەی بەرزە فڕ چی لەلای فەرەیدەدینی عەتاردا جێهێشتووە. جیهانی ئەوان ئەوەندە دوور نییە لە هی ئێمە، خۆمان کەندو کۆسپمان لە کۆنکرێت دروست کردووە تەلی دڕکاوی و شوورەمان لە دەوری ئەواندا بەرز کردۆتەوە و لە خۆمانمان دوور خستۆتەوە، ئەگینا لە ناو کەشتییەکەی نووحدا ئێمە هەموومان پێکەوە بووین و پێکەوەش یەکەم ماڵمان بنیات نا لەسەر گۆی زەویدا. مرۆ ناتوانێ ژیانی خشۆکی بژی و بەتەمای حەوای بڵندو چنگ گیرکردن لە گۆی زەوی بێ. فڕندەو ئاژەڵ هاوڕێی مرۆن لەو گەشتە پێچاوپێچەی عومردا، هەرچەند



خۆتیان لێ ڕزگار بکەی هەر تووشت دەبنەوە، ئەگەر هەرنا دەبنە خۆراک و سفرەی داوەتت بۆ دەڕازێننەوە. زۆر جاران تەماشای هەڵسوکەوتی هەندێ مەل و ئاژەڵم کردووە، هێندە بەنەزاکەت دەجوولێنەوە لەگەڵ یەکتردا پیاو حەسوودییان پێ دەبا.

بە عاستەم بە بیرم دێ، منداڵ بووم و تەمەنم لە خوار حەفتساڵیدا بوو. ئاسکێکیان بە دیاری بۆ هێنابووم. مامزی سەک و جوان بەناو ماڵدا دەسووڕاوە، شەوان لە ژوورێکی بچووکی سەرووی ژووری نووستنی خۆمان دەمنوواند. ئەو ئاژەڵە خۆشییەکی بێ پایانی پێ دەبەخشیم، پێم وابوو ئاسمان کون بووەو ئەوی لێ هاتۆتە خوارێ و تەسلیمی دەستی من کراوە. ئەوجا بێنە بەر دیدەی خۆت، منی منداڵ کە خۆم پێویستم بە سۆز و دڵنەوایی بوو، خۆم لەسەر قاچی تووندی خۆم نەوەستابووم پێویستیم بە هێزی دایک و باوک بوو کەچی لەبەرانبەر کارمامزدا خۆم بەگەورەو گران دەهاتە بەرچاو، وا دەجوولامەوە کە پشت و پەنای ئەوم، ئایا هەر لەبەر ئەوە بوو کە نان و ئاوی بەدەستە من بوو، ڕەنگە ئەوەیان لایەکی ئەو هەستەی جۆشدار بوو لەمندا وەکی دی پەروەردەی مرۆ هەروا بووە. ماڵ هی منەو ئەوەی هەیە لەسەر گۆی زەوی هی منەو ئەوان کە ئاسمان و عاردیان پڕ کردووە لە دەنگ و ڕەنگی هەمەجۆر، لەش و لاریان سرک و شل کردووەو تامی خۆشیان لە بن پێستدا شاردۆتەوە، هەموویان بۆ من هەڵگرتووە. مرۆ کە بووە خاوەنی گۆی زەوی یەکەم جار هاوسێیەکانی خۆی دوور خستەوە و بیرەوەری ڕۆژانی تۆفانی لەبیر خۆی بردەوە.

نازانم چ زوو ئەو ئاسکەم لێ بزر بوو، چی بەسەر هات؟ ماوەیەکی کورت لەگەڵمدا مایەوە و ئەو هەستە کۆنەی باپیرانمی لاچەکەرە کردم و ئەوە یەکەمین پەیوەندیم بوو لەگەڵ ئەو دۆستە کۆنانەی مرۆڤ، ئەو جۆرە هاتن و بزر بوونە هەمیشە سیحرێکی بێ ئامان لەدوای خۆیدا بەجێ

دیڵێ، سیحرێک کە تاڵی و شیرینی ڕۆژگار بەزەحمەت تەلیسمی دەشکێنێ.

ماڵی باوکم سێ ژوور بوو، ژووری گەورە خۆمان تێیدا دەژیاین و ژووری ناوەڕاست هەر ماوەو خزم و ناسیاوێک، ئەوانەی لێیان دەقەوما یا پێویستییان بە شوێنێک دەبوو بۆ ماوەیەک تێیدا دەژیان، ژووری بچووکیش هی زەخیرە بوو. دواتر لە سەردەمێکی درەنگتردا ژووری سێیەم بووە شوێنی حەوانەوەی من و پڕم کردبوو لە کتێب و گۆڤار و وێنەی ئەدیب و نووسەران و مێزی خوێندنەوەو قەرەوێڵەی خەوتنم تێدا دانابوو. ئەو ژوورە مێژوویەکی تایبەتی هەیە لام هەندێکی ئەو مێژووە دەکرێ لە ئەڵقەی تردا باسیان بکەم و ئەوی تر زۆر تایبەتن بە خۆم و پێویست ناکا سەری خوێنەرانی پێ بئێشێنم. ماڵە بارزانییەک کە تازە لە ڕووسیا گەڕابوونەوە ماوەیەک لە ژووری ناوەڕاستدا ژیان. پیاوەکە برادەری باوکم بوو، خۆی و ژنێکی ڕووسی و کچێکی منداڵ لە تەمەنی من ناوی خەدیجە بوو، کە لەشیعری «مامزە کوژراوەکانی حاجری» دا ناویم هێناوە. ئەو خێزانە هێندە تێکەڵاوی خێزانی ئێمە ببوون ببوونە خوشک و برا، عەیبە لە بەینماندا نەمابوو، زۆر جار شەوان باوکم و پیاوە ژنە ڕووسییەکەی سێ قۆڵی یاری کاغەزیان بۆ خۆشی و کات بەسەر بردن دەکرد، ئەوە یەکەم برادەرایەتی سەردەمی بەرائەت و پاکی بوو. لە حەوشەو کۆڵاندا زۆربەی کات هەر پێکەوە بووین. پاش ماوەیەک ئەو ماڵە باریان کردو گواستیانەوە. هەریەکەو شەپۆلی ژیان بەرەو کەنارێکی بردین. تەنیا شتێک کە چەشنی نەخشی سەر بەرد لە یادەوەریمدا ماوە، دیمەنی خەدیجەیە، کچێکی سپیلکەلانەی پرچ زەردی چاوشین. لەوساوە هەر کچێکم ناسیبێ یا خۆشم ویستبێ حەزم کردووە هەمان شێوەو ڕوخساری ئەو بنوێنێ.



ئاسک و خەدیجە بە ڕێکەوت هاتن و بە خێرایی ڕۆیشتن کەچی شوێنەواریان لەسەر پەڕەکانی یاددا بە تۆخی جێماون.

هەنگاوێکی دی لەمنداڵی نزیک ببمەوە دەسووتێم، بەو شێوەیەی جەلالەدینی ڕۆمی دەبێژێ «هەنگاوێکی تر بڕۆم دەسووتێم» منداڵی دیوێکی تری پەنهانی گەورەیە لە بووندا. وەکو کۆڵانێکە درێژبۆتەوە لە هەناوی شاردا، ئەویش درێژبۆتەوە لە گەردووندا، بۆ هەر کوێ بچی هەربۆنی ئەوە، هەر ڕەنگ و دەنگی ئەوە، سێبەرێکە تا ناو گۆڕ درێژ بۆتەوە.

«پێویستیمان بە کەمێک بێدەنگییە بۆ قسە فێربوون»

«پێویستیمان بە سووتاندنی ڕۆحە بۆ ڕۆشنایی لەش»

«پێویستیمان بەکەمێکی تر ئاسمان و هەندێکی تر زەوییە بۆ خەو بینین»

«پێویستیمان بە وێنەیەکی ترە بۆ مانا بەمانایەکی ترە بۆ وێنەکان»

«پێویستیمان بە پارچە زێڕی ترە بۆ برادەرایەتی و بە ئاگری ترە بۆ بەلا»

برادەر! زێڕ لە ناو ئاگردا ناسووتێ

شەوقی زیاد دەکا.

«خوێن لەگەڵ وشەکان لە زارم سەردەکا»

«ئەی چرا، شەرمەزارمان مەکە»

«بڕۆ، وا خامە وشک بوو»

«من خوانی ڕۆحی خۆم بۆ ئامادە کردوون» لە بەفرەلۆکدا.

مامۆستای ڕۆشنایی و بینین جەلالەدین!

لە یەکەم وانەیدا وتی: شمشێربە

بەدەستی خۆری حەقیقەتەوە

ئەو ڕاتوەشێنێ.

لە نێوان منداڵی و ئەو خۆرە من هەتاوێکی باریکم!!

ئێمە نە ڕابردوومان لە عاج و نە داهاتوومان کریستال، ئەوەی هەیە هەمووی شووشەی شکاوە، ئەو وردە شووشانە تێکەڵ بە قوڕی هەژاری بوون، بەردێکی ئەوتۆیان لێ دروست بوو، کێهان کۆشکی بڵندە ئەوی لێ دروست دەکرێ، مەترسە ئەو خانووە مەزەدارە ڕەنگینە هی ئەو چەشنە بێ بایەخ و هی بازووی ئەو عاشقانەیە کە سەودایی نەخشاندوونی لەبەر هەتاوی بێ منەتی ئەو خۆرە گەورەیەدا.

مێژووی هەر یەکێک بریتییە لە دەرکەوتنی ستارەیەک لە قوڕو لیتەی تاریکیدا، من لە ڕۆخی جۆگەیەکەوە سەرم دەرهێناو تاتوانیم خەوم بە گەورەیی دەریاوە بینی.

ڕابردووم ئاوریشم نییە تا بێ ترس لە خۆمی بئاڵێنم، کراسی دڕکاوییە لەهەر کوێیەکەوە قۆڵی تێ هەڵکێشم ئەو جێیەم پتر دەکولێتەوە. وەکی چۆلەکەیەک لەبەر باران تەڕ بووبێ فڕینم زەحمەتە، یا وەکی پێخاوسێک لە ناو دڕکەڵاندا ڕێگا بڕینم گرانە و ناخۆش. من خاچی نەفرەتی لەبەهەشت دەرکران وا بەسەرشانمەوە و هەرچی دەکۆشم ناگەمە هیچ کوێ!

گوناهەکان بە ئاسمانەوە دەسووتێن

وەکی چران ناکوژێنەوە بەڵکو ڕووناکی دەبەخشن؛ من وا لە گوناه گەیشتووم.

دەزانم چشتێکە ڕزگارم نابێ لێی وەکی دەنکە گەنم و زیوان. مەسیح جوانترین بەرگری لە گوناه کردووە، کاتێ لەبەرانبەر سۆزانییەکەدا دەنگی هەڵبڕیوە: کێ لە ئێوە گوناهی نییە با بەردێکی تێ بگرێ؟!

جا کوا مرۆی بێ گوناه کوا؟

مرۆ کە گوناهی نەبوو بەزەحمەت لە ناو بەشەردا جێگەی دەبێتەوە. ئەو



وەکی دڕک و داڵ وایە لە سروشتدا، وەکی دووکەڵ وایە لە ئاگردا، مادامەکی جوولەو سووتان هەیە دەبێ گوناهیشی لێ دروست بێ.

ڕەگی ئەو جۆرە بیرکردنەوانەم دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژانی منداڵی، ئەوکاتەی لە تەنیاییدا سەرم بەسەر ئەژنۆمدا شۆڕ دەکردەوە و دەمووت، خودایە لێم ببوورە، لە گوناهەکانم ببوورە. بەڵام کە دەهاتمە سەر ژماردنی گوناهەکان لێم تێک دەچوو، کامە کردەوەم گوناه بەخشەو کامەیان نا؟ لێم تێک دەچوو: ئایا بەگەرمی سڵاو لە برادەرەکەم نەسێنمەوە؟ ئایا گوڵی باخچەیەک بقرتێنم و باڵندەیەک لە هێلانەی بفڕێنم؟ ئایا من تێربم و منداڵەکەی دراوسێمان برسی، من جلم هەبێ و ئەو ڕووت و ڕەجاڵ؟ ئایا بەبەرچاوی هەتیوێکەوە بانگی باوکم بکەم یا خۆم بخزێنمە باوەشییەوە؟ ئایا کە بەکۆڵاندا تێپەڕیم و بە ڕێکەوت دەرگای ماڵێک کرابووەوە تەماشای ژوورێ بکەم و ئایا.. ئایا..؟

ئایا ژیان دوو دیوی هەیە یەکیان گوناهە، چۆن جیای بکەمەوە؟ کوشتنەوەی پەلەوەرێک بۆ ئەوەی ژەمێکی خۆشی لێ دروست بکرێ مافێکی ئاساییە یا گوناهێکی ڕووت؟ کە تازە شەقامی ٣٠ م دروست کرابوو ڕۆژێکیان مەتی سە کوژ سەگە بۆرەی منی کوشت، ئایا بەختەوەری بەشەر لەو شوێنە دەست پێدەکا کە ژیانی ئەوان تەواو دەبێ؟!

ئەو هەموو ئاژەڵ و فڕندە بەسەزمانە چەندە گرفتارن بەو جۆرە بیرکردنەوەی مرۆڤەوە.

وەختێ کە هەواڵی کوشتنی بۆرەمیان دایێ خەریک بوو ڕۆح لە ناو هەردوو کونی کەپوومەوە بێتەدەرێ، هەناسەم سواربوو، تا گەیشتمە سەر لاشەکەی ئەوەندەی نەمابوو باڵ بگرم، بەڵام دەسەڵاتم چی بوو، چیم پێ دەکرا؟ مەتی لەلایەن حکومەتەوە ڕوخسەتی درابوویێ کە بە تاپڕەکەی بسووڕێتەوەو ئەو سەگە بەرەڵڵایانە بکوژێ کە لە ناو گەڕەک و کۆڵاناندا

دەسووڕانەوە. مەتی وای زانیبوو کە بۆرەی منیش لەو جۆرە سەگانەیەو کوشتبووی. بۆرە ماوەیەکی زۆر ئولفەتی لەگەڵمان گرتبوو، لەبەر دەرگای ماڵەکەمان وەردەکەوت و شەوان وەکی پاسەوان هەر غەریب و ڕێبوارێک بەوێدا تێپەڕ بکا دەوەڕی و ئێمەی ئاگادار دەکردەوە. لەگەڵ خورشیدی پلکزام لاشەی بۆرەمان هێنایەوە و لە پارچە زەوییەکی چۆڵی گەڕەکدا شاردمانەوە، تا ماوەیەکی زۆر دەچوومە سەر گۆڕەکەی و هەندێ جاریش قسەم لەگەڵدا دەکرد. قسەیەک کە زۆری دڵدانەوەی خۆم بوو بۆرەم کردبووە بیانوو.

لە ناو حیکایەتەکانی منداڵیدا هەندێ ڕەمزو هێما هەن هەتا بمێنن زیاتر تام و بۆ دەبەخشن و پەلی دوورتر دەهاوێن و باشتر تێیان دەگەین و ئەفسوونیان زیاتر دەبێ و لەگەڵ گۆڕانی هزریشدا دەچنە ناو کەلێن و مەعنا جۆراو جۆرەکان. یەکێک لەو حیکایەتانە ئەوەی موسایە. هەر لە زووەوە خولیای ئەم حیکایەتەم و هەرجارەی بە چێژو هەوەسێکی جوداوە بیستوومە یا بینیومە یا خوێندوومەتەوە. ئەو یەکێکە لە پێغەمبەرە هەرە مەزنەکان . یەکەم جار کە ئەو حیکایەتەم بیست زۆر منداڵ بووم و درکم بەمەوداو ڕەهەندەکانی نەدەکرد، لەبنو بۆتکەوە تێی نەدەگەیشتم، هێندە شاگەشکە بووم بەو مەلۆتکەیەی لە ناو قامیشی بەقیر بەیەکتر بەستراوەوە سەر نیل کەوت و لەبەر ترسی لە ناوچوون بەئاوێدا درا، کەچی چارەنووس بردییەوە ناو کۆشکی فیرعەون و دواتر بووە یەکێک لە سەرکردە هەرە گەورەکانی بەنی ئیسرائیل لە ناو میسردا. موسا جگە لەوەی پێغەمبەری جوولەکەکانە، یەکەم ڕابەریشە کە سەرکردایەتی میللەتێکی بکا بۆ ڕزگاری، ئەگەرچی ئەوسا لە چوار چێوەی ئاییندا خۆی دەنواند.

کە منداڵ بووم سەرەتا هاوسۆزی ئەو منداڵە بووم کە لەکاتێکی وادا لەباوەشی دایکی بووەو کە توانای بەرگری لەخۆکردنی نەبوو، توانای پشت



بەستن بەخۆی نەبوو، توانای خواردنی خۆراکیشی نەبوو، جا وەرە منداڵێکی چەند ڕۆژی بخرێتە دەم ڕووبارێکی زلەوە.

شەوەهای شەو خەیاڵم ئەو دیمەنەی هەڵگێڕو وەرگێڕ دەکرد، ئەگەر کەوتە دەمی حووتێکەوە؟ ئەگەر تیمساحێک قووتی دا؟ ئەگەر لە دڕک و داڵی قەراغ گیربوو؟ ئەگەر شەپۆلێک قامیشی سەرەنگوون کرد؟ کەچی ئاو ئەو هێزە دڵڕەقە نەبوو وەکی من بۆی دەچووم، بەڵکو لە ژیانی موسادا دوو جاران بووە مایەی ڕزگارکردنی، یەکیان کە ئەو مەلۆتکەیەی هەڵگرت و وەکی باوەشێکی دڵسۆز بردییە کۆشکی پڕ لە نیعمەتی دەسەڵات و دووەم جاریش گوێی لە بڕیاری دار عەسای موسا گرت و لە ناوەڕاستدا شەق بوو، بۆ ئەوەی میللەتی موسا پێیدا بپەڕنەوە بۆ کەناری ئەوبەری ڕزگاربوون.

دواتر ژیانی پڕ لە ڕووداوی موسا بووە مایەی سەرنجدانم بەتایبەتی قسەکانی لەڕووی خودێدا. زۆر جاران ئەو دیمەنەم دەهێنا ناو خەیاڵمەوە کە چۆن دەنگێکی پیرۆز لە ئاگردا بەرز دەبێتەوە و کێو پڕ دەکا لە سەدا و ئەو هەموو دەنگدانەوەیە بەهەدەر ناڕوا و هەمووی دەچێتە ناو دڵ و دەروونی موسا و ئەویش بەزمانێکی پاراو بەنەوەی ئیسرائیلی دەوتەوە.

زوڵمی فیرعەون لەبەرانبەری جوولەکە زۆر بووەو هەر ئەو زوڵمەشە موسای بردۆتە ئەو ئاستەی بەسەر ئەو زوڵمەدا زاڵ بێ و بەرپەرچی بداتەوە و ڕێگای دەربازبوونیش بۆ میللەتەکەی بدۆزێتەوەو لەوەش زیاتر پەیامی ئایینێکی نوێیان لە ناودا بڵاوبکاتەوە.

ئەوەی تا ئێستا بەتەواوی لام ساغ نەبۆتەوە ئەوەیە، لەبەرچی بەپێچەوانەی ئایینی مەسیح هێشتا ئایینی موسایی لە قاوغی کۆنی دەرنەچووەو وەکی ئایینێکی داخراو ماوەتەوە؟ ئایا هەر لەبەر ئەو زوڵمە بووە کە بەجوولەکە کراوە بەدرێژایی مێژوو یا خاسیەتێکی تایبەت بەو دین و میللەتەیە.

لە کوردستاندا کوردو جوولەکە زۆر تێکەڵی یەکتر بوون بەرلەوەی بەیەکجاری ئێرە جێ بێڵن و بگەڕێنەوە ئیسرائیل. لە ناو هەر خێزانێکی کورددا کۆمەڵە یادگاری و بیرەوەرییەکی خۆش ماوە دەربارەی ئەو خێزانە جوولەکانەی لەشارو لادێیەکانماندا ژیاون، من هیچ شتێکی ئەوانم نەدیوە، بەڵام زۆر جار کە دەچوومە سەر گۆڕەکانیان کە نزیک گۆڕستانی چراخ بوو، یا بەگەڕەکی تەعجیل بەڕێی جوولەکەکاندا تێپەڕدەبووم لەجۆری بیناو هەڵچنینی گۆڕەکان ورد دەبوومەوە، دەبینی چۆن ئەو هەموو کەرپووچە هەڵچنراوە حیکایەتی میللەتێکی پەرتەوازی ناو جیهان دەگێڕنەوە.

زۆر جاران لە ناو گفتوگۆی رووناکبیراندا ئەو میللەتە بە نموونە دەهێنرێتەوە کە چۆن لە ناو ئەو هەموو زوڵم و ئەو جۆرە پەرتبوون و دوای ئەو هەموو پەراوێزکرانە، کەچی توانییان سەر لەنوێ زیندوو ببنەوە ببنە خاوەنی دەوڵەتێکی بەهێزی خۆیان لە ناو هەناوی دوژمنێکی چەندەها سەد ملیۆنیدا کە عارەبە.

ئەحمەد سوسە لە کتێبی «هەندێ لە سیماکانی مێژووی کۆن- جوولەکەی عیراق» باسی هاوردنی جوولەکە دەکا بۆ کوردستان لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی ئاشوورییەوە ئەو کاتەی وڵاتەکەیان لەلایەن هێزەکانی ئەو ئیمپراتۆریەتە گیراوە، ئەو جوولەکە هاوردانە لە ناوچە شاخاوییەکاندا نیشتەجێ کراون هەر لە ئامێدییەوە تا سنە.

زۆر جاران لە داپیرەم دەپرسی: ئەرێ شێوەی جوولەکەکان چۆن بوو؟ دەیوت: «وەک مە بوون بەڵام ئەوان غەیری دینی مە بوون». کەچی سەردەمانێک ئیزاتی پاشای مەملەکەتی حیدیاب کە پایتەختی لە هەولێر بوو لەسەر دینی موسا بووەو زۆریش کۆمەکی بۆ جوولەکەی فەلەستین ناردووە. بەر لە هاتنی ئیسلام ئەو جۆرە تێکەڵاوییە لە ناوچەکەدا فرەتر بووەو تخوبی نێوان ئایینەکەیان هێندە دزکاوی نەبووە و میللەتانیش ئەوەندە لەیەکتر دوور نەکەوتوونەتەوە.



بەر لە شیعر خولیای نیگار و وێنە کێشان و جیهانی ڕەنگ بووم، لە پۆلی شەشی سەرەتاییدا یەکەم تابلۆم بە ڕۆن دروست کرد لە مەرسەمی قوتابخانەی خالدیەدا و بەشداری پێشانگای قوتابخانەکەم کرد، ئەوسا ساڵی ١٩٦٦ بوو، مامۆستا تۆما کە خەڵکی عەنکاوە بوو وانەی ڕەسمی پێ دەوتین. ئەگەر باری دارایی ئەو سەردەمەی خێزانەکەمان بەو شێوەیە بووایە کە یارمەتی کڕینی کەرەستەی ڕەسم بدات و لەوەش گرنگتر ئەگەر باوکم ئەوەندە دژی ئەدەب و هونەر نەبایە، دەبوو بە ڕەسم دەستم پێ کردبا و درێژەشم پێ دابا. بەڵام ئەو دوو هۆیە هەر زوو ئەو ئارەزوو و حەزەیان سەرکوت کردم و دواتر لە ئامادەییدا خۆیان لە ماڵی شیعردا دۆزییەوە. ئەگەرچی شیعر وەکی نیگارکێشی نییە و هەرتەنیا پەڕەی سپی و قەڵەمی پێویستە و دەکرێ دوور لە چاوی خێزان کاری تێدا بکەی، بەڵام کە دەستم بە نووسینی شیعر کرد، لە ماڵ ئازادییەکی ئەوتۆم بۆخۆم مسۆگەر کردبوو کە، کەس دەست نەنێتە ئیش و کارمەوە. ئەو جۆرە حەزە بەراییەم بۆ ڕەنگ و تابلۆ تا ئەمڕۆ بەجۆرێکی تر درێژەی هەیە و بە ئاگری وشە زیاتر داگیرسا نەک خامۆش بووەوە. بۆیە ئێستا ئەوەندەی سەیری تابلۆی هونەرمەندان و ئەلبوومیان دەکەم، هەر ئەوەندە شیعر و دیوانی شاعیران دەخوێنمەوە. ڕەگی دۆزینەوەی شیعر ئەگەرچی ڕەنگە بە شیعرێکی زۆر سەرەتایی پەیوەندی بەو ڕیتم و ئاوازانەوە هەبێ کە لە داپیرەمەوە گوێم لێیان ببوو، بەڵام حەز و ئارەزوویەکی سەردەمی لاوی بوو، سەردەمێک کە ڕووداوە گەرمەکان بەرەو ناوخۆ پەلکێشیان کردبووم. عەشق و خۆشەویستی، سیاسەت و جموجۆڵی قوتابییان، خوێندنەوەی دیوانی شیعر و ئەو بەرهەمانەی لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو دەبوونەوە، بەتایبەتیش ڕۆژنامەی (هاوکاری) کە بەڕاستی بووە مایەی پەروەردەکردنی نەوەیەکی کوردی لە سەرەتای حەفتاکاندا. چاپخانەی کوردستان وەکی سالۆنەکی ئەدەبی بوو لە هەولێر، ئەوەی دوو وشەی نووسیبا دەبوو سەر لەو چاپخانەیە بدات کتێبی

شاعیران لەوێ بکرێ. ئەگەرچی من هەر لە سەرەتاوە نەچوومە ژێر باری ئەو جۆرە سەرەتا تەقلیدییەو زیاتر گیانێکی یاخیم تێدا بوو، بەڵام سوودم لەو کتێبانە دی کە لە لای بەهەشتی گیو موکریانییدا دەست دەکەوتن. سالۆنی گیو مەڵبەندێکی ڕووناکبیری بوو، چاوی نەوەیەکی بەدیتنی چاپخانە و چاپەمەنی کردەوە، بەڵام ئێمە چەند برادەرێک بووین. لە دەرەوەی ئەو بازنەیەدا بووین. ئەوەی لەیادم بێ جەلال بەرزنجی و تاهیر حوسێن و من زیاتر لەیەکتر نزیک بووین.

لە ئامادەیی کوردستان گۆڤاری (بیری نوێ) و (چوارچرا)مان دەردەکرد، زۆرمان دەخوێندەوە، وەلێ بەرهەممان کەم بوو. من زۆر سوودم لە کتێبخانەکەی عەبدوڵڵا پەشێو وەرگرت، بەشی زۆری کتێبەکانی شیعرم لەو دەست دەکەوت، لەگەڵ کتێبخانەی گشتی هەولێر کە، ئەوکات لە شوێنی گۆڕەپانی ئەنجومەنی وەزیرانی ئێستا بوو، کتێبخانەکە هێندە ئارام و دڵگیربوو بەڕاستی شوێنی خوێندنەوە بوو. سەد حەیف لۆ ئەو شوێنانە چۆن وا بە سووک و سانایی ڕووخێنران و شوێنەواریشیان نەما. ئەگەر بەدەستە من با ئەو دوو جێگایە لە هەولێر دەبوونە دوو مۆزەخانە نەک لەگەڵ زەویدا ڕاست بکرێن، میللەتێک قەدری چاپخانەی کوردستان و کتێبخانەیەکی نایابی خۆی نەگرێ، چی خێری بۆ شارەکەی خۆی دەبێ، ئا ئەو جۆرە هەستە لەلای هەولێرییەکان دروست نەبێ مەحاڵە ببنە خاوەنی شارەکەی خۆیان.

سەرەتا شیعرەکانم زۆر سادە و ساکار بوون، زیاتر کاریگەری پەشێو، تەوژمی ڕوانگەیان پێوە دیار بوو. کە هەستم کردبێ شیعرێکم نووسیوەو نزیکە لە دەنگی خۆمساڵی حەفتاو سێ بوو، کە بریتی بوو لە شیعری (ڕۆژژمێری ڕێبوارێکی غەریب) کە لە هۆڵی گەل خوێندمەوە، لەگەڵ ژمارەیەک لە شاعیران لەوانە سەعدوڵڵا پەرۆش- م لەیاد ماوە. ئەوکات



نێوانی حکومەتی عێراق و سەرکردایەتی شۆڕشی کورد ئاڵۆزی تێ کەوتبووەوە و ڕێکەوتنی ئازار ئەو بایەخەی نەمابوو، هەر ڕۆژە لە شارەکانی کوردستاندا بەعس لە ڕێی دەزگای ئەمنەوە تێکۆشەرێکی کوردی تیرۆر دەکرد، لە زۆر شوێندا تەشقەڵەی بەکورد دەکرد، ئەو کۆڕەی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی لەو ڕۆژگارە بەستراو شیعرەکان زۆر تەحەدایان تێدابوو. کە هاتینە دەرەوە لەگەڵ سەعدوڵڵا پەرۆش لە نزیکی دادگای هەولێر تووشی سەیارەیەکی فۆکس فارگۆن بووین لە نزیکی ئێمە هەڵوێستەیەکی کرد هەردووکمان ترسی ئەوەمان لێ نیشت ئەوانەی تێیدان (ئەمن) بن و تیرۆرمان بکەن، چونکە ئەوسا ئەو دەزگایە ئەو جۆرە سەیارانەیان بەکاردەهێنا. لەو وێستگەوە تا شیعری (سووتانی ڕەنگەکان) ئیتر من شتێکی ئەوتۆم نەنووسیوە شایانی لەسەر وەستان بێ تا تەواو دورکەوتمەوە لەو شێوە دەربڕینە ڕاستەوخۆیە و کەوتمە ناو جیهانی خوێندنەوەی سەرچاوەکانی فیکر و ئەدەبی ئەوروپایی و ڕۆمانی ڕووسەکان، بەئەندازەیەک شەوی وا هەبوو ڕۆمانێکی چەند سەد لاپەڕەییم تەواو دەکرد، زۆربەی شەویش تا سەعات پێنجی بەیانی دەمامەوە. لە ناوەڕاستی حەفتاکان کە لە کۆلێجی کشتوکاڵ بووم لە ئەبوغرێب، زۆر جار کە ئەو خوێندکارانەی لەگەڵم دابوون لە بەشی ناوخۆ دەنووستن، من لە بالۆنەکە بەسەرمای زستانیش دەمامەوە تا درەنگانی شەو، ئەو کات سوودم لە کتێبەکانی کتێبخانەی ناوەندی بەغدا وەرگرت کە لە وەزیریە بوو، هەموو سەرەتای هەفتەیەک سێ کتێبم دەهێنا و کۆتایی هەفتە دەمبردەوە، بەو شێوەیە زەخیرەیەکی باشم پەیدا کرد، ئینجا دەستم بە نووسین کردەوە: واتە لە نێوان حەفتاو سێ و حەفتاو هەشت ئەو پێنج ساڵە شتێکی ئەوتۆم نەنووسی کە شایستەی بڵاوکردنەوە بووبێ. لەوێشەوە قۆناغی دووەمی خوێندنەوەم دەستی پێ کرد تا ساڵی هەشتاو یەک و دوو ئەو ساڵەی یەکەم قەسیدەی درێژم بڵاوکردەوە. ئەو جۆرە کەم نووسینە

زیانێکی زۆری لێ داوم و زۆر هەڵی لە کیس دام، ئەگەرچی بەدرێژایی ئەو ماوەیە هەرگیز دانەبڕابووم و هەر خەریک بووم. ماوەیەک من و جەلال بەرزنجی و نەوزاد ڕەفعەت بە نیازی ئامادەکردنی ئەنتۆلۆجیایەکی شیعری کوردی زۆر شیعرمان کۆکردەوە، بەڵام پڕۆژەکەمان سەری نەگرت و هەندێ ئەڵقەی بزر هەبوو لە شیعری شاعیراندا دەستمان نەدەکەوت. دواتر لەگەڵ جەلال و عەباس عەبدوڵڵا یوسف پڕۆژەیەکی دیکەمان ئامادەکرد بەناوی (٣) و دامانە دائیرەی ڕەقابەی بەغدا بۆ چاپکردنی، کەچی نەک موافەقەتیان نەکرد، بەڵکو لە وەڵامی نوسراوەکەدا هاتبوو، کە ئەو جۆرە پڕۆژانە (تێکدەرانەیە) و نابێ بەهیچ جۆرێک ڕێگایان پێ بدرێ.

دایک هەشتەمین عاجباتی دنیایە، هەرچی دیاردە مەزنەکان هەیە لە هەناوی ئەو هاتۆتە دەرێ، لە منداڵەکانی ئەودا گەورە بووە. شاخی بەرز و زەریای بێ پایان و دارستانی ئێجگار چڕ و چی لە ئاست خۆشەویستی ئەودا هیچ نییە. ژنیش ئیلهامی هەرچی کتێبی پیرۆز و مەلحەمە و کاری دانسقەی ئەدەبی و هونەرییە. من لە زۆربەی بۆنە ئەدەبی و نووسینەکاندا ئەو دووانەم لە پشت دیمەن و وێنەی شیعری نادیاردا شاردۆتەوە. ئەو کارەشم لەبەر شەرم و کەم جورئەتی نەبووە، چونکە ئەو جۆرە باسکردنە جگە لە شانازی هیچی تری لێ ناوەشێتەوە. ئەدی ئەگەر وایە ئەو شاردنەوەیە لە پای چی بووە؟!

مرۆ زۆر جاران لە ڕێی شیعرەوە پەنا بۆ شتێک دەبا کە لە ژیانی خۆیدا دەگمەنە یا تێری نەکردووە. من لێوان لێوم لە سۆزی بێ سنووری دایک و لە خۆشەویستی بێگەردی ژن، بۆیە ئەو جۆرە حرمانەم لا دەرنەکەوتووە تا لە نووسیندا ئەو بۆشاییە پڕبکەمەوە. لەلایەکی تریش ژیانی هەر مرۆیەک هەندێک تایبەتمەندی زۆر شەخسی تێدایە و هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدا کە نەبێ بە گشتی نەوەکو لەکەی تێ بکەوێ، ئەوەش ترسێکی نا دروستە



بەڵام شەرعییە. من لەو دوو لایەنەوە ویستوومە ئەو سنوورە نەشکێنم و ئەو تایبەتییە لای خۆمەوە ئاشکرا نەکرێ. بەڵام ئەوەی دید و بۆچوونی من دەربارەی ژن بخوێنێتەوە تێ دەگا لە چ جۆرە دڵنیایی و متمانەیەکەوە تەماشای دەکەم، ئەوەش بەسە بۆ سەلماندنی ژیانی کەسێک کە جگە لە خێر و خۆشی هیچیی تری لە ژن نەدیوە. من تەواو بڕوام بەو قسەیە هەیە کە دەربارەی ژن دەوترێ: مرۆ هەردەم باسی ئەو ژنە دەکا کە خۆی دیویەتی و لەگەڵیدا ژیاوە نەک ئەوەی هەیە، خەیاڵیش هەروەها پشت بەو شتە واقیعییانە دەبەستێ کە ڕوویان داوە، ئەوە بۆ ژن تەواو ڕاستە، بەڵام مەرج نییە بۆ شتی تر وابێ بەتایبەتی لە ئەدەبدا. دایکم هەمیشە فێری لەخۆبووردوویی و گیان بەخشین و لێبووردەیی و پاکی و درۆنەکردنی کردووم، ئەو پەندێکی زۆر سادەی فێرکردم، ئەویش ئەمەیە: من دەبێ لە هەموو کەس باشتر بم! باشتر بم بەو واتایەی چاو لە هەڵەی ئەوانی تر بپۆشم، ڕق لە دڵ هەڵنەگرم و چاوم لە کەموکوڕی خەڵکی نەبێ و دەست پێشخەربم لە چاکەو بەخشیندا.. ئەو جۆرە قەناعەتە لە ژیاندا هێزێکی دڵنیاکەرەوەیە و لەهەمان کاتیشدا هێزی پاراستنی پەیامێکی مرۆیی گەورەیە، هێزێک کە لە چلەپۆپەیدا بەرجەستەیە لە شەخسی مەسیحدا، ئەو کاتەی بەچاوی بەزەیی دەڕوانێتە جەللادەکەشی!!

دایە! لەو ڕۆژگارە پڕ لە توند و تیژییەدا ئەو جۆرە گیانە بێگەردە بۆتە پێویستییەکی گرنگ، ئای لەداخی ئەو دایکانەی نەیانتوانی ئەو گیانە لای منداڵەکانیان پەرە پێ بدەن و هەر لەسەرەتاوە ڕێگەی هەڵبژاردنی ڕق و توندو تیژی لە دڵ و دەروونیاندا کۆبکەنەوە.

ئەوانەی ئەمڕۆ ئەوەندە دڵڕەقن بەرانبەر مرۆ بەو شێوە دڕندانەیە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، دڵنیام هیچ جۆرە ئینتیمایەکیان بۆ سۆزی دایکیان نییە، یا هەر لە بنەڕەتەوە لەو سۆزە بێ بەش بوون. ئەگینا

کەسێک لەو گەردوونە ئەگەر باوەشی گەرمی دایکێک یا ژنێک بیا بۆ ئارامی بەخشین، چۆن زاتی ئەوە دەکا بیر لە کوشتن و لەت و پەتکردنی هاو زمانی بکاتەوە؟ ئەوانە یەکەم جار پەتی نێوان ناوکی خۆیان و ڕەحمی دایکیان بە چەقۆیەکی ژەهراوی دەبڕن و ئینجا مار و دووپشک فڕێ دەدەنە کۆشی ژنەکانیانەوە، ئەو جۆرە کەسانە لە توخمی مرۆی خۆیان هەڵدەگەڕێنەوە و یەک قەترە بەزەییان لە دڵدا نامێنێ، کە یەکەم سەرچاوەی لە مەمکی دایکەوە دەڕژێتە زاری زارۆکەوە.

مرۆ هەرچی بکاو بە هەرچی بگا ئەو پەیوەندییە مرۆیانەی لێ نابێتەوە کە توخمی سەرەکی ژیانە لەم دنیا و ئەو دنیادا، بۆیە لەکاتی تەڵقیندا یەکەم وتە کە دەچێنرێ بە گوێی مردوودا ئەوەیە: ئەی کوڕی فلان!! ناوی دایکیشی دەوترێ نەک ناوی باوکی. ئەگەر لەوێش دایک کەسی یەکەم نییە چۆن یەکسەر خۆتی پێ دەناسێتەوە. ئەوەی لەو دنیاش ڕوو دەدەن عەکسی ئەوانەن کە لەو دنیادا ڕوویان داوە و پێچەوانە نییە، لەوێش سێگۆشەی (دایک، کوڕ، باب) هەمان پانتایی بەرین دادەگرێ لەهەرسێ مەملەکەتی خودادا، جا ڕەنگە ئەوەی لە دۆزەخدایە لەبەر ئازاری لەش و ڕۆحی هەمیشە هانا بۆ دایکی بەرێ، کە کەوتە بەهەشتیش ناز و نیعمەت زۆر شتی لەبیر بباتەوە !! ئەگینا ئەوەی بزانێ دایکی کێیە، هەموو شتەکانی تریش دەبێ بزانێ و نابێ لێی بێ ئاگا بێ! سێگۆشە قسەی زۆر هەڵدەگرێ. لە ڕۆژی قەسابخانە وەحشیانەکەی (٤ / ٥ / ٢٠٠٥) لە هەولێر دوو شت زۆر سەرنجی ڕاکێشام، یەکەمیان گەنجێک چۆن ئامادەیە ئەو هەموو هاوتەمەنەی خۆی بکوژێ بەبێ ئەوەی هیچ شتێکی پێش وەخت لە نێوانیاندا لە ئارادابێ. ئەو جۆرە کەسانە دەبێ دڵ و دەروونیان بە چ جۆرە ڕقێکی ئەستوور سڕ بێ تا ئامادەبێ جەرگی ئەو هەموو دایکە بسووتێنێ، لە کاتێکدا ڕەنگە سووتانی جەرگی دایکێک بەس بێ بۆ دەرکەوتنی قیامەت!! ئەوەی دووەمیشیان هەر هەمان ڕۆژ ڕووی دا



خۆکوشتنی مەلایەکی بەتەمەن بوو، کاتێ کە گوێی لە ڕووداوەکە بووە خۆی سووتاندووە و کۆتایی بە ژیانی پڕ لە عەزابی خۆی هێناوە. سەرچاوەی ئەو عەزابەش لەوێوە هاتووە کە کوڕەکەی سەرکردەیەکی گرووپی ئەنسارولئیسلامە و ئەو قەسابخانە وەحشییانەش ئەوان ئەنجامیان دا. ترسی گەورەی ئەو مەلایە لە خواو خەڵک و نائارامی ویژدانی هانیان دا کە تۆڵە لە جەستەی خۆی بکاتەوە و کارێک بکات کە لە ئیسلامدا حەرام کراوە ئەویش خۆ کوشتنە.

مرۆ کە هەست بە باوک و دایکی خۆی نەکاو نەبێتە مایەی سەر بڵندی بۆیان دەبێ چەند لە پێستی مرۆیی هاتبێتە دەرێ و گەیشتبێتە چ ئاستێک لە دڵڕەقیدا؟!

سوپاس بۆ تۆ خودایە کە بە ئیسفەنجێکی گەورە هەموو ئەو خاڵە ڕەشانەت لە دڵ و دەروونمدا سڕییەوە، کە ڕەنگە ڕۆژێک لە ڕۆژان مانەوەیان ببێتە سەرچاوەی ڕق و کین لە بەرانبەر هاو گەردوونمدا.

سوپاس بۆ تۆ ئەی ژن کە میهرەبانییەکی ئەوتۆت پێ بەخشیوم، کە ناتوانم سۆزی ژنەکان لەبەرانبەر پیاوەکان بە چاوێکی تر ببینم و بەکەوچکێکی تر بیپێوم. خودایە! دڵی ئەو پیاوانە نەرم بکە کە خەریکە بەدەستی ڕەشی خۆیان گۆی زەوی لە گرێژنەوە دەربێنن. ئەوانەش نەوەی تۆن، بەڵام لە توخمی قابیلن، دەستیان ناڕوا زەوی بکێڵن و تۆو بڕوێنن. بەو تەورداسەی لە مشتیان دایە سەری ئەو کەسانە دەبڕن کە تۆ بۆ ڕازاندنەوەی زەوی دروستت کردوون. لێیان بسڵەمێوە ئەوانە هەموو شتێکیان لێ دەوەشێتەوە. ئەوەی لە دایک نەسڵەمێتەوە لە خوداش ناسڵەمێتەوە.

شتێک هەیە لە ئەزموونی شاعیراندا پێی دەوترێ منداڵی شیعری یا یەکەمین دەق، کە ئیتر لەوێوە ڕووناکی یەکەمین بەیانی شاعیر دەردەکەوێ

و ئەو دەقە هەمیشە خۆی دووبارە دەکاتەوە لە ناو ئەشق و بەرگی ئاوازی جیادا. ئەو دەقە وەکی هەوێن دەڕژێتە ناو دەقەکانی دوای خۆیەوە و ئەنجام سەرتاپای ئەزموونەکە بەڕەنگی خۆی ڕەنگڕێژ دەکا.

منداڵی شیعری یا یەکەم دوابار بەقەولی کاکەییەکان، خاڵی دەست پێکردنە بۆ دروستکردنی جیاوازی. وەکی باڵی باڵندە وایە. ئەو باڵەی زەڕنەقوتە پێی دەکەوێتە باڵەفڕە هەمان ئەو باڵەیە کە دواتر ئاسمانی دووری پێ تەی دەکا بێ ئەوەی حسێب بۆ لەشی سووک و قورس یا مەودای دوور و نزیک بکا. منداڵی شیعریش ئەو پەڕە نەرم و بچوکانەیە کە لە باڵی شیعریدا دەڕوێن و وردە وردە توند و بەهێز دەبن تا ئەنجام جۆری فڕینی فڕدانی پێ دەناسرێتەوە، یا وەکی دەڵەمەیەک ڕۆژگار لەبن دەنگلی ڕووداوەکانی پتەوی دەکا و دەق دوای دەق ئاسۆی تازە بۆ دەرکەوتنی دەدۆزێتەوە. مەرجیش نییە ئەو سەرەتایە لە هۆش و ئاگاییەوە بێ، نا هەرگیز شتی لەو جۆرە بەئاگایی ناخوڵقێ.

لە دوای خوێندنەوەی سەرتاپای بەرهەمی نووسەرێک دەتوانرێ ئەو خاڵی دەست پێکردنە یان ئەو منداڵییە بدۆزرێتەوە، خۆ ئەگەر یەکەمین دەقیش بەزەحمەت بدۆزرێتەوە بەڵام شوێن پێی یەکەمین دەق لە ناو دەقەکانی تردا دەتوانێ بمانباتەوە سەر ئەو سەرەتایە.

لای نالی و حاجی قادر ئەو یەکەم دەست پێ کردنە لە دوو ئاڕاستەی جودادا بەرجەستە بوون.

نالی حەریفی کەس نییە، ئیلف و ئەلیفی کەس نییە بەیتی ڕەدیفی کەس نییە...

بەداخەوە مێژووی ئەدەبی کوردی کەم تا زۆر وردەکاری ژیانی شاعیر و کات و شوێنی نووسینی دەقەکانی تۆمار نەکردووە، بۆیە هەر کە ویستمان ئەو سەرەتایە بدۆزینەوە دەبێ پەنا بۆ سەلیقەو مەزەندە ببەین.



ئەو خاڵی یەکەم دەست پێکردنە لای شێرکۆ بێکەس لە دەقی «من تینوێتیم بە گڕ دەشکێ» دا دەست پێدەکاو تا دوا دیوانی بەتەرز و ئاهەنگی جودا خۆی دەنوێنێ، کەچی لای پەشێو لە دەقی «بتی شکاو» دا ئیتر ئەو ڕێچکە یاخیبوون و جودا بوونەوەی پەشێو لەوێوە دەستی پێکرد.

کاتێک «سووتانی ڕەنگەکان» م نووسی، کە من ئەو دەقە بەو سەرەتایە، بەو منداڵی شیعرییەی خۆم دەزانم، نەمدەزانی ئیتر بە نووسینی ئەو قەسیدەیە سیمای سەرەتایی جۆر و ستایلی شیعری بۆ خۆم دیاری دەکەم. بەڵام دواتر و دوای بیست ساڵ نووسین کە چوومەوە سەر دەقەکان، هەستم کرد بەلانی کەم ڕەنگی ئەسمەری پێستی هەموو دەقەکان لە هی یەکەم دەق دەچێ! ئێ خۆ مرۆ هەرچییەکیش بکا ڕەنگی پێستی پێ ناگۆڕێ، بەڵام دەتوانێ بەڕەونەق و گەش و تەڕتر بینوێنێ.

من بۆ خۆم ئەو جۆرە ڕەنگدانەوە و بەردەوامبوونە بە ئاسایی دەزانم بەڵام پێم وایە ئەزموونی شاعیر هیچ کاتێک بەو شێوەیە کورت ناکرێتەوە، بەڵکو هەندێک وێستگەو گۆڕان هەن ڕاپسکان و دەرچوونن لە هەموو مەدارەکان و یاخیبوونن لە خودی شاعیر خۆیشی بۆ بەجێکردنەوەیان لە خانەی ڕابردوودا کارێکی زەحمەت و نادروستە. واتا خاڵی دەست پێکردن شتێکە و دووبارە نووسینەوەی دەقی یەکەم شتێکی ترە.

لە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی ئەلیۆتدا دەتوانین «پیاوە پووچەکان» بکەینە خاڵی دەستپێکردن وەلێ ئایا «چوارینەکان» دووبارە نووسینەوەی پیاوە پووچەکانە؟

ئەو جۆرە پرسیارە بە ئەرێ و نەرێ وەڵام دەدرێنەوە بۆ هەر یەکێکیش دەیان سەرەداو لەبەردەست دایە، ئەوانە هەمووشیان سیحری شیعر و دەقی شیعری دەسەلمێنن.

(ئەبو غرێب) ناحیەیەکی بەغدایە،ساڵی **١٩٧٣** لە کولیەی کشتوکاڵی ئەوێ وەرگیرام . یەکەم جار زۆر ناڕەحەت بووم، دەمویست ئەو کولیە

بگۆڕمەوە بە پەیمانگای مامۆستایان لە هەولێر و هەر بۆ ئەوەی بە زووترین کات دەستم لە بەرۆکی بێتەوە و خۆم بۆ شیعر تەرخان بکەم، جگە لەوەش پێم وابوو مامۆستابوون هەلێکی باشە بۆ چوونە لادێیەکان و لەوێش شارەزاییەکی باش لە ژیانی بەشێکی زۆر و گرنگی میللەتەکەم پەیدا دەکەم، بەتایبەتی بۆ کوڕێکی شار کە کەمتر هەلی تێکەڵبوونی لەگەڵ لادێ بۆ دروست بووە پاشان برادەران کەوتنە سەرزەنشت کردنم، چۆن کولیە دەگۆڕییەوە بە پەیمانگا و ئەم هەڵە لە کیس خۆت دەدەی؟ ماوەی چەند ڕۆژێک کەوتمە خەباتی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە: ژیانی بەغدا یا خوێندن لە هەولێر؟ دواجار بڕیارم دا کە ژیانی ئەو چەند ساڵەم لە پایتەختێکی وەکی بەغدا بەزەحمەت بۆ هەڵدەکەوێتەوە، بەڵام ئەو هەلانەی تر ئەگەری دروست بوونیان زیاترە. یەکەم ڕۆژ کە چوومە ئەبو غرێب هاوڕێیەتیم لەگەڵ چەند خوێندکارێکی کورد پەیدا کرد، کە بەشی زۆریان لە پۆلی سێ و چواری کولیە بوون. نازانم هۆی چییە کە هەردەم برادەرەکانم لە تەمەن لە خۆم گەورەتر بوون؟ ئەو برادەرانە لەلای خۆیان شوێنی خەوتنیان بۆ کردمەوە و ماوەیەکی زۆر لە بینای بەشی ناوخۆیی لە ژوورەکەی ئەواندا بووم.

ئەو کات گفتوگۆ دەربارەی بیر و باوەڕی چەپ لە کوردستاندا لە دوو ئاڕاستەدا خۆیان دەنواند، شیوعییەکان ، کە نەیانتوانی شوێنێکی شیاو لە ناو کوردەواریدا بۆ خۆیان بکەنەوە و وابەستەبوونی کوێرانەیان بە بەرژەوەندی نەتەوەی باڵا دەست و سۆڤیەت و هەڵوێستەی گۆڕاوون و جێگرەکانیان لە بەرانبەر کێشەی کورد و ڕووداوە سیاسییەکان تووشی دوورە پەرێزییەکی کوشندەی کردبوون. ئاڕاستەی دووەمیان هی ماوییەکان بوو. ئەوانیش بەو حسێبەی کە هیچ جۆرە مەسئولیەتێکی نەتەوەیی و چینایەتیان لە ئەستۆدا نەبوو، زیاد لە پێویستیش لەسەر بنچینەی سۆزێکی بارگاویکراو بە توندو تیژی لێکدانەوەکانیان دروست کردبوو،



بۆیە لە ناو بازنەی ژمارەیەک خوێندەوار و ڕۆشنبیردا گیری خواردبوو. من ماوەیەک لایەنگیری ئەو ئاڕاستەیەی دووەم بووم، بەڵام هەمیشە من لە ڕوانگەی ئەدەبەوە ئەو جۆرە پەیوەندییانەم دروست کردبوو، نەک وەکی کەسێکی تەرخان بۆ کاری ڕێکخراوەیی. بۆیە زیاتر دۆستی ئەو لایەنە بووم و هەرواش مامەوە.

لە بەغدا دوو شتی گرنگم بۆ دابین بوو، یەکیان ئەو هەموو کتێبەی لە کتێبخانەکانی ئەوێدا دەست کەوتن، کە بۆ من بوون بە سەرچاوەیەکی باشی خوێندنەوە و خۆ پەروەردە کردن. پاشان پەیوەندیشم لەگەڵ ئەدیبان زیاتر بوو. بڕیارم دا تا بتوانم سوود لە ژیانی ئەدەبی پایتەخت وەربگرم. بوومە مشتەری بەردەوامی کتێبخانەکان، هەرجارە و چەندین کتێبم دەکڕی، یا لە کتێبخانەی ناوەندی بەغدا هەفتانە دەمخواست و دوای خوێندنەوەیان دەمگەڕاندەوە. کۆرسی یەکەمی خوێندنم لە پۆلی یەکەمی کولیە تەواو کرد کە شەڕی کوردستان هەڵگیرسایەوە، هەلێکی باشم بۆ ڕەخسا بچم و بەشداری ئەو خەڵکە بکەم لەو ئەزموونە تازەیەدا. ماڵەوەمان زۆر دژی چوونم بوون بۆ شاخ، من گوێم بە بۆچوونی ئەوان نەداو لەبەغداوە بە سواری شەمەندەفەر هاتمە مووسڵ و لەوێشەوە بۆ هەولێر و بابم ڕاسپارد کە ڕێگایەکم بۆ بدۆزێتەوە تا بگەمە ڕواندز لەگەڵ ئەو چووم و ئیتر لەو بەیانییەوە یەکەم ڕۆژی ساڵێکی پڕ لە ئەزموونی دەوڵەمەندم دەستی پێ کرد، ساڵێک کە ئەگەر بەمیزانی ڕووداوەکان بپێورێ بارتەقای عومرێکە.

ئێستاکە سی و یەک ساڵ بەسەر ئەر ڕووداوانە تێپەڕیوە هێشتا کاریگەرییان تەواو نەبووە و هەر ڕۆژێکی دەکرێ بەکەرەستەی چەندین دەقی ئەدەبی. بەداخەوە من تۆماری ئەم ساڵەم فەوتا و لەگەڵ چەندین شیعر کە لە ناوچەکانی خۆشناوەتی و لە ماکۆک و قەڵادزێ و لە ئەشکەوتەکانی نزیک گەڵاڵە و لە چۆمان و ماوەت نووسیبووم. لە کاتی

تەسلیم بوونەوەدا هەموویان بوونە خۆراکی ئاگرێک کە لە زەردەشتەوە هەموو ساڵێ جارێک لە جەستە و ڕۆحی ئێمە دادەگیرسێ و هەموو جارێکیش وەکی قەقنەس لەو خۆڵەمێشە جەستەو ڕۆحێکی شەکەت و زامدارتر دروست دەبێتەوە.

لەدوا قەسیدەمدا کە بەناوی (یەکەم دوا یار) نووسیومە هەوڵی سەرلەنوێ نووسینەوەی ئەم شتانەم داوە کە ئەوسا نەمتوانیبوو تۆماریان بکەم، بەڵام ئەو هەموو ئەزموونە بەدەقێک و دووان تەواو نابن، دڵنیام لە ڕۆژانی ترو لە هەلی نووسینی تردا سەر هەڵدەدەنەوە.

هێندە لە ڕواندز نەمامەوە، چەند برادەرێکم بینی و پاشان چوومە چۆمان و یەکەم جار لە مزگەوت لەگەڵ ژمارەیێکی زۆری خەڵک نووستم. من لە هەموو ژیاندا ئەو خەڵکەم نەدیبوو، کەسێکی ئەوتۆم تێیاندا نەدەناسی کەچی بەوپەڕی دڵنیاییەوە خەوێکی خۆشم لێ کەوت. لە خۆم دەپرسی: ئایا ساپیتەی مزگەوتی چۆمان هێندە دڵنیاکەر بوو کە بەو جۆرە و بێ هیچ دوودڵییەک ئەو هەموو خەڵکە تێیدا بخەوێ، یا هێزی مێگەلبوون لەو کاتانەدا زاڵ دەبێ و هەریەکە و هەست و هۆشی تایبەتی خۆی لەبیر دەکاو پشتی دەنێ بە پشتی ئەوی ترەوە و خەو دەیباتەوە.

ساڵی ١٩٧٢ یەکەمجار لە کۆڕێکی «ئامادەیی کوردستان»دا شیعرم خوێندەوە، ئەو کات پۆلی پێنجەم بووم. بەمەش ئەڵقەی گوێگرەکانم فراوان بوون، ئەمجارە بەتەنیا یەک دوو لە برادەرە شاعیرەکانم نەبوون کە گوێیان لێ گرتم، بەڵکو ژمارەیەکی زۆرتر بوون. کۆڕەکە لە گۆڕەپانی پشتەوەی ئامادەیییەکە بەسترابوو، جگە لە قوتابیان و مامۆستایان، ژمارەیەک لە خەڵکی ماڵەکانی دەورووبەر چووبوونە سەربان و هەندێک منداڵیش هاتبوونە سەر دیواری قوتابخانە. نازانم بە چ بۆنەیەک کۆڕەکە ئامادە کرابوو، بەڵام دەزانم کە یەکێتی قوتابیان ڕێکی خستبوو، کە ئەوسا



لەوپەڕی چالاکیدا بوو، منیش یەکێک بووم لە هەڵسووڕێنەرانی کارەکانی لە سنووری ئامادەیییەکەی خۆماندا.

ئەگەرچی لە سەرەتای شیعر خوێندنەوەکەدا کەمێک شڵەژام، بەڵام تەماشا کردنێکی ڕووبەڕووی لووتکەی سەفین ئارامی کردمەوە و لە بیری بردمەوە کە من شیعر بۆ کەسانێک دەخوێنمەوە کە چەند هەنگاوێکی کە لێم دوورن، وام زەن دەکرد کە شیعر بۆ شاخێک دەخوێنمەوە لە دوورەوە.

ئەو هەستە هەتا ئەمڕۆش بەچەشنێک لە چەشنەکان سەر هەڵدەداتەوە، هەمیشە وا دێتە بەرچاوم کە من بەتەنیا بۆ هاوزمان و هاو گەردوونم شیعر ناخوێنمەوە، بەڵکو بۆ ئەو مەل و ڕووەک و ئاژەڵ و شتومەکانەش دەخوێنمەوە کە لەگەڵماندا دەژین، ئەوانیش هەریەکەو بە تەرزێک گوێ دەگرن و بەتەرزێکیش حەز لە شیعر دەکەن.

«ئامادەیی کوردستان» تەنیا قوتابخانەیەکی ئاسایی نەبوو، بۆ ئێمە ناوەندێکی ڕۆشنبیریش بوو. لەوێ لە ماوەی سێ ساڵدا سێ ژمارەی گۆڤاری چاپ کرا بەناوی جیاوازەوە: (ڕەهێڵە، بیری نوێ، چوار چرا) .. من لەوێ یەکەم خولیای ڕۆژنامەنووسیشم لا دروست بوو بەتایبەتی لە دووانی دواییدا دەستەی نووسەران بووم و لە هەردووکیانیشدا دوو شیعرم بڵاوکردەوە، سەرەڕای کارەکانی تری ڕێکخستن و چاپکردن لەگەڵ (کاردۆ گەلاڵی، تاهیر حسێن، عەبدوڵڵا زەنگنە، جەلال بەرزنجی..) دا ئەو کاتە زۆر حەزم لە شیعری پەشێو و جەلال میرزا کەریم بوو، هەردوو شیعرە بڵاوکراوەکەم (کە زۆر کاڵ و کرچ بوون) لە ژێر کاریگەری شیعرەکانی ئەواندا نووسیبوو. یەکەمیان گێڕانەوەی ئەزموونێکی کاڵی خۆشەویستی بوو. ئەو کات تەمەنم شازدە ساڵ بوو. هەرەتی هەرزەکاریم بوو، بەڵام من هەر زوو لەڕێی شیعرەوە گەورەتر دیاربووم لە چاو تەمەنی خۆم. لە دوورەوە زۆر کچم خۆش دەویست، کەچی پێم وابوو شاعیر پێویستی بە ژیانی ناو

ئەو جۆرە ئەزموونانە نییە هێندەی پێویستی بە مەحرووم بوون هەیە لێیان، یا بە شێوەیەکی تر پێم وابوو شاعیر نابێ بگا بەوەی خۆشی دەوێ، بۆ ئەوەی ئەو جۆرە تامەزرۆییەی لا کپ نەبێتەوە و هەمیشە کڵپەسەندوو بێ تا شیعر بنووسێ و لە شیعردا بگا بە ویساڵی یار. کەچی شیعرەکەی «چوارچرا» جۆرێکی تر بوو، لە ناونیشانەکەیەوە ئەو جیاوازییە بەدی دەکرێ «دوو گۆرانی لە سەنگەری سبەینێدا».. ئەو شیعرەم لە ژێر کاریگەری ئەو بۆچوونەدا نووسیبوو کە دەیوت، ئاشتی کوردستان ئاشتییەکی درۆیە! ساڵانی نێوان (١٩٧٠- ١٩٧٤) ڕێکەوتنی ئازار هاتبووە گۆڕێ، ئیدارە کەوتبووە دەست کورد و باری ڕۆشنبیری و سیاسی گڕو تینێکی باشی تێ کەوتبوو. کورد لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا فێری زۆر ئەزموونی دەوڵەمەند بوو، سەرەڕای ئەوەی دووبەرەکی لە ناو ڕیزەکانی شۆڕشدا نەما، خەڵکێکی زۆریش لە شارەکاندا تێکەڵی دامودەزگاکانی بوون، ساڵی ١٩٧٤کە شەڕ هەڵگیرسایەوە ژمارەیەکی زۆر لەو خەڵکە چوونە ناوچە شاخاوییەکان و چارەنووسی خۆیان بە شۆڕش بەستەوە.

لە ناو ڕۆشنبیراندا هەروەکو لە ناو عەوامی خەڵکیدا هەر زوو نیەت و ئامانجی بەعس لەو ڕێکەوتنە ئاشکرابوو، هەموو پێیان وابوو کە ڕژێم دەیەوێ پشوو بدا ئەگینا ئامادە نییە تا سەر دان بەمافەکانی کورد دابنێ. بەڵام ئەو پشوودانە بۆ شۆڕشیش پێویست بوو، «ئەو ئاشتییە درۆزنە» بووە جێگەی ڕەخنەی ئەدیبان، منیش لەژێر کاریگەری ئەو بۆچوونە ئەو شیعرەم نوسیبوو. قسەیەکی جۆن شتاینبێک زۆر کاری تێ کردبووم، کە ساڵی ١٩٦٥ لە مۆسکۆ لەگەڵ ئەدیبە لاوەکانی ڕووسیا کردبووی. شتاینبێک-ی ڕۆماننووسی ئەمریکایی چووبووە مۆسکۆ لە کۆڕێکدا داوای لە ئەدیبە لاوەکان کردبوو، کە ڕەخنە لە وڵاتەکەی خۆیان بگرن. ئەو نزیکەی سەعاتێک باسی سلبیاتی حکومەت و ڕاگەیاندنی ئەمریکای کردبوو، ئەوجا داوای لە ئامادەبووان کردبوو ئەوانیش بەهەمان شێوە سلبیاتی



ڕووسیا بڵێن، بەڵام کەس نقەی لێوە نەهاتبوو. وتبووی، دەی باشە هەموو شتێکی وڵاتی ئێوە باشە و جوانە؟ کە وانییە دە باسی خراپەکانی بکەن، باسی کارەساتەکان بکەن، باسی نەخۆشی و لافاو بکەن بۆ باسیان ناکەن؟ من لە ناخی خۆمدا کەوتبوومە دەستنیشانکردنی سلبیاتی وڵاتی خۆم، هەر ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە بەتەنیا لە شیعردا دەرنەدەکەوت، پەڕیبووە ناو گفتوگۆکانمان لە ناو ڕیزەکانی یەکێتی قوتابیان و لەگەڵ نووسەرە برادەرەکانیشم باسمان دەکرد. ناڕازی بووین لە بارودۆخەکە، پێمان وابوو کەمتەرخەمییەک لە ئارادایە، بەڵام چونکە لاوی کەم ئەزموون بووین و ئەوانی کاربەدەستیش بوون، ئامادە نەبوون گوێ لە ڕەخنە بگرن و ئەوەی جیاوازیش بووایە لە بیرکردنەوەی ئەوان بەمولحید و چەپیان لە قەڵەم دەدا..

پارتی کە حزبێکی نەتەوەییە، من لەو ڕوانگەوە چووبوومە ناویەوە، قوتابیانیش بزووتنەوەیەکی گەرموگوڕی ژمارەیەک لاوی شۆڕشگێڕ بوون، بەڵام لەبەر ئەوەی سەردەمەکە قبووڵی جیاوازی نەدەکرد، هەموو ئەوانەی دەیانویست بەشێوەیەکی جودا بیربکەنەوە دەکەوتنە بەر شاڵاوی زۆرینە و باو، کۆتایی ساڵی ١٩٧٣ بارەگای یەکێتی قوتابیان لە فولکەی شێخ مەحمودی ئێستا بوو، ئێوارەیەکیان گفتوگۆی نێوانمان زۆر پەرەی سەند.

لە ژوورێکی ناو بارەگادا کار گەیشتە سەر تاوانبار کردنی یەکتری، ئەوەبوو منیان بە چەپ و مولحید دانا، کەچی من مولحید نەبووم و بەو مانایەی ئەوانیش دەیانوت چەپیش نەبووم. هەندێک کتێبی شیوعییەکانم خوێندبووەوە، بەڵام تا سەر ئێسقان نەتەوەخواز بووم. گفتوگۆی ئەو ئێوارەیە بووە مایەی ئەوەی واز هێنانم لە ڕیزەکانی قوتابیاندا.. ئەگەرچی کە چوومە کولیەی کشتوکاڵ لە بەغدا وەکو تەحەدایەک لەبەردەم ئیتیحاد تەڵەبەی بەعسییەکان بێ ترس وتم، من لە یەکێتی قوتابیان دام!! کە ئەوە لەکۆتایی ١٩٧٣ دا جورئەتی دەویست و من خۆشم وازم لە قوتابیان

هێنابوو، بەڵام لە مقابەلەی تەڵەبەدا هەستم بەجۆرە لاوازییەکی قوتابییە کوردەکان کرد لە بەرانبەر بەعسییەکی لەڕ و لاوازی کەس نازانێ کوڕی کێدا!!

هەر ئەو ساڵە کۆڕێکی شیعر خوێندنەوە لە هۆڵی «ساطع الحصري» کرا لە بەغدا و لەوێ شیعرێکم خوێندەوە، کە دواتر لە «ڕۆشنبیری نوێ» دا بڵاوبووەوە کە ئەوسا لە شێوەی ڕۆژنامە دەچوو. هاوزەمان لەگەڵ ئەو شیعرە مەحمود زامدار چاوپێکەوتنێکی کورتی لەگەڵ کردبووم دەربارەی ئەرکی ئەدیب لەقۆناغی نوێدا، وتبووم: ئێمە دەبێ کوێستانمان خۆش بووێ و هەموو کوردستانمان خۆش بووێ!!

ئەو شیعرو وەڵامەم کە لە ژمارە (٢٠٢) ی ڕۆژنامەی (هاوکاری)دا بڵاوکرایەوە، سەرنجی هەندێک لەبرادەرانی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستانی ڕاکێشابوو. ئەوەبوو لەیەکەم دیداری نێوان من و ئەرسەلان بایزدا. کە ئەوسا هەندێک وتاری ئەدەبی لە ڕۆژنامە کوردییەکاندا بڵاوکردبووەوە. ئاماژەی بۆ قسەکانم کرد و وتی: مەبەست لە کوردستانەکان چییە؟ وتم: هەموو ئەو وڵاتانەی وەکی وڵاتەکەی من گرفتاری دەستی داگیرکەرانن. ئەو دیدارە سەرەتای پەیوەندی دروستکردنی من بوو لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە، کە تا ساڵی ١٩٧٧ درێژەی کێشاو کە زانیم ئیتر من و حیزبایەتی لە دووڕیانێکداین، یا دەبێ ئەدەب بکەمە پێناو یا ئەوەتا سەربەخۆیی ئەدەب بپارێزم و وەکی شاعیر سیاسی بم نەک حیزبی، وام کرد و قەتیش پەشیمان نیم و دڵنیام کارێکی ڕاستگۆیانەم کردووە، چونکە شاعیر موڵکی هەموو لایەکە کە چووە ناو هەر بازنەیەکی حیزبییەوە زیانێکی زۆر بە خۆشەویستی دەگەینێ لە ناو خەڵکیدا.

پۆلی دووی ناوەندی بووم کە خولیای شیعر بە شاراوەیی لە ناخمدا چەکەرەی دەکرد. دەنگێک لەبن دوورترین چینی هەستدا دەلەرییەوە، ئاوازێک لە دوورترین ئێوارەوە دەهات، ڕەنگێک لە ناو تاریکی نەستدا



بەئاستەم دەبریسکایەوە، نەمدەزانی چییە؟ پێویستم بە دەربڕین بوو، نەمدەتوانی. پێویستم بەهەڵدانەوەی پەردەیەک بوو کەچی نەمدەزانی چۆن؟ پێویستم بەهاوڕێیەک بوو لە ناو هاوڕێکانمدا دیار نەبوو، پێویستم بە نووسینێک بوو لە ناو کتێب و دەفتەری قوتابخانەدا نەبوو، پێویستم بەعەشقێک بوو لە ناو کچانی گەڕەک و شاردا نەبوو، پێویستم بە ئایەتێک بوو لە قورئاندا نەبوو، پێویستم بەڕەنگێک و ئاوازێک بوو لە ناو ڕەنگ و ئاوازەکاندا نەبوو. لە شتێک دەگەڕام نەمدەزانی چییە؟

پۆلی دوو بووم دووی تەواو، چاردە ساڵان بووم چاردەی تەواو. ناوەندی (کۆماری) زۆ دوور نەبوو لە ماڵمان، هەر لەکۆڵانی بیرێژییان سەردەکەوتی و ئیتر بینای بەرزی لە بەردی چیا دروستکراوی قوتابخانە ڕووبەڕووت دەبووەوە. ئەوسا ئەو هەموو شوێنە گشتییانە نەبوو، نە شار هێندە گەورە بوو، نە ئەو هەموو بارەگاو بنکەی پۆلیس و دائیرە و مزگەوت و چی و بەچییە هەبوو. قوتابخانە هێمای حکومەت و دەوڵەت بوو. هەندێک لە وانەکان سەرنجیان ڕادەکێشام بەڵام هیچ کامیان بڕیان نەشکاندم، من خولیای شتێکی تر چووبووە خوێنمەوە، بەڵام بەکێ بڵێم و ئەو شتە چۆن بدرکێنم؟ مامۆستاکان کە هەندێکیان کورد و ئەوانی تر عەرەب و تورکمان بوون تا ئاستی وەڕسبوون لە سنووری وانەکان دا قەتیس دەمان و جورئەتی ئەوەیان نەدەکرد یاخود نەیاندەتوانی لەوەی هەیە زیاتر برەو بەوانەکان بدەن بۆیە قوتابییەکان هەوەسیان بەدەرسی وەلیە فەندیەک دەهات کە مێژووی دەوتەوە و زۆربەی کاتی دەرسی بەنوکتە و قسەی سەیر بەسەر دەبرد. هەموو دەمانزانی مامۆستا وەلی چەند جاران لە فڕۆکە بەربۆتەوە و هەرجارە کەوتۆتە کوێ؟

جارێکیان دەریای سپی ناوەڕاست کە شانسی ئەو، ئەوکاتە دەریا وشکی کردبوو، ئەوی تر کارگەی ئیسفەنج!!

قسەکانی دەبوونە مایەی پێکەنینی قوتابیان بۆیە جارجارە کە دەیبینی شیرازە بەرەو تێکچوونە تووڕە دەبوو، ئیتر هەمووان دەهاتینە سەر سکە.

قوتابخانەکەمان دوو نهۆمی بەرز و حەوشەیەکی گەورەی هەبوو، نیوەی چیمەنتۆ و نیوەکەی تری گڵ بوو، من حەزم لە پیاسەی ناو حەوشە گڵەکە بوو، بەتایبەتی کە لەوێوە چیای سەفین بە جوانی لەو دوورەوە دیار بوو. هەوایەکی پاک لەلای باکوورەوە دەهات هەناسەمانی پڕ دەکرد لە بۆنێکی خۆش، بۆنێک کە ئێستا نازانم هی چی بوو؟ هی گوڵە پڕتەقاڵی ماڵەکانی دەوروبەری قوتابخانە، یا هی دەشت و دەر بوو دەهاتە ناو شار و یەکەمجار بە لووت و هەناسەی ئێمە دەکەوت! لەبەرئەوەی لە ماڵەوە شوێنی خوێندنم زەحمەت بوو، بۆیە دوای دەوامیش پشوویەکی کەمم دەدا و ئیتر بۆ خوێندن دەچوومەوە هەمان قوتابخانە و لەبن دیوارەکاندا بە هاتوچۆ دەرسمان دەور دەکردەوە چەند برادەرێکیشمان دەدی و لەکاتی پشوودا قسە و باسی جۆراو جۆر دەهاتە گۆڕێ. ڕۆژێکیان برادەرێک دەفتەری شیعری فەرید زامداری بۆ هێنام کە بە دەستخەتێکی جوان و بەجۆرەها ڕەنگ نووسرابووەوە، خوێندمەوە، پێدەچوو هەموویان چوارینە بن و لاسایی ئەو شاعیرانەی تێدا کردبێتەوە کە چوارینەیان نووسیوە، بەگشتی شیعرەکان دڵداری بوون. پێدەچوو ئەو کات فەرید تازە دەستی بە شیعر نووسین کردبێ، چونکە لەو دەستنووسە ئەو هێمایە دیار بوو. لەو ماوەیەدا هەندێک لە دیوانی شاعیرانی کلاسیکی کوردم خوێندەوە لەگەڵ دیوانێکی کامەران موکری. دواتر کە بۆ خوێندن دەچوومە کتێبخانەی گشتی کتێبی زۆرتر و هەمەجۆرترم دەست دەکەوت و کتێبەکانی سەلامە موسا و هەندێک لە دیوانەکانی بەدر شاکر سەیاب و بەیاتی و نزار قەبانیم خوێندەوە. کە عەبدوڵڵا پەشێویشم ناسی سوودی زۆرم لە کتێبخانەکەی وەرگرت و لەوێ هەندێک کتێبی مەنفەلوتی و چیم دی ئەحمەد خواجە و فرمێسکی نهێنی جەمال شارباژێڕی و هەندێک لە کتێبەکانی جەبران خەلیل جەبرانم



خوێندەوە. برادەرایەتیم لەگەڵ عەبدوڵڵا پەشێودا لە قۆناغی ئامادەییدا دروست بوو. پەشێو بۆ من هێمای شاعیریەتی بوو، چ لە قسەکردن و هەڵسوکەوت و چ لە نووسیندا. زمانێکی پاراو و ڕەوان و بێ گرێ، ڕستەکانی کورت و پڕ، بەئاسانی دەچوونە دڵ و بەزەحمەت دەهاتنە دەرێ. ئەو بەتەمەن لەمن گەورەتر بوو بەڵام زۆر ڕووخۆش و متوازیع بوو، ئەوەندەم هەوەس پێ دەهات کە گوێی لێ دەگرتم کاتێک ڕا و سەرنجێکی خۆم دەردەبڕی، یا گفتوگۆم دەربارەی بابەتێک درێژە پێ دەدا. دوورکەوتنەوەی پەشێو لە تەمەنێکی زوودا لە هەولێر زیانێکی زۆری بە باری ئەدەبی ئەو شارە گەیاند، ئەگەرچی کەسایەتی پەشێو وەکی هەموو هەولێرییەکی تر لێوانلێو بوو لە نامۆیی و جۆرێک لە شەرم و گۆشەگیری و هەر ئەوەش وای لێ کرد نەتوانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەدیبانی ئەو شارە پەرە پێ بدا، ئەویش دواجار بچێتەوە ناو بازنە سووتێنەرەکەی نامۆیی و دوور و نزیک بایەخ بەوانەش نەدات کە لە دوای ئەو لە شارەکەیدا شیعریان هەڵگیرساندووە لە ناو شەوەزەنگی بێ دەنگیدا. پەشێوو لە شیعردا ڕووی دەمی لە کۆ بوو، بۆ کۆ دەینووسی. لەدەرەوەی خۆیدا دۆنن کیخۆتە بوو. شمشێری لەڕووی زوڵمی کۆمەڵایەتی هەڵکێشابوو، لەڕێی موعاناتی عەشق و دڵدارییەوە گرفتەکانی لەگەڵ دەسەڵاتە باوەکان گەیشتبووە لوتکە. پەشێو شاعیرێکی یاخی بوو لە بەرانبەر ئەو زوڵمەی یەکەمجار لە خودی خۆی کرابوو، بارتەقای ئەو زوڵمە شیعری دەهۆنیەوە. لای ئەو هاوکێشەی (ژن- نیشتمان) فرە ڕەنگ و فرە مەعنا بوو، بەڵام کام ژن و کام نیشتمان؟ ژنێک کە پەشێو لە ژیانی خۆیدا وەفاو خیانەتەکانی دەبینێ، بێدەربەستی و هەڵخەڵەتاندن و ڕاستگۆییەکانی، پەشیمان بوونەوە و گەڕانەوەکانی. نیشتیمانیش بەهەمان شێوە. هەر تەنیا ئەو ئالایە نەبوو کە بەدەستی شۆڕشگێڕێکەوە دەشەکایەوە، بەڵکو ئەو شمشێرەکەشە بوو کە بەسەر تەوقی سەرەوە و هەردەم هەڕەشەی مردن دەکا.

نیشتمانیش پەیمان دەبەستێ و پەژیوانیش دەبێتەوە، ڕۆڵەکانی داڵدە دەداو بێ لانەشیان دەکا!

پەشێو هەمیشە وەکی گوڵەبەڕۆژە ملی لارکردۆتەوە بەرەو لای ژن و نیشتمان.

خوێندنەوەی شیعر ئەگەرچی پەیوەندی بەجۆر و ئاست و تۆنی دەنگەوە هەیە، بەڵام خۆشی تەقلیدێکە بەپێی زمان و جۆری شیعر و تێگەیشتنی شاعیر لە شیعر دەگۆڕێ. ئەو شیعرانەی لە حەفتاکاندا دەنووسران دوو بەش بوون، یەکیان ئەو پەڕی حەماسی و ئەوی تر دڵدارییەکی ڕووت، سەلاح شوان قەسیدەیەکی بەناوی (دڵدارەکەم) بڵاوکردەوە، لەوێ هاوکێشەیەکی هونەری دروست کردبوو لەنێوان هەردووکیاندا، حەماسێکی زیاد لە لزووم و دڵدارییەکی ڕووت. کۆکردنەوەی ئەو دوو ئاڕاستەیە توانایەکی شیعری باشی سەلاحی نیشان دەدا. ئەو شیعرە کەوتە سەر زاران و زۆریش لە شاعیر و ئەوانەی تازە دەستیان بە شیعر نووسین دەکرد کەوتنە ژێر ئەو جۆرە مامەڵەکردنە. ئیتر وشەی دڵدارەکەم بووە سەرەتای زۆر شیعری دوای خۆی. بەڵام سەلاح ئیلقایەکی خراپی هەبوو، کەچی شێرکۆ بێکەس کاتێک قەسیدەی (دڵدارەکان..)ی لە فیستیڤاڵی شیعری کوردی لە هەولێر خوێندەوە هۆڵەکەی تەواو لەگەڵ دەنگی خۆی خرۆشاند. ئەو کات شیعر پەیامێک بوو بۆ دەرەوە، تا ئێستا شێرکۆ لەسەر هەمان ئاڕاستە و بۆ هەمان مەبەست دەنووسێ و ئەوەش بەلای منەوە دوو ئامانجی جیاواز دەپێکێ، یەکیان دڵسۆزی شاعیر بۆ پەیامەکەی کە ئەوە لایەنە ئیجابییەکەیەتی، ئەوی تر دیاریکردنی سنووری دەربڕین و گیرخوازی شیعر لە ئاقارێکی مەعنا گشتییەکان کە ئەوەش لایەنە سلبییەکەیەتی، ئەزموونی شێرکۆ بێکەس تەقلیدێکی شیعری ئێجگار پایە بەرزە لە مێژووی ئەدەبی کوردییدا و لەسەردەمی کزبوونی ڕەمزی شیعریدا ژوانی



شاعیر بگەینێتەوە لووتکەی کەسایەتی نەتەوایەتی لەڕێی ئەو ئەزموونە دەوڵەمەندەی لەبواری تایبەتی خۆیدا، بەمەش لە ناو هاوڕێکانیدا دەکرێ ئەو بەتەنیا بکرێ بە نموونەی قۆناغێکی شیعری دوای گۆران و بەدرێژترین ڕێچکەی شیعری سەر بەرەو هەوراز هەڵکشاو دادەنرێ. من خۆم هەر لەسەرەتاوە حەزم لە شێوازی نووسینی شێرکۆ نەبووە، هەروەکو پێشتر وتوومە زمانی شیعری عەبدوڵڵا پەشێو و جەلال میرزا کەریم زیاتر سەرنجیان ڕادەکێشام، بەڵام نەوەیەکی شیعری بەدەنگ و سەدای شیعری شێرکۆ گۆش کراون. ئەو جۆرە ئەزموونە بەڕاستی پێویستە ڕێزێکی لە ئەندازە بەدەری شیعری لێ بگیرێ. ئەگەر لە ئەدەبی کوردیدا چەندین ئەزموونی لە چەشنی ئەو بەڵام جیاواز لە شێوازی نووسین و تەماشاکردنی شیعر هەبووایە ئێستا ئەو هەژارییە شیعرییەی هەمانە نەدەبوو. شێرکۆ بێکەس توانیویەتی سوود لە جۆری ئیلقاکردنی شیعر ببینێ و دەشزانێ کە ئەو جۆرە شیعرەی ئەو دەینووسێ بەڕێی گوێوە باشتر دەچێتە دڵەوە، بۆیە ئەو بەگیانی سەردەمی زێڕینی شیعر ئەو کاتەی شیعر بەچاو نەدەخوێندرایەوە بەڵکو دەبیسترا بەهەمان ئەو گیانە هەرجارە و دیوانێکی خۆی دەخوێنێتەوە، ئەوەش تەقلیدێکە ئەو دایهێناوە و تا ئێستاش سەرکەوتووە تێیدا، بەتایبەتی لە پاراستنی ئەو پێوەندییەی لەگەڵ گوێگرانی خۆیدا. ئەو جۆرە خوێندنەوەیەی شیعر هی ڕۆژگارێکە کە شیعر وەکی پردێک پەیامێکی دەگەیاند، وەکی چەکێکی نهێنی لە ناو خەڵکیدا دابەش دەکرا، چەکی ورە بەرزی و بەگژداچوونەوە. ئێستا ڕۆژگارێکی ترە و پەیامی شیعریش گۆڕاوە و ئەو پەیامە نەماوە ڕابگەینرێ، بەڵکو هەرکەسە و پێویستە لەگەڕان بەدوایدا لەخۆیدا بیدۆزێتەوە، بۆیە شیعر هانی خوێنەرانی دەدا بۆ ئەو گەڕانە و پێی ناڵێ ڕاستی لە کوێیە، چونکە ڕاستی بەگوێرەی ئەوانەی بەدوایدا دەگەڕێن زۆرە و هەریەکە و پارچەیەکی دەدۆزێتەوە، و شاڕاستەقینەکەش گەڕانەکە خۆیەتی. خۆش بەحاڵی شێرکۆ

بێکەس کە وەکی دوا داهێنەری گەورەی سەردەمی پەیام ماوە و درێژە بە ئەزموونەکەی دەدا و ڕۆحی شیعرییەت هەمیشە بەپێوە دەهێڵێتەوە و دەنگەکەشی هەروەکو جاران بەسۆزەوە وەلێ ڕوو لەکزییە. تەمەن ئەگەرچی کاری ناڕەوای خۆی دەکا، بەڵام شاعیر ئەو کەسەیە کە هەمیشە بەڕۆح گەنجە و تەمەنیشی بەساڵ ناپێورێ بەڵکو بە ژمارە و ئاستی بەرهەمەکانی.

عەنکاوە کاتی خۆی گوندێکی نزیکی هەولێر بوو، خەڵکەکەی بەکشتوکاڵەوە خەریک بوون. ئەو شوێنە بەهۆی کۆنترین کەنیسای مار گورگیسەوە یەکێک بووە لە ناوەندە گرنگەکانی ئایینی مەسیحایی لە ناوچەکەدا. کاتی خۆی خەڵکی ئەو شارۆچکەیە زۆر تێکەڵاوی خەڵکی هەولێر بوون و دۆستایەتییەکی پتەو لەنێوان خێزانەکانی هەردوولادا هەبوو، چ لەڕێی ئەو هەموو دیانەی لە قوتابخانەکانی شاردا دامەزرابوون یا بەهۆی کاری کشتوکاڵییەوە. باوکم هەندێک برادەری دیانی هەبوو لەوانە مام صلێوە ناوێک بوو کە تەواو لەگەڵمان تێکەڵاو ببوو، لەڕێی ئەو مام صلیێوەیەوە زانیم کە کەسانێک هەن لە نزیکمانەوە لەسەر دینێکی ترن و پێغەمبەری خۆیان و دابونەریتی خۆیان هەیە کە لەسەر بیر و باوەڕی خۆی لە خاچ دراوە. لە شەستەکاندا باوکم شینایی هەبوو لە پشت مریەمە دیان کە مەزارێکی ئەو مەسیحییانە بوو. هەندێک جار کە دەچوومە لای باوکم لە ڕێگا ئەو هەموو ژنە دیانەم دەدی کە دەچوونە سەر مەزارەکە، ساڵی جارێکیش ژن و پیاویان دەچوون و مۆمیان لەسەر ئەو مەزارەدا دادەگیرساند و نوێژ و تاعەتی خۆیان لەوێ جێبەجێ دەکرد.

لە حەفتاکاندا ئەو کاتەی کورد دەستەڵاتی لەشارەکاندا هەبوو بایەخێکی ئەوتۆی بەو ناحیەیە نەدا و دواتریش کە شۆڕش هێزێکی مەعنەوی هەبوو لەشارەکاندا ئەو پشتگوێ خستنە درێژەی کێشا و بەعس توانی سوود لەو



کەلێنە وەربگرێ. عەنکاوە لەڕێی ئەو هەموو ژمارە زۆرەی مامۆستایە کە هەیبوو توانی خزمەتێکی زۆر بە ڕەوتی پەروەردە بکات لەهەولێر و هەر قوتابخانەک بەلانی کەم چەند مامۆستایەکی دیانی عەنکاوەی تێدابوو.

عەنکاوە لە ناوی عەمکاباد و عەمکاوە هاتووە کە هێمایە بۆ عەم عەمانۆئێل ساڵی ١٩٢١ یەکەم قوتابخانەی تێدا کراوەتەوە و ساڵی ١٩٣٩ یەکەم قوتابخانەی کچان، کەچی تا کۆتایی شەستەکان ئینجا ناوەندی تێدا دامەزرا و تا ئەو کاتە قوتابیانی ڕێی نێوان شارۆچکەکەیان و هەولێریان بەپێ یا بەپاس دەبڕی بۆ خوێندن، ساڵی ١٩٥٨ یەکەم جار شارەوانی تێدا دامەزراوە و لە کۆڵانەکانیشدا ئەو کاتە فانوسی نەوت هەڵدەواسرا تا ساڵی ١٩٦١ کارەبای بۆ ڕاکێشرا. لە ڕووی ڕۆشنبیری و ئەدەبیشەوە گەلێک قەشەی خوێندەوار و دیاری تێدا هەڵکەوتووە و چەندین ئەدیبی دیاری سەردەمانی زووش لەوانە گۆرگیس وەردە «شاعیری پاکیزە» و خامیسی کوڕی قەرەداغ کە خاوەنی دیوانێکی گەورەی شیعرە و ئێستا لە ڤاتیکان پارێزراوە و بەشێک لە شیعرەکانی گفتوگۆی نێوان مانگەکانی ساڵە یا گفتوگۆی نێوان زێڕ و دەنکە گەنم.. تاد.

لە هەشتاکاندا ئەو دوورکەوتنەوە لەنێوان کەلتووری کوردی سریانی عەنکاوە زیاتربوون تا ئەو ئەندازەیەی هەندێک لە خەڵکی ئەو شارۆچکەیە خۆیان لە عەرەب نزیکتر دەبینی نەک لە کورد و لە نەوەدەکانیشدا ئەو دوورکەوتنەوەیە درێژەی هەبوو، بەداخەوە کورد نەیتوانی ئەو نزیکییەی جاران بگێڕێتەوە و لەسەر خاکی ولاتی خۆیاندا کەلتووری کوردی و کلدانی زمانی لەیەک حاڵیبوون بدۆزنەوە.

لە کوردستاندا جگە لە کلدانی بەشێکی تری گرنگی مەسیحایی هەن ئاشوورین، ئەوانیش میللەتێکی کۆن و خاوەن ژیار و کەلتووری دەوڵەمەند بوون لە ناوچەکە و لە ولاتی کوردستانیشدا. ئەو میللەتە ئازا و جەربەزەیە

لەشەڕ بووە خۆراکی دەستی شەڕی ناوخۆیی و جگە لە ڕووخانی ئیمپراتۆریەتەکەی کەوتە بەر پەلاماری یەک لەدوای یەکی دەسەڵاتەکانی ناوچەکەش، کە هەلی ئەوەیان دەقۆستەوە گۆیە ئەوانە موسڵمان نین و کافرن و ڕێگرن لەبەردەم خواستی خەلیفەکانی خوا لەسەر زەویدا!!

جێگەی داخە هەمان دوورکەوتنەوە لە نێوان کەلتووری کورد و ئاشووریشدا هەیە، ئەگەرچی ئاشوورییەکان لە زۆربەی شۆڕش و ڕووداوەکاندا لەگەڵ کورد شان بەشانی یەکتر ژیانیان بردۆتە سەر و تووشی جۆرەها چەوسانەوە و نەهامەتی بوون و گوند وماڵیان کاوڵ کراوە و دەربەدەر و زیندان و قەتلوعامیش کراون. کەچی ئەو جۆرە پەیوەندییە نەپەڕیوەتەوە ناو کەلتوور و نەبۆتە مایەی دروستکردنی کەلتوورێکی هاوبەش و مۆدێرن کە بتوانێ ببێتە زمانی هاوبەش لە نێوانیاندا. ئێستا کەلتوور و ئەدەبی کوردی کە لە بەردەم گۆڕان و پێویستی نوێبوونەوەدایە، دەبێ سەر لەنوێ لە بەرانبەر ئەو لایەنە گرنگە بەخۆیدا بچێتەوە و دان بەوەدا بنێ کە کەمتەرخەم بوون لەئاست ئەو نەتەوە هاوبەشانەی، بەهەمان شێوە و بەجۆرێکی تریش دەتوانین باسی زمانی هاوبەش لەنێوان کەلتوور و ئەدەبی کوردی و تورکمان بکەین. ئەو جۆرە تەماشاکردنە تازەیە دەمانباتەوە بۆ خوێندنەوەیەکی تازەی مۆزائیکی کەلتوورەکان لە کوردستاندا کە جگە لە ئاشووری و تورکمان جوولەکە و ئەرمەنیش ماوەیەک لەسەر ئەو خاکەدا ژیاون و هەندێکیشیان تا ئەمڕۆ خۆیان بەخەڵکی ئەو وڵاتە دەزانن.

پەیوەندی نێوان کەلتوورەکان لە کوردستاندا پێویستییەکی کاتی نییە، بەڵکو بەخۆداچوونەوە و خۆکردنەوەیە لە بەرانبەر کەلتووری تردا، بەر لەهەموو شتێکیش خۆ ڕزگارکردنە لە چوارچێوەی غرووری نەتەوەیی و فیزی کەلتووری سەر دەستە، ئەنجامیش کەلتوورێکی کوردستانی هاوبەش



دروست دەبێ کە لەگەڵ سەرەتاکانی گیانی سەردەمدا بگونجێ. ئەوەی مەبەستمە بەخشینی جۆریک لە مافی نەتەوەیی نییە بەوانی تر، بەڵکو سەر لەنوێ خۆ دروست کردنەوەیە لەگەڵ ئەواندا ئەگینا کە گۆڤارێک بۆ ئەدەبی تورکمانی دەربچێ هەق نییە لەلایەن هەندێک ئەدیب و نووسەری کوردەوە (قۆرخ) بکرێ و زۆربەی بابەتەکانیشی بۆ بڵاوکردنەوەی ئەدەبی کوردی بێ، لەکاتێکدا ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەدەبی تورکمانی بناسێنێ و بە پێچەوانەکەشی، واتا پردێک بێ بۆ هەردوو لا. یا ئەو هەموو ڕۆژنامە و گۆڤارەی کلدان و ئاشورییەکان چ جۆرە نزیکبونەوەیەکیان تێدا ڕەچاو کراوە لەگەڵ کەلتووری کوردیدا. ئەو جۆرە مەبەستە لە ئارادایە؟ ئەو دوورە پەرێزی و دوور کەوتنەوەیەت لە چی؟

بەداخەوە شەڕ و ئاشووب و سیاسەتی توند و تیژی بۆتە مایەی جیاکردنەوە و لەیەکترازانی بەینی براکان، بەینی ڕۆڵەکانی ئەم وڵاتە، ئێستا کە تارمایی توند و تیژی ڕوو لە بڕانەوەیە، چۆن ئەو هەموو دڵە شکاوانە چاک بکرێنەوە؟ ئەوە پرسیاری پرسیارەکانە.

من لێرەدا لەسنووری ئەرموونی شەخسی کەمێک لامداوە بۆ خستنە ڕووی پێویستییەکی گرنگی کەلتووری گشتی، ئەگینا شیعر پێویستی بە هیچ جۆرە دانپێدانێک نییە، بەڵکو پێویستی بەخۆتێپەڕاندنە. نهێنی شیعر و شاعیران ئێجگار زۆرن، هەندێکیان زانینیان ئاسان و مومکینە، ئەوەی تر نەزانراو و عاسێ، لە پەنای پەلک و گوڵی وشەدا بەسەد تەرزە دەدرەوشێنەوە هەندێکیان نهێنی هەرە گەورەش نووسینی شیعر خۆیەتی. من نەم وتووە شاعیر لەپشت هەورانەوە ئیلهامی بۆ دێ، ئەو مرۆڤە و وەکی هەموو مرۆڤێک کە دەنوێ خەون دەبینێ و دڵی بە زۆر شتان دەکرێتەوە و زۆر جارانیش دڵی دەکوشرێ، پێدەکەنێ و دەگری، پیاسە دەکا.. تاد. بەڵام پرۆسەی نووسینی شیعر و کەشوهەوای ئەفراندن جۆرە

کەسایەتییەکی وای لێ دروست دەکا کە لە زۆر کەسی تر نەچێ. شیعر پاکبوونەوەیە بەردەوام نزیکی دەخاتەوە لە خاسیەتی بەفر. بۆ باسکردنی ئەو حاڵەتە پەنا دەبەمە بەر چۆنیەتی چوونە ژووانی شیعر. سەرەتا بێدەنگییەک - جا زۆر دەخایەنێ یا کەم- جگەرەیەک- مەرجیش نییە- قومێک مەی - مەرجیش نییە- لە شیعر نووسیندا یاسایەک نییە، هەر شاعیرە و هەر شیعرە و تەشقی خۆی لەگەڵ خۆیدا دێنێ. من سەرەتا خۆم لە کاغەزی سپی دەسووم، خۆمی لێ لوول دەدەم، شوێنی لەو پان و پۆڕییەوە دەبێتە شوێنی نووسین بەس. کە کەوتمە حاڵەتی نووسین شوێنی تەسکتر دەبێتەوە و شتەکانیش بەم شێوەیە: دەنووکی پاندانەکەم- تا ئێستا هەر بەقەڵەمی حوبر دەنووسم- نووکی پێنووس و کاغەز، و تەپڵەکی جگەرە و شووشەی مەرەکەب و دەفتەرێک یا کتێبێک دەبنە ئێکسیسوار، وردە وردە ئەوانیش نامێنن، خۆم وەک تەمێکی سپی بەسەر کاغەز و قەڵەمەوە کە کەوتمە حاڵەتی بارین، هەوریش نامێنێ، منیش دەبمە وشەی ناو بۆشایی و نائاگایی، هەر وشە دەمێنێ و وشە و بەس. بۆیە ڕاستیان وتووە کە دەڵێن، شیعر لە وشە دروست دەکرێ نەک لە چشتی تر. بەو شێوەیە لەو پرۆسەیە میتافیزیییەدا شاعیرێک بوونێک دەخوڵقێنێ لە وشە، بوونێک کە پێشتر بەخەیاڵیدا نەهاتووە، ئەندازەی بۆ نەکێشاوە. بوونی وشە و ئاواز، دواتر لای خوێنەر ئەو بوونە دەچێتە دۆخی ترەوە، لەو حاڵەتی نائاگاییەدا، دیمەن و وێنەی دەرەوە دێنە ناوەوە، بەڵام وەکی ئەوە نین کە لە دەرێدا هەن، شتێکی تر و لە حاڵەتێکی تردان، ئەوان لەدەرێ هێزو توانای خودی و سروشت دەسەلمێنن کەچی لێرە هێز و توانای شاعیر. هەموو ئەوانە دەچنە چنینەوەی چەپکێک تیشک کە شاعیر دوای ماندووبوون لە ئەشکەوتە ئێجگار دوورەکاندا دەیهێنێ و لەمەملەکەتی بەشەردا بەرەڵڵایان دەکا.

هەندێک جار ئەو پرۆسەیەم وەکی هاتنە خوارەوەی مەسیح دێتە بەرچاو



لەسەر سێدارەدا، ئەوانە هەموویان موعجیزەن و شنەی خواوەندیان بەرکەوتووە بۆیە شاعیر دوای پرۆسەی نووسین وەکی تاوس پەڕوباڵی ڕەنگاو ڕەنگی گیڤ دەکاتەوە و نەشئەیەکی ئومێد دەیگرێ کە پێشتر بەزەحمەت چنگی دەکەوێ. ئایا شتێک لە پشت پەردەی بێ ئاگاییدا ئەو چەپکە ڕووناکییەی نەداوەتێ؟ شاعیر لەکاتی بڕینی تخوبەکاندا لە هێزێک نزیک دەبێتەوە کە بێ سنوور و هەتا هەتایە، ئایا پەنای بۆ دەبا بۆ دۆزینەوەی ئیحاو توانای بێ ئەندازە، یا تەنیا دەگەڕێتەوە کە چوونی هەیە و نەهاتنەوەی نییە!! کاتێک شاعیر لە کامڵبوون نزیک دەبێتەوە کە هێندەی مێروولەیەک لەزەوی نزیک بێتەوە و کە فڕیش هێندەی تیژترین باڵندە بەرزە فڕبێ.

شەستەکانساڵانێکی غەریب بوو وەکی خۆمان. ڕووداو زۆربوون هەمووشیان دیار و لەبەر چاوان، کەچی شارەکان کپ و خامۆش بوون، سنووری ئازادی هێندە بەر تەسک بوو، جێگەی هیچی تێدا نەدەبووەوە، لەپەنجاکاندا کورد چووبووە ناو بازنەی ڕووداوی پان و پۆڕەوە، لە دەریای عێراقدا غەرق بوو بوو، سیمای نەتەوایەتی دیار نەمابوو، (بەغدا)ش ئەوەی گەرەک بوو. لەگەڵ شەستەکاندا ئەو تایبەتمەندییە نەتەوایەتییە بەدیارکەوتەوە، لە شەست و یەک شەڕ و شۆڕش هەڵگیرسا، ململانێی خێڵ و عەشیرەتەکان زۆر بوون، هەرای ناوخۆ پەیدا بوو، شەڕ و توند و تیژی پەرەی سەندبوو، جاشایەتی پەیدا بوو، زوڵم و زۆری حەرەس قەومی، ..تاد، کەچی لە شارەکاندا ڕەنگدانەوەی ئەو هەموو ڕووداوانە نەگەیشتە سەر شەقام. ڕۆژنامە و گۆڤار هێندە کەم بوون و ئەو کەمەش لە ژێر سانسۆری دەسەڵاتدا پەرت بوو، هەولێر چەند گەڕەکێک بوو، ئەو قەرەباڵغییە پەیدا نەبوو بوو، ئەو هەموو خەڵکە لە گوند و لە شارانی ترەوە بۆی نەهاتبوون، لە قوتابخانە و شوێنە گشتییەکاندا باسی سیاسەت بە ئاشکرا نەدەکرا، ئەدەب و کەلتوور لەو پەڕی سستی دابوو، جگە لە

چەند کتێبێکی کەم بەدرێژایی ئەو دە ساڵە هیچی تر چاپ نەکرا، سیاسەت بریتی بوو لە مشتومڕی باڵەکانی ناو پارتی و شیوعی، ئەویش هەر قسەی ناو خەڵکی دیاریکراو بوو جا لەکوێوە ئەو گفتوگۆیە بڵاوکرابایەوە، کە نە ڕۆژنامەیەک هەبوو نە تەلەڤزیۆن و نە گۆڤارێکی بەربڵاو لەو ماوەیەدا شیعر لەحاڵەتی نیمچە خامۆشی دابوو. لەشارەکاندا مشتومڕی شاری و کرمانجیش پەرەی سەندبوو (هەولێری و کرمانج!) لەگەڵ ئەوەشدا جۆرە پەیوەندییەکی ئاسایی هەبوو لە ڕێی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانەوە، ناو بازاڕ زۆربەیان هەولێری بوون، کەچی لە دەشتێ مەڕ و ماڵاتیان بۆ دەهات، بەروبومی ئاژەڵ و سەوزە و مێوەجات و بەفر و خەڵووز و... ئەو پەیوەندییە پەڕیبووەوە ناو خێزانەکانیش ئەگەرچی سنووردار بوو، بەڵام لە ئاستێکی مرۆیانەدا بوو، کەس ئامادە نەبوو ئەو سنوورە ببەزێنێ. ئەدیبان لە کۆمەڵ جودا بوونەوە، پێشتر کە شیعر لە حوجرەکاندا بازاڕی گەرم بوو بەهەمان گەرم و گوڕییەوە نەهاتە ناو کۆمەڵ، جۆرە نامۆیەک کەوتبووە نێوانیانەوە. ئەو ئازادییەی کە شاعیرەکان دەیانخواست لە لای خەڵکیدا جێگای نەدەبووەوە. دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان بەربەست بوون تاکە شتێک کە لە ناو خەڵکیدا سەرچاوەی هەواڵ و کات بەسەربردن بێ ڕادیۆ بوو ئەوانەی عەودالّی هەواڵی شۆڕش بوون هەمیشە بەدوای ڕادیۆی شۆڕشدا دەگەڕان ئەویش بۆ بیستنی دواچالاکی پێشمەرگە، ئەگینا هیچی تر نەبوو شایانی بایەخدان بێت، خۆ وەکی ئێستا ئەو هەموو گفتوگۆیە دەربارەی گەورە و بچووک نەدەکرا ساڵی شەست و یەک چوومە قوتابخانە و ساڵی دواتر خاڵێکی دایکم چوو بووە پێشمەرگە و هێندەی نەبرد لە سەفین شەهید بوو. جارێک بەسەردان و بەدزی هاتبووەوە ناو شار بەر لە شەهید بوونی، هاتە ماڵی ئێمە و من یەکەم جارم بوو پێشمەرگە ببینم، خودایە! ئەوە خاڵە (ئەحمەد)مە؟ هەمان کەسی پێشترە کە دەمناسی کەچی سام و کەسایەتییەکی تری هەبوو، بەڕۆژ لە ژوورێکی بچووکی نادیاردا کە



دەرگایەکی تەسکی هەبوو کەنتۆرێکمان لەبەردەمیدا دانابوو، ئەگەر کەسێک شارەزا نەبا نەیدەزانی دەرگای لەپشتەو ئەو دەرگایەش دەچێتە سەر ژوورێکی مەتر و نیوەوە، کە وەکو گەنجینە وەکی تر بەکارمان دەهێنا دوو ڕۆژ لامان مایەوە و گەڕایەوە نەمزانی چۆن هاتبوو یان چۆن گەڕایەوە ئەو کات تەمەنم ڕێگەی نەدەدام پرسیاری لەو جۆرە بکەم، یا ئەو جۆرە پرسیارانە مافی منداڵ نەبوون بیکا یا بیزانێت، ئەحمەد پیاوێکی کەڵەگەتی ئەسمەر بوو، بێدەنگ و لەسەرخۆ بوو هەر هێندەم لەیادە کە بە بابمی گوت: "تفەنگێکی ئینگلیزیم وەرگرتووە"، ئەوەشم زانی کە لە سەفین پێشمەرگەیە، دوای ڕۆیشتنەوەی پەیوەندی من و سەفین مانایەکی زۆری بەخۆیەوە گرت و نهێنییەکی نوێ کەوتە نێوانمانەوە. دایکم ئەو حاڵەتەی زۆر خۆش دەویست لەگەڵ هەردوو خاڵەکەی تری و دەیوت ئەوانە بەتەنیا خاڵ نین برا گەورەشن، بابیشم زۆر کەیفی پێدەهات دەیوت پیاوێکی بە غیرەتە، ئەو سیفەتەش لای ئەو بۆ پیاو لە سەرووی هەموو شتێکی ترەوە بوو. نەشمدەزانی ئەو قسەی باوکم لە چییەوە سەرچاوەی گرتبوو، هەر لەبەر ئەوەی چۆتە شاخ یا ڕووداوی تر لە نێوانیاندا هەبوو، هەر ئەو جارە و ئیتر ئەو هەورە بەرزە فرەمان نەدیتەوە، چۆن لە ناو تاریکیدا هاتوو ئێوارەیەک لە دەرگای داین، ئەوهاش بەرەبەیانییەکی زۆر زوو کە دنیا تاریک بوو ڕۆیشت کەس نەیدیتەوە. پاش شەهید بوونی زانیمان لە گوندێکی بناری سەفین. ئەسپیندارە شاردراوەتەوە. من تا ساڵی ١٩٧٤ ئەو گوندەم نەدیبوو، ئەو ساڵە کە دیم، شەوێکی بەرهار بوو، کە من لەگەڵ پۆلە پێشمەرگەیەکی هێزی سەفین چووینە ئەوێ. نەمدەزانی گۆڕەکەی لەکام کەرخ بوو، ئەگینا پڕ بە دڵ حەزم دەکرد بچمە ئەو شوێنە، دەمزانی ئێسک و پلوسکی لەوێ نەماوە، بەڵام دڵنیا بووم خاک و خۆڵەکەی بۆنی ئەو خوێنەی هەر پێوە ماوە کە لە زامە گەرمەکانی ڕژابوو، بەتایبەتی کە گوللەی شەستیری فڕۆکەی دوژمن خستبوویە جەستەیەوە ئەو جۆرە مردنانە

زوو لەبیر ناچنەوە، بۆ من ئەوە یەکەم حاڵەتی تێکەڵبوون بوو لەگەڵ یادگارەکانی شۆڕشدا، کە بۆ منداڵێک لەتەمەنی وا زوودا کاریگەری زۆریان هەبوو. بابم برادەری زۆری هەبوو لە ناو پێشمەرگە یەکیان لەوان خەلیل ناوێک بوو کە دواتر لە شاخۆڵان لەگەڵ سەید فەتحی شەهید بوو، ئەو ساڵانەی کە شینایییمان لە نزیک ڕەشکێن بوو ئەو خەلیلە زۆر شەو دەهاتە لای ئەو لە کەپری سەر شینایی لای دەمایەوە، بابم باسی ئەو خەلیلەی بۆ کردبووین، کە پیاوێکی ئازا و چاونەترسە و دۆستێکی دڵسۆزیەتی و زۆریشی هەوەس بە ئازایەتییەکەی دەهات، کە شەڕی شاخۆڵان ڕووی دا و ئەوی تێداچوو، لەماڵمان هەمان حاڵەتی خاڵەکەم دووبارە بووەوە و جۆرێک لە پرسە باڵی بەسەرمان داکێشا، من ئەو خەلیلەم نەدیبوو هەر لە قسە و وەسفەکانی بابمەوە ئاشنایەتیم لەگەڵیدا پەیداکردبوو، دەشمزانی کە گەنجێکی نموونەیییە.

لە هەشتاکانیشدا بابم بەو شێوەیە باسی (ڕێباز)ی دەکرد، زۆر شەو لە دەواجن لە (گرد مەلا)، کە نزیک قوشتەپەیە، هاتبووە لای و ڕەفتار و قسەکانی کاریان تێ کردبوو، هەمیشە گوێم لێی ببوو کە ڕێباز لە ئازایەتی و پاکیدا لە نموونە هەرە جوانەکانە بەداخەوە ئەو جوانانە هەمیشە تەمەنیان کورتە و وەکی ئەستێرە لە مردنیشدا ڕووناکی بەخشن، یەکێک لە کارە هەرە جوان و ڕاستگۆیانەکەی بیرەوەرییەکانیەتی بە ناوی (قەندیل بەغدای هەژاند).

کە کولیەم تەواو کرد خەفەتێکی زۆر دایگرتم. ژیانی بەغدام بەلاوە خۆش بوو، ئەو جۆرە شارە گەورانە کە فێری بووی بەجێهێشتنی زەحمەتە، بەتایبەتیش بەغدای کۆتایی حەفتاکان، پڕ بوو لە شوێنی ئەدەبی و هونەری، لێوانلێو بوو لە چالاکی، پڕ بوو لە کتێب و گۆڤار. هەفتە نەبوو بن باڵم پڕ نەکەم لێیان، وەکی باڵندەی باڵکراوە بۆ فڕین لە پاصی



عەلاوی- ئەبو غرێب لەسەر شەقامی گشتی دادەبەزیم و بە پەلە پەل کە دەگەیشتمە ژووری داخلی، کتێبەکانم لەسەر قەرەوێڵە فڕێ دەدا و یەکێکیانم دەگرتە دەست، ئەوەیان کە زیاتر پەرۆشی خوێندنەوەی بووم. جلم نەدەگۆڕی و جاری واش بووە کتێبەکەم تەواو کردووە، ئینجا کەوتوومەتە ڕیزکردنی ئەوانی تر لە ناو دۆڵابی جلەکاندا یا لەسەر مێزی تەنیشتم. برادەرەکانیشم لەگەڵ ئەو ڕەفتارانەی من ڕاهاتبوون، هەندێکیان کتێبیان دەخواست و ئی واش هەبوو فشەی بە خوێندنەوە دەهات و بەجۆرە شێتییەک هەڵی دەسەنگاند.

ئەو شارە هەر تەنیا کتێبی نەبوو، شەقام و کۆڕنیش و شوێنە گشتییەکانیشی مایەی سەرنج بوون، بەتایبەتیش بۆ منێک کە لەزۆربەی پیاسە و گەڕانەکانیشدا خۆشەویست و هاوڕێی تەمەنم نەهلەم لەگەڵدا بوو. ئەو ساڵانە پڕاو پڕ بوون لە ڕووداو و پڕاوپڕ لە عەشق و لە شیعر و لە ئیلهامی شار. هەمیشە کە تەماشای بینا و پرد و شەقام و کەناری ڕووباری دیجلەم دەکرد دڵنیایی دایدەگرتم، دڵنیایی ئەوەی کە بەرهەمی مرۆ هەرچەندی بچووکیش بێ هەر دەمێنێ، بەجوانی و لەسەر شۆخ و شەنگی خۆی یا بە کۆن و کەلاوەیی. ئەوە شارە کە ناهێڵێ ڕەنجەکان بە خەساربچن، بەتایبەتی ڕەنجی داهێنەر و ئەوانەی شوێنێک بۆ خۆیان دەکەنەوە لە ناو فەزای شاردا. دەمزانی شار بەگەورەیی و قەرەباڵغییەکەی ترسێکی ئەستوور دەخاتە ناخەوە، ترسی ونبوون و دیارنەمان، بەڵام ئەوە شاعیرە داهێنەرەکانن کە ئەو ترسە دەڕەوێننەوە، ئەوە وەستا دانسقەکانن، مۆسیقارە پەنجە زێڕینەکانن، دانای کارامە و لێهاتوون کە پاشماوەکانیان وەکی زێڕی ژێر خۆڵ دەبریسکێتەوە. نایشارمەوە ئەو گەشبینییە بەغدا پێی دەبەخشیم، ئەگەرچی وەکی کوردێک تا ئەندازەیەک هەستم بە غەریبیش دەکرد تێیدا. ئەو ساڵانە ئینتیمای منیان بەلای شاردا بەتەواوی شکاندەوە.

دیوەکەی تری خەفەت، ترسێک بوو لەو جۆرانەی مرۆ لەبەردەم گۆڕان و ژیانی نوێدا تووشی دەبێ. بۆیە دوای تەواوکردن ساڵێک لە ماڵ دانیشتم. لە وەزیفە دەترسام، زۆر فەرمانبەرم دیبوو پێشتر خولیای زۆر شتی گەورە بوو کەچی دوای دامەزراندن وەزیفە هەموو شتێکی لەبیر بردبوونەوە.

زۆرانی تریشم لە یانەی فەرمانبەران دەدی کە بەسەعاتان گفتوگۆیان دەربارەی عەلاوە و ترفیع و هەندێک شتی پووچی وا دەکرد کە من ئامادە نەبووم یەک چرکە ژیانیشمی بۆ تەرخان بکەم، ئێستاش ئەگەر ئەمری ئیداری نەبووایە کە لەم ڕۆژانەدا بەڕێکەوت لە ناو دەفتەرەکانمدا دۆزیمەوە، نەمدەزانی کە من لە ١٧ / ١ / ١٩٨٠ لە کشتوکاڵی کەڵەک بۆ یەکەم جار دامەزراوم. بەڵام کەڵەکی یاسین ئاغا (خەبات) بۆ من پشوویەکی خۆش بوو، نەوەزیفەکەی لە وەزیفەی ئاسایی دەچوو، نەشوێنەکەشی. هەندێک جار هەر بۆ خۆشی و بۆ خوێندنەوە و نووسین شەویش لەوێ دەمامەوە و شوێنێکم بۆخۆم سازدابوو.

ئێوارەیەکیان لە ماڵی برای برادەرێکم بەناوی (ک.) میوان بووم، ژمارەیەک فەرمانبەری ناحیەکە لە مامۆستا و باقی فەرمانبەرانی دائیرە جیاکان لەوێ بوون، لەکاتی قسەکردندا، پێیان وتم، تۆش هەوی؟! نەمزانی مەبەستیان چییە. دواتر تێگەیشتم کە ئەوەی لەوێ کاردەکا بەزۆری کراوەتە بەعسی و پرسیارەکەشیان بۆ ئەوەبوو، ئایا منیش وەکی ئەوانم. وتم: نەخێر، وتیان دەتکەنێ! دائیرەکەمان هەموویان هەوبوون، دوو کەس نەبێ. برادەرایەتیم لەگەڵ دوو شتی ئەوێ بەهێز بوو، زێی گەورە و ژنە هەرکییەکان. زاب کە وەکی پیاوێکی بەژن بڵندی دنیادیدە هەر دەڕۆیشت و تەواو نەدەبوو، هەر جارەو بە ڕەنگ و دەنگێک خۆی دەنواند، هەر وەرز و مەعنایەک، ژنە هەرکییەکانیش دەتوت ڕەوە مامزن بەسرکی دەهاتن و لە ناو دارستانی کالیپتۆسەکاندا خۆیان دەنووشتاندەوە و بەرز دەبوونەوە بەدوای چیلکە و پووش و پەڵاش و لقی شکاودا دەگەڕان، ئەوان



چەند لە ماسی ناو ئاوەکە دەچوون، وەکی ئەوان لووس و بێ گرێ. هەندێک جار وام مەزەندە دەکرد دیمەنیان حەقیقی نییە، بەڵکو تابلۆیەکە لەبەردەممدا لەوانەی سیزان، یا ڕێنوار، یا مانێ.. لە دیمەنیاندا ڕەنگێک هەبوو کە لەتابلۆکاندا بزر، فیگەرێک بوو نادیار، ئەویش دیمەنی ئەو دەستانە بوون کە دەتوت مانگن لە ناو هەوری تەنکدا بەرز کرابوونەوە بۆ سەر شان تا ئەو بارانە هەڵبگرن کە بەپشتیانەوە بوون، جاری واش کە بارەکە گرانبووا کەمێک دەچەمانەوە و دیمەنیان هێندەی تر دڵگیر دەبوو.

ئەو پەرییانە هەر بۆ کارکردن نەدەهاتن، کاتیشیان لە ناو ئەو دارانە بەسەر دەبرد لە ناو سوعبەتی نێوانیان و قریت و هۆڕی پێکەنین و چاوبڕینە ئەم و ئەودا.

دار قەیسییەکان لە وادەی بەرگرتندا چەند جوان بوون، کاتێک ژنە هەرکییەکیش دەستی بۆ دەبرد وەکی چرا دادەگیرسان و دار دەبووە پارچەیەک نوور لەو پارچانەی چاو لەئاستیاندا پڕ دەبێ لە ئاو.

شەڕ و بۆردومانی فڕۆکەکان دەستی پێکرد. یەکەم ئێوارە کە فڕۆکەکانی ئێرانی هاتنە سەر هەولێر، خەڵکی چوونە سەربانی ماڵەکان، وایان دەزانی کە تەنیا ئۆردی (سەربازگە) کان بۆردومان دەکەن، کەچی بەشێک لە بۆمبەکان بەر ماڵەکانی دەوروبەری تانکی ئاوی تەیراوە کەوتن و ئەمەش ترسێکی زۆری خستە ناو خەڵکەوە. فڕۆکەکان هەندێکیان کۆن بوون و فڕۆکەوانەکانیش ئەزموونێکی ئەوتۆیان نەبوو، خاڵەکانی سەرزەویش تەواو دەستنیشان نەکرابوون، ئەوەتا شەڕ تەواو بوو زەرەر و زیانی زۆری لە هاوڵاتییانی سڤیل دا و بۆمبە سەرچیغ چووەکان هەندێک شوێنی نیشتەجێبووونی خەڵکیان لەگەڵ زەویدا تەخت کرد. لە گەڕەکی موفتی ماڵی ئەندازیارێک کەسی تێدا نەما، ئەوە هەر لەگەڵ یەکەم بۆردومان ڕووی دا، هەرچەندە جۆرە قەناعەتێک لای خەڵکەکە هەبوو کە فڕۆکەکانی ئێران شەڕ لەگەڵ ئەوان ناکەن، بەڵکو زیاتر بارەگاکانی بەعس و

سەربازگەکان دەپێکن، بەڵام ئەو جۆرە بەسەهوو چوونەش لە ئارادابوو. جەنگ وەکی ئاگر کەوتنەوە لە تەڕ و وشک ناپرسێ، هەرچی بکەوێتە بەردەمی دەیبا و لووشی دەکا، ئەوەی ئەو زەرەرەی لە مرۆڤایەتی داوە هیچ شتێکی تر نەیداوە.

یەکەم جار کە فڕۆکەکان هاتنە سەر کەڵەکی یاسین ئاغا بەیانییەکی زوو بوو، چوار ڕۆکێتی خڕی ڕەشم بینی لە ئاسمانەوە بۆ سەر پردی ئاسنەکە خل بوونەوە. من چەند سەد مەترێک دوور لە پردەکە لە ناو دار قەیسییەکان بووم، دیار بوو مەبەست پردەکە بوو ئیتر لە چاو ترووکانێکدا دووکەڵێکی چڕ لە شوێنی مەبەست بەرز بووەوە و پردەکەش وەکی پاپۆڕێکی غەرق بوو لایەکی چەقی و ئەوی تری بەهەواوە. ڕووبار پڕ بوو لە ماسی تۆقیوو، تیشکی خۆر لێیانی دەدا و دەبریسکانەوە، ئەوانیش گرفتاری جەنگ بوون. چارەنووسی ئەو بەسەزمانە لەوە باشتر نابێ، بۆمبی ڕاو یا بۆمبی فڕۆکە هەردووکیان بۆ ئەوان تۆقاندن و فەوتانە. بەو وەزعەش دەڵێن ژمارەیەک گەنج ماسییەکانیان لە شوێنە تەنکاوەکاندا گرتۆتەوە و دەشڵێن هەندێک لەو ماسییانە زۆریش گەورە بوون. من لەبەر دار قەیسییە بریندارەکان ئاگام لە هیچ نەمابوو، شاگەشکە ببووم لە بەرانبەریان. یەکەم جار بوو لقی زامدار و پەلکی کوژراو ببینم، ئەو هەموو ساچمەیە کە لە ئاسمانەوە داڕژابوون، بەشی هەرە زۆریان بەر لەشی درەختەکان کەوتبوون. هەندێکیان وا چەمابوونەوە دەتوت مرۆڤن نوشتاینەوە سەر برینەکانی جەستەیان، وا دەهاتنە بەردیدە و لک و پۆپیشیانم وەکی دەست و قاچ و شان و مل دەدی کە خوێنی لێ بچۆڕێ. ئەو زامدارانە قسەیان لەگەڵ دەکردم، باسی دڵڕەقی ئێمەیان نەدەکرد، خەمی ئەوەیان بوو سایە و سێبەریان پڕبووە لە پرووشکی ئاسن لەشیان کون کون بووە.

ئەوە یەکەمجارم نەبوو فڕۆکە ببینم ئەو ترسە بچێنێ، پێشتر لە قەڵادزێ



کارەساتی گەورەی نیشان دابووم لە بەهاری حەفتاو چواردا. ئەو بەیانییەی ژمارەیەک فڕۆکە وەکی دێوی ڕەش لەسەر ئاسۆسەوە پەلاماری ئەو شارە نووستووەی ناو سپێدەیان دا. نازانم بۆ فڕۆکە هەردەم بەیانی زوو دێ؟ دیارە فڕۆکەوانەکە نوێژی بەیانی دەکا و نان و چا دەخوا ئینجا بەڕێ دەکەوێ، تا دەگاتە کوردستان نیو سەعاتێکی دەوێ. خوایە! لەبەرچی فڕۆکەکان هەردەم دێنە ئەم وڵاتە و لێرە بەسەر خەڵکدا دەڕشێنەوە؟!

لەگەڵ دوو برادەری تر کە ئەوانیش وەکی من خوێندکاری زانکۆ بوون و لە شارەکانەوە هەڵاتبووین و چووبووین لە قەڵادزێ چاوەڕێی کردنەوەی زانکۆی شۆڕش بووین، ئەو بەیانییە لە قەراخی شار بووین و نیازمان وابوو تا ئێوارە نەگەڕێینەوە ناو شار، چونکە شەوی پێشوو فڕۆکە چەند جارێک هاتبووە سەر شارەکە و گومانی بۆردومان کردنی لە ئارادابوو. هەر ئەوەندە فڕۆکەکان بەسەر شاردا هاوارێکی تۆقێنەریان لێ هەستاو ئیتر کە تەماشام کرد، شار وەکی کوورەیەکی گەورە یەک بەزارکی دووکەڵێکی چڕی لێ بەرز دەبووەوە، یەک پارچە هات و هاوار و قیژەی خەڵکی بوو، فڕۆکەکان چوونە دەوروبەری هەڵشۆو دیسان هاتنەوە ئەم جارەش ژەهری خۆیان بەتاڵ کرد و ئینجا وەکی ماری کەتنکەر خشین بە ئاسماندا و لە ناو شاخەکاندا بزر بوون.

چەند چرکەیەک بەسە بۆ ئەوان شارێکی دڵگیری وا نوقمی تۆز و خۆڵ و خوێن و فرمێسک بکەن. ئەوەی لەوێ دیتم هی گێڕانەوە نییە. زۆر شت لەسەر شەهید کردنی ئەو شارۆچکەیە نووسرا. قەڵادزێ شوێنی برینە قووڵەکانە لە جەستەی نیشتماندا.

ئەو هەورە سوورە چڵکنەی ئەو بەیانییە ئاسمانی پشدەری داپۆشی تا ڕاپەڕین بەرۆکی بەرنەدا و هەرچەند ساڵ جارێک وەکی تیراوە سەری هەڵدایەوە زامەکانی نوێ کردەوە.

تازە شەڕ دەستی پێکردبوو، ئێوارەیەکیان لە ژوورەکەی خۆم

دانیشتبووم.. ئەم کتێبانە لە ڕەفەی ناو دیوار و لە کتێبخانە بچکۆڵەکەم هێنایە خوار کە باسی جەنگیان دەکرد و بەشێکی زۆریانم خوێندبوونەوە. هەندێک هەڵگێڕ و وەرگێڕیانم کرد و بڕیارم دا سەر لە نوێ هەندێکیان بخوێنمەوە، ئەو کاتانە مرۆڤ پەنا بۆ پەناگەیەکی ئارام دەبات خۆی تێدا بحەسێنێتەوە. کتێب ئەو پەناگەیە بۆ من. هەموو جارێکیش لەبەرخۆمدا دەموت، جەنگ ئەگەرچی زۆر دڵڕەق و دژی مرۆڤە بەڵام سەروەتێکی ڕۆحی گەورەی بۆمان جێ هێشتووە لەڕێی قەڵەم و بەهرەی نووسەرانەوە. ئەو شاکارانەی کارەساتەکانی شەڕیان تۆمار کردووە ئێجگار زۆرن. خۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکان بۆخۆیان جێگەی سەرنجن ئەوجا ئەگەر بەهرەمەندێکیش توانا و هێزی خولْقاندنی خۆی تێ بخا دەبێ چی لێ دروست ببێ؛ ئەوەی ئەوان بۆمانیان جێ هێشتووە.

بۆنی شەڕ هاتبووە بەر لووتم. ڕیمارک لە (دەمێک بۆ مەرگ.. دەمێک بۆ خۆشەویستی)دادەڵێ: «بۆنی مەرگ لە ڕووسیا.. بۆنێکی تیژ و خەست بوو. تەرمەکان بەشەو هەڵدەئاوسان، تارماییيان لەبەر ورشەی ئەستێرە نامۆکاندا، وەکی هەستابنەوە وا دیار دەکەوتن.. کاتێکیش خۆر هەڵدەهات دەپووکانەوە، دەیانویست بە ناخی زەویدا بچن»

ئەو بۆنە پێشتر کەوتبووە بەر لووتم و هەناسەشی پڕکردبووم لە ترس. خودایە ئەو مرۆیانە تۆ دروستت کردوون چەند دڵڕەقن لەگەڵ یەکتریدا، خۆ تۆ هێندەت بە ئادەم و حەوا نەکرد کە لە قسەی تۆ دەرچوون؟ ئەو هەموو بەزەییيەی لەتۆدا هەیە تۆزقاڵێکی پەڕیبایە ناو هەریەکێک لە بەندەکانت دڵنیام ئامادە نەبوو برایەکی خۆی بکوژێ.

یەکەم جار ئەم بۆنەم لە شاخی (ماکۆک) هەڵمژی. بۆنی جەستەی بۆگەنی مرۆ، ئای خودایە! ئەو بۆنە قورسە لە چییەوە دێ؟ لەخۆم دەپرسی، ئەوە هی ئەوەیە کە ڕۆحی تێدا نەماوە؟ ڕەنگە هەر هی ئەوە بێ. ڕۆح ئەو بۆنە خۆشە دەداتە جەستە کە لێی جیابووەوە وەکی پارچە گۆشتی بەرهەتاو



زوو تێک دەچێ. ئەو هەموو لاشەیە بەو چەشنە فڕێ درابوون. مرۆ زۆر ڕێز لە مردوو دەگرێ کاتێک لەبن بارستایی خۆڵدا دەیشارێتەوە. نەء بەو کارەی ڕێز لەخۆشی دەگرێ. کەچی جەنگ شەق لەو هەموو بەهایانە دەدا کە مرۆڤایەتی وەکی دیوار لە دەوری پیرۆزیی بەشەردا دروستی کردووە. ئەوەتا ئەو هەموو لاشەیە بە بەرچاوی منەوە داڵ دەیانخوا، تیشکی هەتاو بۆگەنیان دەکا، کەچی کەس ناتوانێ بیانشارێتەوە و هەریەکەیان لە پەنا بەردێکدا بوونەتە خۆراکی مار و مێروو و تەیرە دەنووک تیژەکان. ئەو باڵندانە لە جەنگ ناترسن، ئەو مار و مێرووانە لە جەنگ ناترسن، جەنگی ئەوانیش لە دژی جەستەی مرۆیە! جەنگێکی ترە!! سەری ماکۆک چەند لووتکەیەک بوو دۆڵی نێوانیان پڕ ببوو لە تەرمی سەربازە کوژراوەکان. هەر کە ئێوارە دادەهات شەپۆلی بۆنیان دۆڵاو دۆڵ دەهات و سەردەکەوتە سەر لووتکەکان، پێ دەچێ ئەو جۆرە بۆنانە هەر هەڵکشێن تا دەگەنە بەر لووتی نیشتەجێیانی ئاسمان. ئەو هەموو بیرەوەرییە تاڵانەم هاتەوە یاد کە لە شەڕی ماکۆکدا دیبووم. ئەگەرچی ئەوسا هاوکێشەکان وەکی ئێستا نەبوون لەبەر چاومدا، بەڵام هەمیشە هاوسۆز بووم لەگەڵ قوربانیدا. شەڕی ئەو جارە جیاوازە لە هی پێشوو، ئەمجارە دوو دەوڵەت وەکی دوو گای وەحشی بەربوونەتە ناو خەڵکی، هەرچی بکەوێتە بەر قۆچیان هەڵی دەدڕن. ئەو دوو دەوڵەتە جۆرە چەکی ترسناکیان هەیە و مەیدانی شەڕیش زۆر فراوانە و قوربانییەکانیش ئێجگار زۆر. ئەوەی لە کتێبەکاندا خوێندبوومەوە ئەوە لەبەر چاوم ڕوودەدەن، ئەوەی لە فلیمەکاندا نیشان دەدران ئەوە بوو بە ڕاستی. ناکرێ بەموجەڕەدی جەنگ ببینم. دوای نیوەڕۆیەک لە کەڵەکی یاسین ئاغا لەبەردەم ژوورەکەی خۆم دانیشتبووم، ئەم چەند ڕستەیەم نووسی کە دواتر بوو بە یەکێک لەو شیعرانەی جێ پێ و ڕێچکەی بیرکردنەوەیان لا گۆڕیم.

شەڕ دەستی پێکرد

مالّم دەخەمە ناو جەنتایەک و سبەینەیەکی زوو
قفلّێکی گەورە لە دەرگا دەدەم
بەپالّتۆیەکی ڕەش ڕەشی تاریک
دەڕۆم کۆچ دەکەم
بەجارێ پشتم لەو شەڕە دەکەم.

دەبوو ئەو ئەزموونە بەجۆرێکی تر ڕەنگ بداتەوە، قەناعەتێک هەبوو کە ئەوەی بەشداری ئەو جەنگە بکا، ئاو دەکاتە ئاشی دوژمنێکی گەورەی کورد و ئەو جەنگەی بە ناعادیل وەسف دەکرد، گۆیە جەنگی عادیل و نا عادیل هەیە!! جەنگ هەمووی نا عادیلانەیە، بەلاّم ئەگەر بەردەرگای گرتی ناچارییە و هەر ئەوەشی جودایە. میللەتان هەموویان ناچار دەکرێن بچنە ناو جەنگەوە، ئەگینا بە ویستی خۆیان بێ لەحزەیەکی تێدا ناژین و ئەوە سەرۆک و سەرکردەکان کە شەڕ بەرپا دەکەن و خەلّکی جۆراوجۆری پێ دەسووتێنن.

کە شەڕ دەستی پێ کرد هەر بابابوو خۆی لە ئاگری دوو ربخاتەوە، کەسم نەدی بەپێی خۆی و بەویست و خواستی خۆی بۆی بچێ، ڕەنگە هەر بۆیەشە نا عادیلە، کەچی زۆران هەن بە ویست و بەحەز و بەعەشقێکی سەیرەوە دەبوونە پێشمەرگە و گیانی خۆشیان بەخت دەکرد بێ ئەوەی بۆ چرکەیەکیش لەمردن بپەنگێنەوە، ئەوەیە کە پێی دەوترێ، ڕەوایی. ئەوەیان بەدیوی لێکدانەوەی ڕەش و سپی کێشەکان، ئەگینا وەکی تر هەموو جەنگەکان مایەی نەهامەتی و کارەسات بوون بۆ مرۆڤەکان، براوە و ژێرکەوتوو. هەرچەندی دۆڕاو زیانی بەردەکەوێ دە ئەوەندە سەرکەوتوو. هیچ بەختەوەرییەک لەسەر کەللە سەری کەسانی تر دروست نابێ کە دروستیش بوو تاسەر نییە و لەرزۆکە و زوو دادەڕووخێ.

بچم یا نەچم؟ ئەوە پرسی ناخ و وورووژێنەری بەردەم هەموو ئەو کەسان



بوو، کە مەوالیدیان بانگ دەکرا. خەلّکەکە ئەوانەی لە شارەکان بوون بەجۆرێک مامەلّەیان لەگەلّ ئەو پرسیارە دەکرد و لادێیی و چیانشینان بەجۆرێکی تر، ئەوانەی دەچوونە جەنگ جیاوازییان لەگەلّ ئەوانەی نەدەچوون ئەوەبوو کە جورئەتی هەلّبژاردنێکی تریان نەبوو، بەلاّم جورئەتی چوونە جەنگیان هەبوو، من خۆم حەزم دەکرد ئەو ئەزموونە دەولّەمەندە ببینم بەلاّم قەناعەتی سیاسی و فیکریم ڕێگربوو، لە ولاّتی ئێمەشدا تا ئەمڕۆ هەموو شتێک بەو قەناعەتانە دەپێورێ و هەلّوێستی تاک بەزەحمەت جێگەی لە ناو قەرەبالّغی ئەو هەموو قەناعەتە گشتییانە دەبێتەوە. جگە لەوەش شەڕەکە هێندە خوێناوی و تاریک بوو، بەعس خۆیشی لە جەنگەکە ترسناکتر بوو، بۆیە جورئەتی دەویست بەهەر بیانوو و مەبەستێک لەو جەنگە نزیک ببیەوە.

بەدرێژایی هەشتاکان شەڕ ببووە شمشێری دیمۆکلیس و بەسەر سەری هەموو یەکێکەوە، ببووە میوانی ڕەزا قورسی هەموو مالّێک، شار پڕبوو لە شەڕ، بۆ هەر کوێ دەچووی سێبەری ترسناکی بەدواتەوە بوو.

«ئەو ڕۆژە چ ڕۆژێکە کە عالەم شلّەژاوە
هەر کەس بەچ خارێ جیگەری قیمە کراوە
دونیا پڕی ئاشووبە خەلایق بە عومومی
ئاسایشی لێ مەنعە ئەلّێی جونبوشی ئاوە»

مەلا حەمدوون (١٨٥٣- ١٩١٧) یەکێکە لەو شاعیرانەی زۆر بەزەقی باسی کاریگەری سەفر بەلگی کردووە، کە ڕۆژگاری تالّی شەڕی یەکەمی جیهانییە.

«فەوتاوە لەبەر سوخرە کەر و قاتر و یابوو
حوشتر سەقەت و شەل گا پشتی شکاوە»
«کەر زەوقی زەڕینی نییە حەتتا لە بەهارا
ترسی هەیە نەک بیخەنە ژێر باری قەزاوە»

«ئەو دینە لە پێشا وەکو سەرچەشمەیی زەمزەم
بێ غەش بوو ئەمێستاکە ئەڵێی عەینی..»
لەگەڵ ئەو چەند دێڕەی فایق بێکەس کە دەڵێ:
تف لە عیلم و سەنعەت و سەد کارەبا
مەرحەبا ئەی جەهل و وەحشەت مەرحەبا

کە لە دوارۆژانی دووەم جەنگی جیهاندا وتبووی، ببووە وێردی سەر زارم و هەموو کاتێک لەبەرخۆمەوە هەندێک لەو ڕستانەم دەوتەوە.

ئەو ڕۆژانە مرۆ لە جلی خاکی و بێریە لەسەران خۆی دەدزییەوە، کەچی ئەوان لەهەموو شت زۆرتر بوون، ماڵەکانیش ببوون بە مەیدانی دواوەی جەنگ و تەلەفزیۆنەکان سنووری ئارامی ئەویشیان بڕیبوو، کەلەڕێی بێژەرە ناوچەوان گرژەکانەوە هەواڵەکانیان دەخوێندەوە، هەموو جارێکیش سوپای سەدام براوە و سوپای فارسەکانیش هەردەم دۆڕاو بوون! بەعس ڕقێکی ئەستووری لە نێوان میللەتانی ناوچەکە دەچاند، ناو و ناتۆرەی سەیر و سەمەرەشی دەدۆزییەوە، کە لەوان وەستاتر نەبوو بۆ ئەو جۆرە ناوانە.

(شاعیر)ەکانی دەرباریش کارامەیی دەربڕین و هێزی قافیەیان چڕکردبووەوە لە بەیاننامەکانی جەنگ و شیعری حەماسیدا، هەر ڕۆژ و یەکێکیان لێ زیاد دەبوو. هی وا هەبوو بۆ قادسیەی دەنووسی، هی واش هەبوو بەشانی سەدامی هەڵدەدا، هی واشیان تێدا بوو خزمەتێکی ئەدەبی پێشکەش جەنگ دەکرد، بەوەی نامیلکەکانی سەدامی یا وتار و هەڕەشەکانی دەکردنە کوردی.. کار گەیشتە ئەوەی شاعیری جەیشی شەعبی و شاعیری تەلائع و جاش شاعیریش پەیدا ببوو. نوخبەیەکیش مابوونەوە لەو نێوەندەدا کە باشترین شاعیر و نووسەرەکان بوون پاکی قەڵەمی خۆیان پاراست و بە درێژایی ئەو دە ساڵەی جەنگ و ئاشووب لە شارەکاندا خۆیان ڕاگرت و درێژەیان بە ئەزموونی ئەدەبی خۆیان دا. بەڵام



وەنەبێ ئەو جەنگە ئیقاع و سیستمی ژیانی وەکو خۆی هێشتبێتەوە، زۆر شتی گۆڕی دیار و نادیار، نزیک و دوور پرووشکی شەڕ گەیشتە هەموو لایەک. تا ئەو ئەندازەی هەندێک جار هەستم دەکرد ئەوەی ماوە وەک جۆرج ماکبێث دەڵێ، پاشماوەی ئادەمییەکان بوو بەس.

ماوە ماوە لە شاران ڕەش بگیری دەکرا، پاس و نێرن و مونشەئەی زۆریان خڕدەکردەوە و پڕیان دەکردن لە مرۆی بەسەزمانی بەزۆر تەیار کراو بۆ جەنگ، ئەوانەی یەکەمین قوربانی جەنگ بوون، دەبوو لە ناو پاسەکاندا وا نیشان بدەن کە بە ویستی خۆیان دەچن بۆ بەرەکانی شەڕ و ناویان دەنان «متطوع»!! و هەندێک جار هوتافی سەیریشیان پێ لێ دەدان هەرجارە و کاتی ئەو ڕەشبگیریە هاتبا شار چۆڵ دەبوو، ئەوەی پیاو بوو خۆی دەشاردەوە. لەو ساڵانەدا شارەکان بۆردومان کران، هەندێکیان بەر هێرشی سوپا کەوتن، ئێران ماوەیەک بە تۆپ کەوتبووە بۆردوومانی سلێمانی، ئەو ڕۆژە خەڵکی شارەکان زۆر لەوە دەترسان کوردستان ببێتە مەیدانی شەڕی زەمینی.

یەکێک لە دیمەنە هەرە ترسناکەکانی جەنگ هێنانەوەی تەرمی کوژراوەکان بوو، کە هەر جارە و بە ئالایەکی عیراقەوە سندوقێکمان دەدی بەسەر تاکسییەکەوە، ئەو دیمەنە هێندە دووبارە ببووەوە تا ئەو ئاستەی لە ساڵانی جەنگدا ببووە دیمەنێکی ئاسایی و وەکی بەرایی دڵ و دەروونی خەڵکی دانەدەخورپاند.

لە ساڵانی کۆتایی شەڕەکە بوو ئەو کاتەی هێرش لە نزیک شاری بەسرە بوو لەیەکێک لە ڕۆژنامەکاندا خوێندمەوە ئەو شارە کە نزیکەی ملیۆنێک بەشەری تێدا دەژی شەش ڕۆژ و شەش شەوە یەک لەحزە ئارامیان بەخۆیانەوە نەدیوە، دارخورما و خاکیش زامدار و دابێژراون بە تۆپ و ڕۆکێت و بۆمبارانەوە. جوانترین کاریکاتێر کە ساڵی ١٩٨٥ دیبێتم و

تەعبیر لەو کارەساتە بکاتەوە هی (وسام مرقس) بوو (لوحة الاسبوع) وابزانم لە ڕۆژنامەی جمهوریەدا بڵاوببووەوە، تێیدا چەند چەکدارێک لە سەرووی لاپەڕەکەدا بەڕم و شیر شەڕیانەو یەکێک لە چەکدارەکان دەکوژرێ و شیر و مەتاڵەکەی بەردەبێتەوە و لە خوارەوەش ژمارەیەک منداڵ بەسواری ئەسپی بەقەستی یاریگای منداڵان دەخولێنەوە و ئەو شیر و مەتاڵە بەردەبێتەوە سەریان.. پڕووشکی شەڕی گەورەکان چۆن بەر ئەو منداڵانە دەکەوێ.

دیمەنێکی تری ڕۆژنامەیەکی عیراقیشم هەرگیز لەیاد ناچێتەوە کە لە لاپەڕەکانیدا لەسەرەوە دیمەنی خەڵکێکی زۆری تێدابوو کە لافیتەیان هەڵگرتووە و یەکێک لە ناویاندا زوڕنا لێ دەدا و ئەوانی دەوریشی چەپڵە و هێمای بۆ سەرکەوتن و لە خوارەوەی ئەویش ژمارەیەک دیلی ئێرانی کە تا ناو قەدیان ڕووتە و دەستیان لەپشتەوە بەستراوە و ڕێچکەیان بەستووە گۆیە هێمایە بۆ زەلیلی دوژمن!

سەربازێک کە لە لایەن ئێرانییەکانەوە بەدیل گیرابوو، لەکاتی چاوپێکەوتنی ڕادیۆدا وتبووی: «سڵاو لە دایک و باوکم دەکەم، کە نازانم ئێستا لە کوێن؟ ماون یانا؟ ئەوە نمرەی تەلەفۆنەکەمان، تکایە ئەوەی دەیبیستێ با ئاگاداریماڵەوەمان بکاتەوە». لەبەرخۆمەوە ئەوەم بەخەیاڵدا دەهات، کەسێک زەنگ بۆ ئەو نمرەیە لێدا کەچی لەوبەری تەلەفۆن هەر لێ بداو کەس وەڵام نەداتەوە. ماڵ چۆڵ و هۆڵ.. زەنگی تەلەفۆنی ناو وێرانە!

لە ڕۆژانی جەنگدا ڕووداوەکان بە ڕەزم و شێوەیەکی جودا دەگوزەرێن . گەرمایی شەڕ هێندە نزیک ببووەوە هەموومانی خستبووە دڵەڕاوکێ. دەبوو یابچیتە ناو جەنگ یا ڕابکەی و بدەیتە شاخ یا ڕێی پڕ دەردەسەری تاراوگە هەڵبژێری. هەموو ڕێگاکانیش بەویست و ئارەزووی خۆت و هەڵبژاردەی خۆت نەبوو، لەشار بمێنی یا هەڵێی؟! سنوورەکان هێندە تەسک ببوونەوە شوێنی جووڵە تەسک و تەنگ و خەیاڵ بە هەزار تەرز



دەفڕی. کە باسی جەنگ دەکرا هەندێک نمونەی زیندووی ئەدەبم لەبەرچاو بوو، یەکیان ئەدەبی ڕووسی ئەوی تریان هی ئەڵمان. بورشرت جوانترین نموونەی ئەو ئەدیبان بوو کە بالای موعاناتەکانی بەهی دووەم جەنگی جیهاندا بڕاو بۆ خزمەتی سەربازی بانگ کرا لە سوپای نازییەکاندا. نێردرا ڕووسیا و لەوێ تووشی نەخۆشی بوو، پاشان بەتوومەتی ئەوەی کە گۆیە خۆی بریندار کردووە تووشی لێپرسینەوە بوو، ماوەیەک لە زیندانی ئینفیرادی پەستراو پاشان نێردرایەوە مەیدانەکانی جەنگ و دواتر بە دیل گیرا و لە دیلیدا ڕای کرد و نزیکەی ٦٠٠ کم بە پێ ڕێگای گەڕانەوەی بڕی تا گەیشتەوە وڵات. فولفغانغ بورشرت لە تەمەنی ٢٦ساڵیدا بەو نەخۆشییە مرد کە لە جەنگدا تووشی بوو ئەویش زەردە تا بوو. بورشرت لە ئەدەبەکەیدا ئەو ژیانەی وێناکرد کە پڕبوو لە شێوە ڕەفتاری نامرۆڤانەی سوپای نازییەکان.

سەرەتای شەڕ بوو کە ناوی سەربازیم هات و ئەو هەموو سیناریۆیانە هاتنەوە بەر دیدو خەیاڵ، چی بکەم؟ سەرەتا بەهۆی نەشتەرگەری ڕیخۆڵە کوێرەوە چەند مانگێک خۆم لە شەڕ دزییەوە و پاشان ڕەوانەی لیژنەی پزیشکی کرام و دواجار دوای شەش مانگ دواخستن یەکەم جار لەگەڵ چەند برادەرێک پەیوەندیمان بەسەربازگەی کەرکووک کرد. یەکەم ڕۆژ کە جلی سەربازیم وەرگرت، هەمان ڕۆژ سەربازگەم بەجێ هێشت و گەڕامەوە هەولێر. لەڕێی هەندێک دۆست و ناسیاوەوە ئەفسەرێکی پایە بڵندی سەربازگەکەمان ناسی کە براکەی لای نەهلە فەرمانبەر بوو لە کۆلێجی ئەندازیاری زانکۆی سەلاحەددین و بەڵێنی پێدابوون کە بچمەوە کار ئاسانیم بۆ دەکات ڕەوانەی هیچ شوێنێکی تر نەکرێم. بۆ ڕۆژی دواتر کە گەڕامەوە ئەفسەرەکە کە تورکمانی کەرکووک بوو بانگی کردم و هەفتەیەک ئیجازەی بۆ کردم و وتی هەوڵ دەدەم هەر لێرە بمێنیتەوە. بەو حاڵە شەش مانگان مامەوە و زۆر جاران بەیانی زوو دەچووینە کەرکووک و دوای

نیوەڕۆ دەگەڕاینەوە. تا ڕۆژێکیان ئیتر هەموو ئەوانەی لە مەرکەزی مەشقی کەرکووک مابووینەوە ڕەوانەی بەرەکانی شەڕ کراین لە نەوسوود. من سواری ئۆتۆمبیلی برادەرێک بووم و گەڕامەوە هەولێر و لە ماڵەکەی خۆم مامەوە لە خانووەکانی کۆلێجی ئەندازیاری و بەرنامەیەکی باشم دانا بۆخۆم کە بریتی بوو لە خوێندنەوەی ئەو کتێبانەی پێشتر بەهۆی ئەو وەزعەی خۆم لە ماوەی ساڵێکدا هەلی خوێندنەوەیانم بۆ نەڕەخسابوو. یەکێک لەو کتێبانەی ئەو دەمە خوێندمەوە و زۆر کاری تێ کردم، وێنەی هونەرمەند لەتافی لاویدا جیمس جۆیس بوو. هەندێک سەرەداوی تازەم لەو ڕۆمانەدا دۆزییەوە، بەتایبەتی لە پەیوەندی هونەرمەند بە وڵات و زمان و ئاییندا ئەو تۆڕانەی جۆیس دەڵێ دەمویست خۆمیان لێ دەرباز بکەم. ئێستا کێ بۆ منێکی ڕاکردوو لە سەربازی و خۆمات کردوو لەماڵێدا، وڵات چییە؟ ماڵێکی گەمارۆدراو یا ئازادییەکی هەڕەشە لێکراو؟ جۆیس دەنووسێ: ئێرلەندە چییە؟ بەرازێک کە نەوەکانی خۆی دەخوا!!

هونەرمەند دەبێ خۆی ڕزگار بکا لەو هەموو تۆڕ و داوانە، بەڵام ڕزگاربوون لە چییەوە دەست پێدەکا؟ شتێکی تر کە ئەو ڕۆمانە ئاسۆی خەیاڵی لەبەردەمیدا کردنەوە، وشەی خیانەت بوو، خیانەت لە چی؟ کەسێک خۆی لە وڵات و خێزان و ئایین ڕزگار بکات خائینە؟! ئەو کاتە یەکەم ڕستەی قەسیدەی «سووتانی ڕەنگەکان» م بەشێوەیەکی تر نووسی: پاشان بەفر ئاڵۆزی زەوی داپۆشی. بەفرێک کە هەموو پرسیارەکان لەخۆیدا بزر بکا. دەمزانی مرۆ هێندە بێ دەسەڵات و بێ هێزە لەبەردەم ئەو هەموو ڕووداوە گرانانەدا ڕەنگە ئازاد و سەربەست بێ هەست بە عەدەم و بۆشاییەکی ترسناک بکا کە فەلسەفەی دیکارتم خوێندەوە، پرسیارەکە بە جۆرێکی تر خۆی نمایش کردەوە: من هەم بەڵام لە کوێدا؟ ئەو کات تێگەیشتم کە شتەکان بەهەست ناناسرێن بەڵکو بەتێگەیشتن لێیان ئەوجا ئاشکرا دەبن و دەناسرێنەوە، تێگەیشتنیش کاری زەینە و زەینیش هەمیشە



شتی نوێ بەرهەم دێنێ و لەو پرۆسەیەدا بەشێک لە ناتەواوییەکانی پڕدەکاتەوە، وەلێ چونکە مرۆ کامل نییە بۆیە هەردەم بۆشاییەک لەنێواندا دەمێنێ. پاشان کە (کانت)م خوێندەوە زانیم کە ئەقڵ بێ ئەزموون و تاقیکردنەوە تا کوێ بڕ دەکا، بۆیە ئەو گومان و یەقینە هەمیشە پێویستی بە ئەزموونی دەوڵەمەند و فرە هەیە تا بتوانێ لەو پرۆسەیەدا بەرهەمێکی روحی بە پێز ببەخشێ.

هەر لەو ماوەیەدا بەشێک لە ڕۆمانەکانی سارتەرم خوێندنەوە و لە هەموویان زیاتر «ڕشانەوە- الغثیان» م لا جوان بوو. ئەنتوان ڕۆکانتان و نووسینەوەی ژیانی مارکیزە دی ڕۆلیبۆن لە سەدەی هەژدەدا. ڕۆکانتانی ۳۰ ساڵە سەربەست و ئازاد و سارتەر وای نیشان دەدا کە ئازاد نییە و دنیاکەی ڕەشە و لیچ لە دەرەوەی مرۆدا کۆمەڵێک شتی زیادە هەیە و ڕۆکانتان خۆشی وەکی شت زیادە و هەستی بەوە دەکرد کە ڕۆلیبۆن شەریکیەتی و بۆ ئەوەی بژی پێویستی بە بوونی ڕۆکانتانە ئەویش لەو ڕێیەوە هەست بەبوونی خۆی ناکا و ئەو هەستە دژوارە دواجار دەیگەیێنێتە ئەو قەناعەتەی کە کەس ناتوانێ بیانوو بۆ بوونی بوونەوەرێکی تر بدۆزێتەوە، بۆیە پێویست ناکا نەکتێب لەسەر ژیانی مارکیزە بنووسێ نە لەسەر مێژوو. سارتەر زیاتر بیرمەندێکی عەقڵی ڕۆمانسی بوو هەروەکو ئیریس مۆردەخی ڕۆماننووسی ئینگلیز دەڵێ و دەربارەی ئەزمەی ڕۆکانتانیش دەڵێ: ئەزمەی فەیلەسوف بوو کە بریتی بوو لە کێشەی ئازادی و فینۆمینۆلۆجیای تێگەیشتن. هەر لەو ماوەیەدا هەندێک کتێبم دەربارەی ئایینە کۆنەکان خوێندەوە لەوانە ئایینی (مانی) کە هەندێک پێیان وایە کە ئەو دینە یەهودی و هیللینی بەلاناوە. مانی دەسەڵاتی باوکی جێ هێشت و ڕووی کردە ڕەبەنی و ساڵی ۲٤۲ وەکو دامەزرێنەری ئایینێکی تازە دەرکەوت کە ئایینەکانی مەجووسی لە ئایینێکدا کۆکردەوە کە بە یەکێک لە داهێنانەکانی لاهووتی دادەنرێ و ڕەخنەش لە یەهوودی و

هیللینی ئەوەبوو کە ئەو دوو دینە فیداکاری تێدا نییە. (مانی) بیرکردنەوەی سەرەکی ئایینی کلدانی و فارسی لەگەڵ هاوشێوەکانی لە ناو دینی مەسیحایی یۆحنا و مەسیحایی خۆرهەڵاتیدا کۆکردەوە و خۆی وەکی روحی پیرۆز ئاشکرا کرد و کتێبەکەی بەزمانی پەهلەوی نووسیوە. مانی شەڕی لە مادەدا دەدی و هەندێک پێیان وابوو کە ئەو دینە جۆرێکە لە زەندیقی بۆیە ساڵی ٢٧٤ ی زایین مانی کوژرا.

مانییەکان دژی ڕۆژوو بوون و پێیان وابوو لەشی خاو و بێ هێز ناتوانن بەرگەی خراپە بگرێ. هەموو جارێک کە کتێبێک دەربارەی ئایین دەخوێنمەوە ئەو قسەیەی میتوماهی ئامۆزای زەردەشتم دێتەوە یاد کە دەیوت: «ئامۆژگارییەکانت زۆر گران و ئەستەمن و بەزەحمەت کەس لێیان تێ دەگا ئەی زەردەشت» کەچی ئامۆژگارییەکان لە چەند وشەیەکی کورت و کەمدا پوخت دەکرێنەوە : وشەی پاک، بیری پاک، کرداری پاک، بەڵام هەموو ئەو پاکانە رۆحێکی بەرزیان گەرەکە بۆ دەرکەوتن.

مانی حەکیم: نیگارکێشێکی دیاری خۆرهەڵات بووە، لە شیعری کلاسیکیدا زۆر باسی ئەو هێزە ئەفسووناوییە کراوە کە لە وێنەکانی مانیدا هەبووە، لەیەکچوونێکی زۆر هەیە لەنێوان شەخسیەتی مەسیح و مانی و حەللاجدا، بەتایبەتی لە جۆری مردنیاندا. بەڵام مەسیح و مانی هەردووکیان دوای مردنیان کە بەدەستی پاشاکان بووە ڕۆحیشیان هەڵکشاون بەرەو ئاسمان. مانی وەکو شێخ فەرخ هەر لەگەڵ لە دایک بوونی زمانی بەحیکمەت نەپژاوە، بەڵام لە دوازدە ساڵییەوە ئیتر دانایی و نەستەق لە زاری ڕژاوە. هەن دەڵێن لە خێزانێکی ئەشکانی هەمەدان بووە، هی واش هەیە دەڵێ خەڵکی بابل بووە. من خۆم لەگەڵ بۆچوونی یەکەم دام. باوکی مانی چونکە ماوەیەک مەسیحایی و پاشان بوزایی و ئینجا صابئە بووە، ئەو کۆکتێلی بیرکردنەوەیە کاریگەری کردۆتە سەر کوڕەکەی و کەسایەتییەکی قەلیقی زیندوو بووە.



(فاوست) ناوی یەکێک لە قەشەکانی مانی بووە، گۆتێ کردوویەتییە ناوی مەلحەمەیەکی ناوداری خۆی پێم وایە یەکەم بیری زەندیقی لە ناو مرۆڤایەتیدا لەگەڵ مانی دەست پێدەکا.

ئەو سەردەمە هەموو خوێندنەوە و بیرکردنەوەکانم لە ئاقاری فیکر و ئایین و فەلسەفەدا دەخولایەوە. ماوەی فیراری زۆربەی زۆری کاتەکان لەماڵ بووم و ئەگەر هاتبما دەرێش دەبوو بە ترس و لەرز و بەنموونەی ئیجازەی تەزویری سەربازیی بێمە دەرێ. زۆر جار برادەرە نزیکەکان دەهاتن بۆ سەردانم. لەو ماوەیەدا ئەو قسەیەی سوکراتم کردبووە سەر مەشقی ژیانم: «حەقیقەت چییە؟ «خۆت بناسە» . هێرمن ملڤێل لە ڕۆمانی «مۆبی دیک»دا دەڵێ، ناتوانی نەهەنگێکی زیندوو بگری، بەڵام نەهەنگی مردوو ڕاوکردنی ئاسانە! بەو شێوەیە بە ناو ڕووداوەکاندا گێژم دەخوارد و خەیاڵم هەر لای ئەو نەهەنگە زیندووە بوو کە دەتوانێ کام ئاو و کام ئۆقیانووسی گەورە و دژوارە ئەو بیبڕێ بێ ئەوەی ترسی مردنی لێ بنیشێ. داهێنەر ڕێک بەو شێوەیە خۆی دەخاتە ناو شەپۆلەکانی ژیانەوە، کەوابوو بابچمە دەرەوەی ئەو چوارچێوەیە و لەو بازنە تەسکە ڕزگار بم، وەلێ هێندە بێهوودە بووم بەرانبەر دەرەوە و دەمزانی هەموویان لە بەزاندنی مرۆیی یاخیدا هاوبەشن.

فلۆبێر لە ناوکیدا بۆ لویزکۆلێ ساڵی ١٨٥٢ دەنووسێ: ئەوەی بەلامەوە جوانە و دەمەوێ بیکەم ئەوەیە کە کتێبێک دەربارەی هیچ شتێک بنووسم، کتێبێک وابەستەی دەرەوە نەبێ، لەسەر پێی خۆی بوەستێ و لەو وتانەدا پشت بەو شێوازە ببەستێ کە لەخۆیدا هەیە وەکی زەوی چۆن خۆی لە فەزادا ڕاگرتووە بێ هیچ کۆڵەگەیەک، کتابێک کە هیچ بابەتێکی نەبێ یا ئەو بابەتەی هەیبێ درکی پێ نەکرابێ، ئەگەر ئەوە بشێ..

لە دەفتەری بیرەوەری ئەو کاتەدا نووسیومە: بەڵام دوو دڵم نازانم! ئێرە یا ئەوروپا، گەرمای وەڕسکەری ئێرە یا سەرماو سۆڵی ئەوێ؟!

ڕۆژی ٦ / شوباتی/ ١٩٨٢ لە هەولێر دەرچووم بەرەو قەڵادزێ و ئەو سەفەرەم ناونا «کۆچ بەرەو دنیای قەرەجە بەفرینەکان» و ڕووم لە شاخ کرد و چاوم بڕییە کوختە سپییەکانی بنار. چەند ڕۆژێک لە قەڵادزێ مامەوە و ئێوارەی ١٥ / مانگ لە ئۆردووگای بەستەستێنەوە بەرەو قەڵاتووکان لەگەڵ چەند قاچاخچییەک و پێشمەرگەیەک کە ناوی ساڵح بوو گەنجێکی خوێندەوار بوو دواتر زانیم کوڕی یەکێک لە مامۆستا ئایینییەکانی دەڤەری پشدەرە، شەو بەناو تەقەی کەمین و هات و هاواری قاچاخچی و دەنگی ئەسپەکاندا بەرەو باکوور هەڵکشاین. ولاخەکان وەکی هەور دەهاتن و دەچوون و بەیەکدا دەهاتن و شریخەی ناڵەکانیان کە بە بەردی چیا دەکەوت ڕووناکی لێ هەڵدەستا. قاچاخچییەکان کەل وپەلیان لەو ولاخانە بارکردبوو، هەندێکیشیان کەسانی وەکی من بەکرێ دەیانگرت یا کەسوکاری پێشمەرگە بە نیازی سەردانی ڕۆڵەکانیان دەیانگرت و بەسەر پشتیانەوە هەڵتەک هەڵتەک ئەو هەموو شاخ و دۆڵ و لێڕەوارانەیان دەبڕی، زۆربەشیان خەڵکی شاری بوون و لەژیانیاندا سواری ولاخ نەبووبوون.

دایکم جارێکیان کە بەسەردان هاتبووە لام دەیوت، هەموو قاچەکانم ڕەق بوون هێندە لەسەر پشتی ئەو ولاخانە شۆڕببنەوە و سەرمای چیایان لێ بدا. نەهلە کە هاتە لام هەمان موعاناتی گێڕایەوە بەڵام دەیوت چونکە بۆلای تۆ دەهاتم هەستم بەو ترس و ئازارە نەدەکرد. دیمەنی ئەو ژنانەی کە دەگەڕانەوە بەرەو شار لەو دیمەنانەن کە هەرگیز لەبیر ناچنەوە. کاتێک سواری ولاخەکان دەکران و پشتیان دەکەوتە ئێمە کەچی ڕوویان هەمیشە بۆ دواوە وەردەگێڕاو ئاوڕیان دەدایەوە، خودایە! چاو لەو کاتانەدا چ سیحر و پەنهانی درکێنە!!

کە لەڕێی قیرتاوی نێوان ناحیەی سەنگەسەر و ئۆردووگا سەربازییەکە پەڕینەوە برادەرەکەم پێی وتم، لێرە ئاگاداری خۆت بە ئەو بەینە تۆزێک ترسناکە. دوای پەڕینەوەمان تەق و تۆق دەستی پێکرد و کە گەیشتینە



دۆڵی.. ئاگرێکمان کردەوە و شەو تا بەیانی لەوێ ماینەوە.

بەیانی زوو ڕوومان کردە قەندیل دنیای تەواو سپی دەچووەوە، ئەمساڵە بەفرێکی زۆر باریبوو، زەوی لە سپییان شین دەچووەوە. گەیشتینە زەڵێ و یەکەم وێستگەی چوومە ماڵی برادەرێکی کۆنی خۆم کە ئەو کات بەرپرسێکی دیاری پێشمەرگە بوو.

بەتەلەفۆن قسەم لەگەڵ برادەرێکی تر کرد و وتی دێمە لات. کە هات وتی، جیهازیان کردبوو کە قەشەیەک پەیوەندی کردووە توومەز تۆ بووی، کە بینی «تەورات و ئینجیل» م لە ناو هەگبەدایە!

لەوێ لە ناو ئەو هەموو بارەگایانەدا خۆم وەکی لقێک دەهاتە بەرچاو لە ناو کۆمەڵە دارێکی پڕدا کە لق و پۆپ و گەڵایان ئەوەندە تێکەڵی یەکتر بووە بەزەحمەت پەلک و لکی ئەو لە ئەوی تر جودا دەکرێتەوە. وتم، خودایە کە دەوەرین کێ دەزانێ پەلکی کام داری پایزین؟!

لە سەرەتای ئەو ڕۆژانەدا لە دەفتەری بیرەوەریدا نووسیومە:

«لێرە بەردیش زمانێکی زبری هەیە. لەو بەفرستانە دوورانە، گەنجە خوێن گەرمەکان ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نییە، خەڵکە سەر کێش و کورت بین و سەر ڕەقە بەتاڵەکان!! ئای لەبەر ئەو هەموو پووچییە!! من خەونم بە یۆتۆپیاوە دەبینی، لێرە و سروشت یۆتۆپیایەکی هەڵخەڵەتێنەرە. مشتومڕەکان سەرچاوەیان لە ڕقی تاکە کەسی گرتووە..»

ئەوە سەرەتای تێگەیشتنم بوو لە ژیانی ناو بارەگاکانی سەرکردایەتی شۆڕش و پێم وابوو، ژیانی ڕاستەقینەی شۆڕش ڕەنگە لە ناو بەفرەکانی خوارەوە دابێ.

دوای ساڵانێک لە دابڕان من و چیا یەکترمان دیتەوە. دیمەنی سەر سوڕهێنەری ئەو دۆستە کۆنە هەروەکی خۆی ماوە، سیحری هێشتا بەتاڵ نەبووە و تەلیسمی نەشکاوە: زۆر کەس هەوڵی داوە بە لووتکەی

موغامەرەدا هەڵزنێ و گوڵی سەر دڵی بەرزترین کانیاوی بچنێ، هەربەکەو کە هاتووە عەشقی چیا لێی داوە و لە هەموو شت زیاتر چاوی تیژکردووە بۆ ئەوەی دوورتر ببینێ، ئەو سێبەر و هەتاوانە ببینێ کە لەودیوی دامێنەکانی یاری بە کێڵگە و مێرگ و وەرزەکان دەکەن. چیانشین هەردەم عاشقن بۆیە دڵیان درەنگ سست دەبێ، دەست و پلیان هێندە زبرە بۆیە گەر بیانەوێ ناسکی شتێک بناسن دەینێن بە دڵیانەوە.

هەموو جارێ کە دەچمە سەر هەورازێک و تەماشای خوارێ دەکەم لە ناو قەدی چیادا لقێکی زامدار دەبینم، لقی دارەبەنێک کە جەستەی سیامەندی پێوە هەڵواسراوە.

سیامەند منم لەو شاخانە
جۆگەیەکی بەخوڕم لە سنگ تەقیوە
نە سەری برینی دیارە نە بنی
هەتا دەڕوا هەر خوێنی منە دەڕژێ
هەر زامی منە بە بەرد و گیاوە.
خەجی من ماوە؟
من لە ناو بەفر و سەرمادا پەنجەم گۆی کردووە
ناتوانم سەری پەنجەت بگووشم
دەستم بخەمە ناو باخەڵت
دەستم موغێکی زەردەشتییە بە چۆکدا دێ
بۆ گەرمای ئاگری ناو سینە.

لە ناو زنجیرە چیای سەر سنووران هەستم بە نامۆیی دەکرد، ئەوە منم گۆڕاوم نەک چیا! جاران لە سێبەری زنجیرە چیای دەڵەشێر و لە ناو باغ و دارستانی گوندی (زێوە) لە خۆشناوەتی، دەچوومە سەر بەردێکی ناو ئاوەکان و لە دەفتەرێکی بچکۆڵەی بەرباخەڵ دێڕی شەرمنم دەنووسی بۆ



کچێک کە هەر بەخەیاڵ کردبوومە یاری خۆم. لەوێ نامۆیی تاڤگەیەکی باریک بوو هەر هێندە باڵای خەونەکانم، شیعر ببوو بە پاکانە. دوای هەشت ساڵ لە زنجیرە چیای (تووژەڵە) هەمان شەیداو هەمان نامۆ بەڵام بە عەشق و جوداییەکی بێ وێنە کەوتبوومە بەر تاڤگەی خەونێکی گەورەترەوە. ئەگەر لێرە لەگەڵم بووای، ئای ئەگەر لەگەڵمدا بای!

جێ پێی کەسانێکی تر بەسەر بەفرەوەن
بۆنیان دەکەم
ئەگەر تۆ بێرەدا بڕۆی
بە بۆن شوێن پێت دەناسمەوە.

ئێستا بیر لەوە دەکەمەوە پێت بچووکە یا ناوەنجی ، نازانم بەڵام ئەوە دەزانم کە ڕەنگی پێت و ڕەنگی بەفر لەیەک دەچێ! چیا گەورە و فراوانە بۆ چیا نشینان، بەرتەسک و داخراو و دۆزەخە بۆ شاریان، بەتایبەتی کە سیحری کۆماری ئەفلاتوون بەتاڵ بوو، کلیلی شاری خوا تەسلیم بەشەیتان کرا!

لەخۆم پرسی: شەیتان کێ یە؟

دەروێشێک کەوا بزانی هەر خۆی ڕاستە و ئەوانی تر خڕیان هەڵەن و گومڕا.

یەکەم جار لە کۆماری ئەفلاتووندا شاعیران دەرکران، دووەم جار لە کۆماری سیاسەتدا شاعیران دەرکران سێیەم جار لە کۆماری ئایدیۆلۆجییەتدا شاعیران دەرکران لەوساوە تا ئەمڕۆ هەمیشە شاعیران لە کۆمارەکان دەردەکرێن بۆیە هیچ کۆمارێک تا سەر بەسەربەرزی نامێنێتەوە.

لە نێو ئەو هەموو بارەگایەی لە پەنا شاخەکان دروست کراون چەند شوێنێ هەبوو لە ناو هەموویاندا کووخێکی نزم و نسرمیان بە من ڕەوا

بینی کە جۆگەیەکی بچکۆڵە بەناویدا دەڕۆیی، من و ڕەهبەر جەلال ماوەیەک لەو ژوورە ئەشکەوتاوییە ژیاین و هەر لەوێ ڕەشنووسی قەسیدەی «سووتانی ڕەنگەکان»م پاکنووس دەکرد. شەوێکیان من بەتەنیا بووم و ڕەهبەر چووبووە نۆکان بۆ سەردانی برادەرێکی. من بەتەنیا لە ژوورەکەمدا، لە ناو تەنیاییەکی کوشندەدا بووم لە ناکاو خشۆکێک لە شێوەی مارمێلکە لەبەردەممدا قووت بووەوە و لە تەنیشت ئاوەکە دەتوت لە ئاودا هاتۆتە دەرێ ڕەنگی خاڵ خاڵی زەردی دەبریسکایەوە، بەخێربێی هەی برادەری عەزیز سەرچاوان هاتی!

های لەو کارەساتە گەورەیە، مرۆ لە ناو ئەو هەموو بارەگا و خەڵک و خوایە، مارمێلکە بە دۆستی خۆی بزانێ!! لەو ژوورە شێدارەدا، کتێب و دەفتەر و جلەکانم شێدارن، خۆم و هەست و خەونەکانم شێدارن وشە و ئاواز و شیعرەکان هەرچیم هەیە شێیەکی خەستی گرتووە هی سەدەکانی پێشوو.

لەو ژوورەدا «الثابت والمتحول»ی ئەدۆنیسم خوێندەوە و بەڕۆژ دەچوومە سەیری درەختەکان کە تازە گۆپکەکانیان تەقیبوون گوڵی ڕەنگاوڕەنگیان دەرکردبوو، داری بەڵالووک، هەرمێی کێوی گوڵەکێوییەکان تازە سەریان لە زەوی دەردەهێنا، دەمزانی چەند ڕۆژێکی تر زەوی بەکۆکتێلی ڕەنگەکان مەست دەبێ. بەشەو خەریکی خوێندنەوە بووم. پێشتر شیعرەکانی ئەدۆنیسم خوێندبووەوە، پێم وابوو ئەو هەر تەنیا شاعیرێکی گەورەی عەرەبە، کەچی کە ثابت و متحولم خوێندەوە زانیم کە ئەو کودەتاچییەکی گەورەیە لە فیکری عەرەبیشدا، ئەوکات جوانتر لە شیعرەکانیشی گەیشتم، بەتایبەتی کە من زۆر سەرسام بووم بەدیوانی «مفرد بصیغة الجمع»ی دەمویست گۆرانییەکی غەمگین بۆ ئەو نەمامگەی تەمەنم بنووسم لە حزووری ئەفسانەی چیادا مابوومەوە. نیازم بوو ناوی بنێم گۆرانی بەفر و ماڵئاوایی!



بەفرەکە دیار بوو کاریگەری دەرێیە بەڵام ماڵئاوایی ئەوە ئاگری ناوەوەیە کە بەکڵپەکەی بەفری هەموو شاخەکان دەتوانەوە.

ئەوەی ئەدۆنیس کردوویەتی سەر لە نوێ خوێندنەوەی ئەدەب و کەلتووری عەرەبە، ئەو جۆرە گەڕانەوەیە ئەگەر چی زۆر پێویستە بەڵام بۆ کوردی ئێجگار دژوارە. سەرچاوەکان زۆربەیان ونن، ئەوەی ماوە کەمێکی کەمە. هەر بۆ نموونە گەر بتەوێ سەر لەنوێ فیکری کوردی بخوێنیتەوە دەبێ لە چییەوە دەست پێ بکەی؟ ئەگەر بەرهەمەکانی ئبنوئادەم هەریەک دووانێکیان چاپ کرابن و زۆربەیان هەر دەستنووس بن و بەزەحمەت دەست بکەون، ئەگەر بەرهەمی مەولانا خالید تەنیا هەر شیعرەکانی و چەند نامەیەکی دەست بکەوێ، ئەگەر بەشی هەرە زۆری ئەو کتێب و کتێبخانانەی ئەولیا چەلەبی لە گەشتەکەیدا باسی دەکا هەموویان بزربووبن یا سووتابن و فەوتابن.. چی دەمێنێ؟ هەر تەنیا بەشێک لە دیوانی شاعیرانی کلاسیکی و ڕۆمانتیکی و بەس. ئەوانەش بەشێکی کەلتوورەکەن و هێشتا کۆمەڵە بەرهەمێکی زۆر دەمێنێ. پرسیارە تۆقێنەرەکەش ئەوەیە، کە هەر لە ئەسڵدا ئەوانە هەر نەبووبن و کورد هەر هێندەی هەبێ کە بڵاوبۆتەوە ئەوسا وەکی ئەو حوشترالووکانە لە سەحرادا قان قان دەڕوێن دەبێ بەهەوودە شەڕی مانەوەی خۆت بکەی و لەگەڵ ئەو وشکایەتییە خۆت ڕابێنی.

ئەدۆنیس کاری لە دژی قەدەقەغە کراوەکان کردووە و ئەو جۆرە هەڵگەڕانەوەی بە بڕینی تخووبەکان تەواو دەبێ، ئەفراندن خۆشی کارێکی متجاوزانەیە و یەکەم ئەرکی ڕەتکردنەوە و تێپەڕاندنە.

دیمۆکلیس ئەو پاڵەوانەی مەحکوم بوو بەوەی تا ماوە لە ژێر هەڕەشەی شمشێرێکدا بژی کە بەسەر سەریەوە هەڵواسرابوو، ئەو وەسفە بۆ کورد لەجێی خۆی و گونجاوە. شەوێکیان لە (نۆکان) لە لای ڕەفیق سابیر مامەوە، لەکاتی گفتوگۆدا چەند جارێک ئەو وەسفەمان دووبارە کردەوە.

وتم: نۆکان دۆزەخێکی کەسکە، ئەوجا دۆزەخ کەسک بێ یا سوور چی دەگۆڕێ؟

ئەوەی ئازارت دەدا بەزەحمەت ئارامی دەبەخشێ. مەرج نییە، خۆشەویستی ئازار بەخشە کەچی هیچ هێزێک وەکی ئەو ئارام بەخش نییە. هەروەها وتم: ئێمە دۆزەخمان لە ناخمان دایە، هەموومان ستافرۆجینی پاڵەوانی «چاوەڕوانی گۆدۆ»ین. ئەوەتا ئێمە هەردووکمان لەژێر درەختێکی پایزدا دۆش داماوین بەدیار ئەو لکانەوە کە میوەی ڕەنجی ئێمەیان پێوە هیشک بۆتەوە!! میوەش وەکی خۆمان ڕەق و تەق. ئێمە مەحکومین بە ئیعدام و بڕیارەکەش ڕاگیراوە، هەر بەردێکی وڵات تاراوگەیەکی ئەدەبیمانە. نە لەگەڵ ڕووباردا تا سەر دەتوانین بخرۆشێین، نە لەگەڵ بەهاری ڕەشدا! نازانم بۆ هەمیشە بەهار بەو ڕەنگەوە دێتە بەر چاوم، ئایا لەبەر ئەوەیە کەلەپچە و زنجیری پێوەندمان لەخۆمان قورسترە؟! ئێمە تەپۆلکەی بیابانین، ئەمڕۆ لێرەین سبەی نین. یا لە شوێنێکی تردایین! گوڵەگەنمێکی پووچین وشک و بابردەڵە! شەهوەت و شەیتان لە خوێنماندا وەکی گوڵە بەڕۆژە ملیان لار بۆتەوە، ئەوەیە ئەمڕۆیە هەمیشە ئەو دوو هێزە دەتوانێ لە خشتەی ببا، ئەوانە ڕەهان نە شەهوەتدارن و نە لەخشتە دەبرێن. خەیاڵ کوێر دەبێتەوە و کۆتریش لەو کۆنە بیرانە هەڵدەفڕن! شەوێک لە (نۆکان) مامەوە و گەڕامەوە هێلانەی بەر ڕەشەبای خۆم، هێندە بێزارم لە هیچ شوێنێک ئۆقرە ناگرم، زەینم بۆ ئەوەم دەبا کە ژیار دامەزراوێکی ئەخلاقییە و ئەوەی هەوڵی تێکدانی دەدا ڕاوەستان و چەقبەستنە لە شوێنێکدا، ئەگینا هەموو گەڕان و سۆراخکردنێک لە خزمەتی ژیاردایە.

لەو شوێنە چەپە کە دایکم هات بارێک کتێبی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو، لە ناویاندا دیوانێکی (ریلکە) بوو، کە ببووە سیپارەم و هێندەم خوێندەوە تا زۆربەی شیعرەکانییم لەبەر کردبوو.



بە درێژایی ئەو ماوەی دوور کەوتبوومەوە لە شار هەردەم خۆم بەکەودەنییەک دەهاتە بەرچاو، لە لاپەڕەیەکی ڕۆژ ژمێرەکەدا نووسیومە: «ئەگەر شار دۆزەخ بێت ئەوە ژیانی ئێرە لە ناو شاخ خولانەوەیە بەدەوری دۆزەخدا یا ژیان بەسەر بردنە لە بەرانبەر دۆزەخدا. ئەگەر شار زیندان بێ ئەوە ئێرە هەوڵدانە بۆ دروستکردنی زیندانێکی تر، لەسەرەتاوە دیوارێک، پاشان هی تر و هەر هێندەت زانی دیوارەکان بەرز بوونەتەوە و چەند ساتێکی کورت و هەوڵدانێکی کەمی گەرەکە بۆ داخستنی». تاجی شاهانە شایەکان دروستیان نەکردووە، ئەوە هونەرمەند و وەستای کارامە و دانایە کە بەو گەوهەر و دەست ڕەنگینییە دروستیان دەکەن و جۆرەها ئاقیق و مۆرووی گرانبەها و زمڕووت و مروارییان پێوە دەلکێنن.

تاجی تۆ هەر هێندە بەسەرتەوەیە تا دەسەڵاتداری
تاجی من خۆشەویستی شاعیرێکە
بەسەرمەوەیە لە دوای مردنیش!

هەر تەنیا ناخرێتە سەری من دەخرێتە سەری هەمووان. لەو شوێنانەی مرۆ بەخەون دەژی، کەچی خەونەکانی من وەکی مار لە ملم دەئاڵان. خەونی من مەمکی ژنێکی گەنج بوو وشکی کردبوو، هەرچەندی مژم لێ دەدا دڵۆپێک نەدەهاتە ناو زار.

لە ژوورەکەمدا مارێک هەبوو، جار جار دیاردەکەوت و پاشان بزر دەبوو، نیوەڕۆیەکیان لە ناکاو چۆلەکە کردیانە جریوە جریو کە سەرم بەرز کردەوە، لەبن میچەکەوە مارێکی درێژ خۆی ئاڵاندبوو لە شەقڵەی ڕەش، ئەمجارەش زۆر هەوڵمان دا بۆمان نەکوژرا.

نووستن لە ژوورێکدا کە مارێکی شینی ماک ماکی تێدا بێ دژوار بوو، بەڵام ناچاری بوو، چ جێیەکی ترم شک نەدەبرد. لە سەروبەندی بیر کردنەوە لە شکڵی مارەکە وتم، من لەو شوولکەدارە باریکە دەچم کە

هەرچەند زەعیف بێ وەلێ بەزەحمەت دەشکێ. ژیان هێندە قورس و گران بوو ئەگەر خاسیەتی شوولکم نەبا دەیشکاندم. ئەو ڕۆژانە دەمزانی منداڵەکەمان لە سکی دایکیدا (٩) مانگانە، ڕامان کە هێشتا نەهاتبووە دنیا ناوم بۆ دانابوو، دەمزانی ژنێکی دوو گیان لە تەنیاییدا چەند پەرێشانە، خەیاڵم لای ژنەکەم بوو. من ئەوم بەدرەختی بەهەشت دەشوبهاند میوەی ئەوم خواردبوو بۆیە دەرکرام! ئێستاکە نێوانمان زنجیرە چیایەک و سەدان ڕەبیە و تەلبەندی ئۆردووگایە، نەمن دەگەمە ئەو نە ئەو دەتوانێ هەموو کات لەلام بێ، ئەگەر چی لە گوندی حیزبدا خێزان زۆر بوو، دوو سێ کچیش، بەڵام منداڵی لێ نەبوو، ئەو ژیانە هەموو کەس پێی نەدەوێرا، لە ئەفسانە دەچوو، ئەفسانەیەک گێڕانەوەی خۆشە بەڵام ژیان تێیدا زەحمەت و دژوار بوو. «خۆشەویستی تۆ دەمکوژێ». ئەم ڕستەیەم هەمیشە لەبەر خۆمدا دەوتەوە.

بەیانییەکیان دەمزانی وادەی لەدایکبوونی ڕامان نزیک بۆتەوە و لە ئان و ساتدایە سەعات نزیک نۆ بوو، چوومە بنارێکی بەرانبەر ژوورەکەم، تەڕاتییەکم لە زەویدا بەدی کرد، زانیم شوێنەواری کانییە، یا کەفوکوڵی هەڵچوونی ژێر پەردەکانە، بە خاکەناس ڕێم بۆ ئاوەکە خۆش کرد، لە دوو سێ لاوە ئاوی تر دەرکەوتن وەکی دەزوولە، زیخ و لم و بەردەکانی لادا، بەری ئاوەکانم کردەوە وردە وردە لێوارم بۆیان دروست کرد، گیاو پوونگم کردە شوورە بۆی، پاش کەمتر لە سەعاتێک بووە کانییەکی خنجیلە و سیحری تایبەتیم تێدا بەدی کرد، ئەو کانییەم ناو نا «ڕامان» دڵیشم ڕوون بووەوە.

هەر لە منداڵییەوە لەبەر ئەوەی باوکم باخچەوان بوو پێم وابوو کە جووتیاری کارێکی بەهرەمەندانە ترە لە کرێکاری، لەبەرئەوەی خاک و ئاو و هەوا باشتر دەتوانن توانای مرۆ لە مامەڵەکردن لە گەڵیاندا بەجوانی دەربخەن و ئەوەی بەرهەمیش دێ لە ئەنجامی پرۆسەی کارکردندا شتێکی



زیندووترە. لەو تەماشاکردنەدا کرێکاری کارگەکانم لەبەرچاو بوو، هێندەم بیستبوو هەروەها خوێندبوومەوە کە کارگە وەکی ماشێنێکی زەبەللاح هەموو ماندووبوونەکان تێکەڵ دەکا و ئەنجام شتێک بەرهەم دێنێ کە کەس ناتوانێ وەکی تاک بە بەرهەمی خۆی بزانێ، کوشتنی توانا و بەهرەی خود لە کارگەدا دەردەکەوێ. بۆیە خەیاڵ و هەستی پڕ لە سیحر و خەرافە لای جووتیار بەهێزترە، خاک و خۆڵ لە ئاسن نەرمترە و مامەڵەکردن لەگەڵ ئاودا ئاسانترە لە گریز. ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە ڕەهەندێکی وجوودی تریشی هەبوو ئەویش مەرگە مرۆڤ لە خۆڵەوە دێ و دەگەڕێتەوە ناو خۆڵ، واتە خاسیەتێکی دایکایەتی لە زەویدا هەیە.

لە چیادا ئەو پەیوەندییە دەچێتە چەندین باری ترەوە، شاخ ڕەقێنە و ئەوەی لەو ڕەقێنەدا دەڕوا ڕەنگ و تام و بۆنی جیاوازترە لە هی ئەو ڕووەکانەی لە جێگەی نەرم و تەڕدا دەڕوێن، ئەو هەموو بیرکردنەوانە منیان بەرەو ئاقاری هەندێک دەرئەنجام پەلکێش دەکرد، ئەرێ لەبەر چی لە شیعری کوردیدا سروشت هێندە هێمن و لەسەرخۆ دەرکەوتووە؟ ئایا سروشتی ئێمە بەو شێوەیە؟ کوردستان دارستانی چڕ و گەورە و مەزنی ئەوتۆی تێدا نییە کە مرۆڤ لە ناو هەزاری بەرهەزاریدا ون بێ و نەگاتە ئاوایی و هەر درنج و ئاژەڵی ترسناک ببینێ، ئەگەر واش بووبێ ئەوە سەردەمانێکی زۆر زوو بووە و شەڕ و شۆڕ بەشێکی هەرەزۆری ئەو سروشتەی کردۆتە سورتماک و ئاژەڵ و فڕندەی مەترسیداریش هەموویان ڕۆیشتوون و کۆچیان کردووە و ئێرەیان جێ هێشتووە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زستانی ناوچە شاخاوییەکان وەرزێکی تووش و دژوارە کەچی ئەو لایەنە بەتەواوی پشت گوێ خراوە و ئەوەی شیعری کوردی بخوێنێتەوە تێدەگا کە لە بەردەم وێنەیەکی فۆتۆگرافیدایە، نەک دیمەنێکی ئەفسووناوی ئەفسانەیی، کە ڕەنگە بەشێکی تەنیا لە حیکایەتی میللی و ئەفسانەکاندا ڕەنگیان داوەتەوە و بەس.

له (تووژەڵە) بووم کـە هەواڵیـان دامێ کـچـێکمـان بووە، ئەوە یەکـەم منداڵمـان بوو کەچی من بەدیاریانەوە نەبووم، دوای چل ڕۆژ ئینجـا توانیم بۆ یەکەمجـار منداڵەکەمـان ببینم لە ناو شـاخ و داخەکـانی (وەرتێ) دا. ئەوەش چاکەیەکی تری شـاخ بوو لەگـەڵ مندا بۆیە هەتا مـاوم منەتبـاری ئەوم! بەدرێژایی ڕێگای نێوان تووژەڵە و وەرتێ کە هەمـووی داری ترش و گوێز و قەزوان و مازوو و هەرمێی کێوی.. بوو خەیاڵم هەر لای ئەو مەلە کێوییانە بوو کە بەسەر ئەو لکە کەسکانە دەنیشتنەوە و بە ماڵی خۆیانی دەزانن، ئەو جۆرە پەیوەندییە ئەگەر لە مرۆڤدا بەرجەستە بێ بێگەردترین هەستە، خۆش بەحاڵی باڵندەکان، ئەوان لەو سەرەوە ئازادترن، ئێمە لەسەر هەردوو پرد و لەپەنا هەر گردێکدا ترسی کەمینی دوژمنمان هەبوو، ترسی تۆپبارانمان هەبوو، ترسی دەستوەشاندنی براکان! ئای دەردی براکان چەند کەسەرێکی گەورەیە لەسەر دڵی هەموو لایەکمان!! لە ئاوان سیروان و لە چیایان کارۆخ و قەندیل!! لە ژنان نەهلە و لە منداڵان ڕامان!! شەوێک لەبن چادرێکدا کە یەکەم جارم بوو لەگەڵ ئەو دوو مرۆیە لە شوێنی وادا بخەوم ئەوەم بەخەیاڵدا هات، دەمویست ئەو نامۆییە لە دەموچاوی ئەواندایە لە سەرووی کارۆخدا بینەخشێنم، وەکی کە ئەوان ڕۆیشتنەوە سەبووری دڵم بە تەوێڵی شاخ بدەمەوە. بەیانی کە لەبەر دەرکی خێوەتەکەدا هەتاو دەموچاوی کچەکەمی پڕدەکرد لە نوور دەروونم گەشایەوە، سوپاس بۆ هەتاو کە ئەو بەیانییە یەکەم جار چاوی ئەوی شووشت بە ڕووناکی ئەوجا چووە حزووری سروشت و شتەکان، ئەو ئەولەوییەتە لەبەر خاتری من بوو، ئەو هێندە میهرەبان و دۆستێکی دڵسۆزە دەیزانی بە چ زمانێک وەفای خۆیم بۆ دەنوێنێ، سوپاس بۆ خۆر کە هەموو جارێ لە تاریکترین سووچی ژیاندا دێ بەپیرمەوە بەیانی باشێکم لێ دەکا کە مەگەر نوح لە یەکەم دار زەیتوونی وشکایی کردبێ.

ئەوە سێیەم جارە گوندی وەرتێ ببینم، یەکەم جار ساڵی ١٩٧٤، لەگەڵ



باوکم لە بالیسانەوە چووینە ئەوێ بەنیازی چۆمان، بەیانییەکەی گەیشتینە وەرتێ تاریک و ڕوون بوو، چەند مانگێک پێشتریش شەوێکیان کە تازە پەیوەندیمان بە شۆڕشەوە کردبوو لەگەڵ چەند برادەرێک کە هەموویان قوتابی کۆلێجی کشتوکاڵ بووین لەوێ ماینەوە. هەر سێ جار وەرتێم وەکی وێستگەیەکی کاتی دیوە و پێم وایە مرۆڤ هەندێک جار هیوا دەخوازێ بچێتە گوندێک و هەموو ژیانی لەوێ بەسەر بباو گوندی واش هەیە بەتوو بی تا زووە بڕۆی و بەجێی بێڵی، وەرتێ بۆ من لە جۆری دووەم بووە، هەرگیز حەزم نەکردووە تێیدا بمێنمەوە و جوانی ئەو لادێیەم لەو ساتە کورتانە لا دڵگیر بووە، ئەگەرچی دیمەنی کارۆخ زۆر دڵڕفێنە بەڵام هەمیشە ئەو جۆرە لادێیانەی کە دەکەونە ناو چوار دیواران هەناسەیان تەنگ نەکردووم. من حەزم لەو گوندانەیە کە بەقەد پاڵێکدا هەڵدەکشێن و کێوان هەتاو بەهەوەسی خۆی تیشکی خۆی لێ دەسووێ و تا ئێوارە درەنگانێک لێی نابێتەوە. ناتوانم هیچ شتێک بەڕووتی و بێ شەپۆل و تاڤگەی حەز و ئارەزووەکانی خۆم ببینم، هەر پەنا بەرد و سێبەری درەختێک و سەر ئاو و ڕووبارێک گرێ دراون بە بیرەوەری و هەستەکانی منەوە، دوو جاران (برەدێ)م دیوە، هەر جارەی بەجۆرێک، یەکیان لە ڕۆژانی نسکۆی شۆڕشی ئەیلول و دواتر لە هەشتاو دوو، هەر جارە و یادگارێکی منی لەخۆیدا شاردۆتەوە و ئەو دێیە بەو یادگارانەوە دەناسمەوە. جارێکیان ئێمە لێقەوماو بووین و ئەو بەخشندە و میهرەبان، جاری دووەم کە بەعس وێرانی کردبوو هەردووکمان لێقەوماو، هەردووکمان وێران و خاپوور.

برە دێ ئەی گوندی لێواری بەهەشت و
ئەی مەملەکەتی کۆترە کێوییەکان
برە دێ ئەی کاسە ڕژاوی دەستی خواوەند و
ئەی چاوی ڕژاوی خەونەکان
سێبەرێکی خۆتم بدێ خۆمی تێدا فێنک بکەمەوە

ئاگرێکی خۆتم بۆ هەڵگیرسێنە
تا بەشی شێداری خۆمی لەبەر دەم هەڵخەم
خۆتم نیشان دە بەو چەشنەی دەتەوێ
تامن خۆمت نیشان دەم وەکی دەمەوێ
هەر گوندە و خولیایەکە
مرۆ گیرۆدەی دەبێ
کە گیرۆدەشی بوو هەرگیز لێی نابێتەوە

لە ئەزمونی هەر شاعیرێکدا هەندێک شیعر هەن بە ناکامڵی لە دایک دەبن و تاماون نابن بە شیعر، هەندێکی دیش بە شاعیرەوە نانووسێن و وەکی بیژی هەرەتی ناو کاغەزە پەرش و بڵاوەکان دەبن و ناچنە ناو سنگی دیوان و کتێبەوە، ئەوە جگە لەوانەی لە ساتێکی توڕەبوون یا نائومێدی دا دەبنە خۆراکی ئاگر و قەقنەس ئاسا دەسووتێن و دواتر ڕەنگە لە خۆڵەمێشیاندا شیعری تر دروست ببێ، کێ دەڵێ، ئەوەشیان مەرجێکی پتەو نییە.

دوای نسکۆی حەفتا و پێنج شیعرێکم نووسی بە ناوی «کۆلارە» و بۆ هەندێک لە برادەرانیشم خوێندەوە، یەکەم جار لە باخچەی «شەوانی هەولێر» بۆ نەوزاد رەفعەت و جەلال بەرزنجی و هەندێک لەوانەم خوێندەوە کە ئێواران لە دەوری مێزێکی خۆڵەمێشیدا گرد دەبووینەوە. لەو شیعرەدا مامەڵەم لەگەڵ هەندێک لە حاڵەتەکانی منداڵی کردبوو، ئەو کاتەی کۆلارەمان هەڵدەدا لە کاتی ئێواران و کە تاریک دادەهات فەنەری ڕەنگاوڕەنگمان بۆ دەنارد و بەوی و ئەو دیمەنە سیحراوییەدا مۆڵەق دەبووین. پاشان شتێک ڕووی دەدا، بایەکی توند یا لە ناکاو داو دەپچڕاو کۆلارە و فەنەرەکان لە ئاسمان بزر دەبوون ، دڵی ناسکی منداڵیمان لە سەد شوێن دەشکا.



ئەوسا دوای نسکۆ بوو، کۆلارەکە ڕەمزی شۆڕش و ئومێد بوو، دوای فڕینی پچڕابوو فەنەرەکان کە هێمای قوربانی بوون بە دامێنی کۆلارەوە لە هەواوە گێژیان دەخوارد و یەک لەدوای یەک دەکوژانەوە. فەنەر ڕۆحی بەرخۆدان بوو، مۆمێکی بچووک کە وەکی دڵ عەشقی تێدا دەسووتا، لە ناکاو دەکوژایەوە.

تەواو شیعرەکەم لە یاد نەماوە، بەڵام چوارچێوە و سنوورەکانی لەو چەند ڕستەیەدا تێپەڕی نەدەکرد. بۆ من ئەو شیعرە سەرەتایەکی جودا بوو، بەستنەوەی هەرەسی منداڵی لە بەرانبەر ڕووداوە تاڵەکانی ڕۆژگار و گرێدانیان بە هەستێکی نائومێدانەوە، کە ئیتر کۆلارە و سەردەمی کۆلارە بەسەرچوو، منیش گەورەبووم و خولیاو خۆزگەیەکی تر شوێنی کۆلارە دەگرێتەوە.

ئەو ڕۆژانە ئەگەرچی پووچ و تاریک بوون، وەلێ گران تێپەڕ دەبوون و لەهەر پێچ و سووڕێکدا کۆمەڵە موعانات و ژانێکی تازەیان تێدا دەردەکەوت.

چۆن کۆلارە ڕۆی و چۆن منداڵی ڕۆی و چۆن ئومێد فڕی، شیعرەکەی منیش بەو چەشنە، نەمزانی چی لێ هات و کێ بردی و چی شاردیەوە. ئێستاش دوای سی ساڵ کە دەچمەوە ئەو شوێنەی جاران، یەکەم شت کە دێتەوە یادم شیعرەکەیە، کە چۆن ئەمن گەنجێکیان پەلبەست دەکرد و دەیانبرد و ئیتر کەس نەیدەدیتەوە، ئەو شیعرەش وا نەمدیتەوە، وا دێتە بەرچاوم لە زیندانێکی تاریکدا سەر و ڕیشی بەسەر سنگی شۆڕبووبێتەوە و ناوچەوانی لەبەر خەمی ڕۆژگار ببریسکێتەوە و دەڵێم، ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان هاتەوە، دەتوانێ هەمان دڵخۆشی ببەخشێ بە دڵی شکاوم؟ بەهەمان شێوە بفڕێ و ئاسمانی سنگم ببڕێ؟

غەمم دێتێ کە بۆ وەک کۆدەک ئاگر بەردەمە کاغەز
لەبۆ نووسینی غەمنامەی دڵم هەر گا قەڵەم دادەم

ئەو دوو دێڕەی (مەحوی) هەمیشە ئەو شیعرانەم دێننەوە یاد کە وەکی چەخماخە لە ناو هەوری موعانات و ئازارەوە دەڕژێنە سەر کاغەز و نیشانەی سووتانی عەشقێکن کە دنیا بە گەرمایی ئەو ڕاگیراوە ئەگینا سەهۆڵبەندانی ڕەق و بێ ویژدانی دەیبەستێ. ئەوەیان دەربارەی مەرگی تاقانەی یەکەمم، بۆ تاقانەی دووەمیش سەربووردەیەکی تر لە گۆڕێیە.

شیعری «ڕۆژ مێری ڕێبوارێکی غەریبی ئەم سەردەمە» کە لە شوێنی تردا باسی ئەوەم کردووە کە کاتی خۆی لە کۆڕێکی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی لە هەولێر لە ساڵی ۱۹۷۲ خوێندوومەتەوە ئەگەر لەساڵەکە بەهەڵەدا نەچووبم.

بەڵام ئەو شیعرەیان هی هەرەتی سەرەتای لاوی بوو، هێشتا قەدی شیعرم دیار نەبوو، هەر هێندە نەبێ کە وەک دوو پەلکی تازە لێی ڕوابوو، بەقەد مووی سەر لێوم دیاربوو.

ئەوەی سێیەمیان قەسیدەی «گورگ» بوو کە کاتی خۆی بۆ ژمارەیەک برادەرم خوێندبووەوە هەر لەبەر ڕۆشنایی ئەم قەسیدەیە پێشنیاز کرا گرووپێک بەناوی «گورگ» دروست بکەین و ئەم دەستنووسەم دابووە کاک شێرکۆ بێکەس – یش ئەویش خوێندبوویەوە و سەر لە نوێ بەختەتی خۆی دایڕشتۆتەوە و جۆرە ئیقاعێکی بۆ دروست کردووە کە تایبەتە بە خۆی و ئێستا هەردوو دەستنووسم ماوە. ئێستا لە گۆڕستانی شیعری مندا بەسەدان گۆڕی ون و سێ گۆڕی دیاریش هەن، لەسەر کێڵەکانیان نووسراوە: شاعیرێک هەمیشە تخووبی خۆی دەبەزێنێ!

# ئەوەی لەسەر بەفر جێمابوو

## لەبەر هەتاوەوە بۆ ناو بەفر

شەش ساڵان بەبێ وچان هیلاک و ماندووی کاری ڕۆژنامەنووسی بووم، شەو و ڕۆژم بەدیار کێشە و دەردی سەری و ماندوو بوونەکانی کاری ڕۆژنامەنووسی کردبووەوە، خوا و خەڵکیش دەزانن جگە لەسەر ئێشە هیچی ترم دەست نەکەوتووە. نازانم ڕۆژ لە کام لاوە هەڵاتبوو کە بڕیاردرا لە کوردستانەوە وەفدێکی ڕۆژنامەنووسان بەشداری لە یاد کردنەوەی سەد ساڵەی دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بکەن کە بڕیاربوو مانگی ئابی ١٩٩٨ لە مۆسکۆ ببەسترێ، من یەکێک بووم لەو دوو کەسەی لە سلێمانییەوە دەچووین و دووانیش لە هەولێر ڕۆژی ٢٤ / ١٠ لە مەرزی پەروێزخانەوە کە نزیکەی دوو سەعات دوورە لە سلێمانی و کەوتۆتە ناو گردۆڵکەکانی خوارووی ڕۆژهەڵاتی قەسری شیرینەوە، سنوورمان بڕی و دەوروبەری نیوەڕۆ گەیشتینە کرماشان، لەوێ فڕۆکە ئامادە بوو، دنیا تەواو تاریک بوو بوو، کە گەیشتینە تاران، دە ڕۆژی تەواو لە تاران ماینەوە لەبەر ئەوەی فیزای مۆسکۆمان نەگەیشتبوو تەنیا فۆتۆکۆپییەکەیمان لابوو، ئەوەش لای باڵیۆزخانەی مۆسکۆ و قونصوڵی کاروباری سەفەر کردن نەیدەخوارد و تەلەکسی نێوان تاران و مۆسکۆش تێکچووبوو، بۆیە سەفەرمان دواکەوت و، دەیەمین ڕۆژ کە تەواو بێهوودە بووین ئینجا ڤیزاکەمان گەیشت و پەلە پەل بەهەوا پەیمای ئێرانی ڕۆژی ٤ / ١١



سەفەرمان کرد و هەر لەبەر دواکەوتنی ئێمە سیمینار و یادکردنەوەکە دواخرا بۆ ٥ / ١١ پێش ئەوەی تاران جێبهێڵم لە دەفتەری بیرەوەری خۆمدا نووسیبووم: تاران لەو کتێبە دەچێ کە پێویستە هەموو ساڵێ جارێک بیخوێنیتەوە، بۆ ئەوەی هەر جارە و مانا و جوانی تازەت پێ ببەخشێت!

بە درێژایی سێ سەعات و نیوی نێوان هەردوو پایتەخت دەموت: چ جوانییەک ئەو حوزنە شیرینەم لا دەسڕێتەوە کە لە چاوی کچەکانی تاراندا دەمبینی و چەشنی دڵۆپی باران بەسەر گەڵای سوورە چنارەکانی شەقامی (وەلی عەسر) و مەیدانی (ونک) و (تەجریش) قەتیسن، یا چەند قەترەیەکی شەون لە ناو بەیاندا جێ ماون! لەگەڵ یەکەم بەفری ساڵدا گەیشتینە مۆسکۆ، لە فڕۆکەخانەی (شێر متیفا) کە یەکێکە لەفڕۆکەخانە گەورەکانی مۆسکۆ و تایبەتە بەهاتوچۆی نێوان ئەو پایتەختە و پایتەختەکانی تری جیهان، لەوێ دابەزین. هەر لەگەڵ یەکەم شەپۆلی هەوای ساردا دەمزانی وەرزێک چاوەڕێم دەکات کە دەمێکە شەیدای هاتنیم، وەرزێکە لە چاونووقانێکدا دەیان وەرزی تر قووت دەدا، وەرزێک لە وەرزەکانی دیکەم ناچێت.

– خەرەشۆ!–

ئەفسەری پاسپۆرت دواجار سەری لەقاند و پێی وتم خەرەشۆ (باشە) ئەوە یەکەم وشەی ڕووسی بوو بیستم، ئەو کات نەمزانی چ وەڵامێکی بدەمەوە، هەر هێندە و منیش سەرێکم بۆ لەقاند و ئیتر جانتاکەم کردە کۆڵ و چوومە ناو سیحری بەفر و تەم و مژ و جوانی.

خەرەشۆ بۆ باڵای بڵندی کچانی مۆسکۆ

خەرەشۆ بۆ گەڵای ئەودیوی پەنجەرە، کە یەکەم بەفری ساڵ لە سەری دەنیشێ

خەرەشۆ بۆ یەکەم بەفری ساڵ

خەرەشۆ.

لە فرۆکەخانە کوردەکان لە پێشوازیماندا بوون.. پرۆفیسۆر شاکرۆیی مەحۆیێ (لێپرسراوی سەنتەری لێکۆڵینەوەی کوردی لە مۆسکۆ)، شۆڕش خالید سەعید (نوێنەری یەکێتی نیشتمانی لە مۆسکۆ، موەفەق دەرگەڵەیی (نووسەر و ڕۆژنامەنووس)، شێرزاد خۆشناو (ئەندازیاری بینا سازی)..

خەرەشۆ؟

پرۆفیسۆر شاکرۆ تەمەنی سەرووی (٦٠) دەبێ، خەڵکی ئەرمینیایە و ئێزیدییەو چەند ساڵێکە لە مۆسکۆ دەژی. جاران هەر کۆمارێک لە کۆمارەکانی سۆڤیەت زانکۆی ئەکادیمیای خۆی هەبووە و لەوێ خوێندوویەتی و هەر لەوێش دامەزراوە و خوێندنی گرتۆتەوە، ئێستا ژیان لەو شوێنانە گرانە، خەڵکی ڕوو لە مۆسکۆ دەکەن بۆ ئیش و کار و گوزەران پەیدا کردن، سایەقێکی تاکسی کە یەکەمجاری بوو لە دەرەوەی مۆسکۆوە هاتبوو بۆ بژێوی، پێی وتم: شەش مانگە نەکارم هەبووە و نە مووچەشم وەرگرتووە هاتووم لێرە بەئۆتۆمبیلە تایبەتییەکەی خۆم ببمە سایق تاکسی، ئەو ئێوارەیە گەیشتبوو، یەکەم کاریش ئێمەی بردە سەنتەری شار کەچی بەهۆی ناشارەزایی لە شوێنێکدا وەستا کە نەدەبووا لێی بوەستێ، هەر زوو پۆلیسی هاتوچۆ گرتیان و وابزانم ئەوەی کە لە ئێمەی وەرگرتبوو پێیان بژارد!

بەدرێژایی ڕێگەی نێوان فرۆکەخانە و ئوتێلی (ماڵداڤیا) کە لەوێ ژووریان بۆ ئامادە کردبووین، مستەفا ساڵح کەریم و شاکرۆ و شۆڕش بەتاکسییەک چوون و من و مۆفەق و شێرزاد بەئۆتۆمبیلەکەی شێرزاد.

ماڵداڤیا دەکەوێتە ناو سەنتەری شار و بەتەنیشت باڵیۆزخانەی ماڵداڤیاوەیە، ڕێک بەرامبەری میترۆی (کۆزنۆتسکی مۆسک)ەو چەند



سەد مەترێک لە گۆڕەپانی سوور و کرملینەوە دوورە.

یەکەم ئێوارە لە ڕیستورانەکەی ماڵداڤیا شاکرۆ پێکی ڤۆدگای بەرز کردەوە.

وتی: ئەز ئەشقەک دبێژم بۆ هاتنی ئێوە و بۆ ئاشتی. پاش بەخێر هێنانی گەرمی ئێمە وتی: ئەشقی من بۆ ئاشتی کوردستانە، ئاشتییەک کە هەموو عەیب و عارمان بسڕێتەوە، دڵی هەموومان پڕ بکات لە هیوا... هتد. چەند ڕستەیەکی دوورو درێژی وت و ئینجا وتی: دڵی ئێمە لای ئێوەیە (مەبەستی باشوور بوو). دواتر دەستی بۆ پارچە نانێکی ڕەش درێژ کردو وتی: بۆنی بکە، ئەوە نانی ڕەشە. ئەو نانە لای ئێمە زۆر بەنرخە و لە جۆ دروست دەکرێ و پێی دەڵێن: جۆرنی خلێب، (نانی ڕەش).

ئەو نانە تایبەتە بە ڕووس، ڕووسییەک دوور بێ لە وڵاتەکەی کە بۆنی نانی ڕەشی کرد ئیتر یەکسەر ڕووسیای بەبیر دێتەوە و دەڵێ: ئای نیشتیمانم!

ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام لە یەکەم دانیشتندا:

مەزە لای ڕووس بریتییە لە: سەلاتە، زمان، گۆشتی سارد، ماست، کافیار، کەرە، پەنیر، نانی ڕەش و سپی، لەگەڵ خواردنەوە و ئەو هەموو شتانە دەخورێن، ئینجا دواتر شۆربا دێنن کە زۆربەی، شۆربای ماسییە، یا کوارگ (قارچک) یا بۆرش (شۆربای چەوەندەر و گۆشت) و هەر شۆربا و خواردنێکیش گەڵایەک برێوزە (درەختێکی زۆر بەناوبانگە لە ڕووسیا) ی لەسەر دادەنرێ، ئەو گەڵایە هێمایە بۆ پیرۆزیی ئەو درەختە و ڕێزگرتنێکە لە هەموو شتێکی ڕووسیا، کە ئەو درەختە یەکێکیانە.

(تۆست) یا (ئەشق).. ڕووسەکان چەشنی برێوزە و هەموو شتەکانی دیکەی ڕووسیا تایبەت و جێگەی بایەخە و تەشقێکە بۆ خۆی. تۆست واتە قسەو باسی بەر لەپێک هەڵدان و هەڵقوڕاندن، ئەو تۆستە دەکرێ

بەدانیشتنەوە بوتریّ و زۆر جارانیش بەپێوە و پێکەکەی بەدەستەوەیە و بە موجامەلە دەست پێدەکا، موجامەلەی کەسی بەرامبەر یا خاوەن داوەت، یا میوان، یا بەهرەمەند... هتد، ئەو بابەتەی باس دەکریّ پەیوەندی بە مێرخاسی و جوامێری و پیاوەتی ئەو کەسەوە هەیە یا بە خێزان و باو و باپیرانی.

ڕووس خۆیان میللەتێکی تا سەر ئێسقان دیۆنیزیسین و ستالین دەڵێ:

بە دوو شت دەژین (ڤۆدگا و پەتاتە)!.

لە شوێنێکی تر باسی ڤۆدگا و عەشقی ڤۆدگا و خواردنەوە دەکەم هێشتا نۆرەی نەهاتووە با هێندە لە ڕووداوەکان دوور نەکەومەوە.

مۆسکۆ شاری مۆزەخانە و پەیکەر و بیناسازی و جوانییە، شاری بەفر و سەما و دۆزینەوەی مانایە، هەموو شتێک مانا و مەبەستێکی لە خۆیدا کۆکردۆتەوە، ناکریّ و نالویّ بەخێرایی پێیدا گوزەر بکەی و تێی نەگەی.

یەکەم پەیکەر مایکۆڤسکی بوو کە بینیم، ئەو شاعیرە بە تووڕەییەوە وەستاوە و سەیری ناوچاوانی مۆسکۆ دەکات، ئەو شوێنە، سەردەمی شۆڕشی ئۆکتۆبەر مەڵبەندی کۆبوونەوەی شاعیران بووە و لەویّ شیعر خوێندراوەتەوە و چەپڵە بۆ وشە گەرمەکانی شیعری شۆڕشگێڕی لێدراوە و مایکۆڤسکی بە شیعرە حەماسییەکانی کرێکارانی ئۆکتۆبەری لەخۆی کۆکردۆتەوە.

لە جامی سەیارەکەی شێرزادەوە سەیری دەرەوەم دەکرد، وتم ئەو هەورە سپییەی شیعری ڕووسی لە پانتۆڵەکەی مایکۆڤسکی ئالابوو چ زوو ڕەوییەوە! یەفتیشینکۆکە ماوەیەکی زۆر بەدەنگی بڵند شیعرەکانی دەخوێندنەوە و هەناسەکانی بۆنی شاعیری تووڕەی شۆڕشی ئۆکتۆبەریان لێ دەهات، چی بەسەر هات! مۆفەق وەڵامی دامەوە: ئێستا لە ئەمریکا دەژی و مامۆستای زانکۆیە.



پرسیاری پەیکەری پووشکینم کرد، چووین لە باخچەیەکی ناوەڕاستی شاردا، باخچەیەک کە جیّ ژوانگەی عاشقانە، شوێنێک کە دەڵێی بەفرێکی سپییە لە ناو پانتاییەکی تاریک و ڕەشدا، بەفرێک کە دەڵێی ڕێکییە لە ناو دەیان قەرەباڵغی و ناڕێکیدا. لەو باخچەیە یەکەم جار پەیکەرێکی بڵندی برۆنزی پێشوازیت لیّ دەکات ئەو کەسە، ئەو یەکەم کەسە پووشکینە و تاریکییەک بە سیمایەوە دیارە کت ومت دەڵێی گەرمای ئەسمەری ئەسیوبیایە لەسەر پێستی نیشتووە، ڕەگێکی لە قووڵایی ئەو کیشوەرە ڕەشە هاتووە و لە ناخی ڕووسیادا هێندە قووڵ ڕۆچووە تا ئەبەد ڕەشە با و زریان نەتوانیّ لەو خاکەی هەڵکەنێت، پووشکین دڵی شیعری ڕووسیایە و ئەو دڵەش هەرگیز لە لێدان ناکەوێت. باخچەکە بەو پاییزە پڕ بوو لەگەڵای زەردی عاشقان، پڕ بوو لە پاشماوەی هەنسک و ڕاز و نیاز، کەچی عاشقەکان لەویّ نەمابوون چەند کوڕ و کچێک مابوونەوە سنگیان کردبووە قەڵغان بۆ سەرما، سەرمایەک کە ڕووسی تێیدەگا، ئەو کوڕ و کچانە لەبەر تاڤگەی جوانی خۆیان تەسلیم بە مەبەستی شیعر کردبوو. لەژێر پەیکەرەکەی وەستام ڕووبەڕوو ئینجا لە تەنیشتی سەری خۆم بەرز کردەوە، سەد حەیف نەدەگەیشتمە ئەژنۆی، جا چۆن دەگەم! دەڵێن لە کاتی شەڕی ڕووس و تورکەکان پوشکین کوردی ئێزیدی بینیوە باسیشیان دەکات، بەڵام من هیچ زانیارییەکی تازەم لەو بارەیەوە چنگ نەکەوت.

تاوێک بەرەو لای چیخۆف سەرکەوتین، ئەو لە پووشکین زۆر دوور نییە، هەر هێندەی پێچی مێزەرێک ئیتر ئەو نووسەرە گەورەیە لە پاڵ دیوارێکدا وەستاوە و دەڵێی چاوەڕیّ دەکات کەسێک لە ماڵەکەیەوە بێتە دەرەوە پیاسەیەکی سەر ڕووباری مۆسکۆی لەگەڵدا بکە.

هەموو ساڵێک لە مانگی ئەیلولدا مۆسکۆ یادی دامەزراندنی خۆی

دەکاتەوە، ساڵی ١١٤٧ یۆری دۆلگارۆکی (بەیۆری دەستدرێژ ناسراوە) پەیکەرەکەی نزیک بەلشۆی تیاتر دانراوە، مۆسکۆی دروست کردووە، یۆری خەڵکی شاری دۆلگارۆکی نزیک مۆسکۆ بووە، هەندێک قسە هەیە کە دایکی یۆری کورد بووە، بەڵام تا ئێستا ئەوە نەسەلمێنراوە، یەکێک لەوانەی دوای ئەو قسانە کەوتوون و شتێکی ئەوتۆیان دەست نەکەوتووە کەرەمێ ڕەشە (سکرتێری یەکێتی نووسەرانی رووسیا. ئێزیدییە). ڕەش زۆر پێ لەسەر توانای کوردان دادەگرێ و دەڵێ: دەتوانین بڵێین لە ماوەی نێوان دوو هەزار ساڵدا کوردەکان خاوەنی هەموو ئاسیا بوون، ئەوە صلاح الدینی ئەیوبی، سوپای شا عەباس و نادر شا زۆربەی کورد بوون، کوردەکانی تفلیس بوخارایان گرت لە سەردەمی میدییەکان دەستیان بەسەر یۆنانیشدا گرت، ڕۆژهەڵاتناس (مار) نووسیویەتی:

کاریگەری کورد لەسەر کەلتووری ئاسیا دیارە، بەڵام کوڕی کورد بۆ خەڵکی تر شەڕیان کردووە. ڕەش دەڵێ: کورد دەتوانێ شەڕ بۆ ئایدیالەکانی خۆی بکات، تازەترین نموونەش خۆسووتاندنی لاوانی (پێ.کە.کە) یە.

چەند سەد مەترێک نزیک پەیکەری یۆری، کارل مارکس دەبینی ئەو شەقامە بە ناوی ئەوەوە ناو نراوە. سەردەمی هەراکەی گۆرباشۆف، هەندێ لاوی دڵگەرم بۆ تەوژمی نوێ ویستیان ئەو پەیکەرە تێک بدەن و هەندێکیشیان ڕووشاند، بەڵام وازیان لێ هێنا، لەوێوە ئیتر هەر سەر هەڵبڕی ئەستێرە یاقوتییەکانی کرملین دیارە.

مۆسکۆ دوو جاران سووتاوە، چەند جارێک گەمارۆ دراوە، دواجار کە لەشکری نازیەکان هاتن و دەوری مۆسکۆیان گرت، ستالین وتی: من لە کرملین خۆڕادەگرم و بەرگری دەکەم! ئەو بڕیارە سوپای سووری لێواو لێو کرد لە گیانی خۆڕاگری و ئەو سوپایە بە سەرۆکایەتی جەنەڕاڵ ژۆکۆف لە



نەبەردییەکی مێژووییدا سوپای هیتلەری شکاند، مۆسکۆی لە چنگاڵی نازییەکان ڕزگار کرد و لە شوێنی هەر بینایەکی سووتاودا بینایەکی جوانتر و گەورەتر دروست کراوە، مۆسکۆ کە پڕیەتی لە بینایەی گەورە و جوان کە هەر هەموویان نەخشەسازی ڕەسەن و بەهایان پێوە دیارە، سەرنجێک لای بینەر دروست دەکەن و ئەو سەرنجەش شکۆمەندی و دەسەڵاتی دوو گەورە پیاوی رووسیا دەردەخەن، پیتەری گەورە (پوترسی گەورە) و (ستالین). ئەو کاتە خەیاڵم بۆ ئەوە دەچوو کەسی گەورە و مەزن بیر لە کاری گەورە و مەزن دەکاتەوە، داهێنەری مەزنیش داهێنانی مەزنی لێ چاوەڕوان دەکرێ.

مۆسکۆ هەموو شوێنێکی مۆزەخانە و گەلەری و کاری هونەری و چرکراوەی ناو پەیکەر و بیناسازییە و دەتوانین بڵێین لە هەناوی ئەو شارە شووشەییەدا ڕەگەکانی مێژوو بە ڕوونی دیارە.

پەیکەری ژۆکۆف ئێستا لە بەردەمی گۆڕەپانی سووردا بەرز بۆتەوە و لەوێوە ئیتر دەچێتە ناو دەروازەی دەوری گۆڕەپانەکەوە، بەلای ڕاستدا مۆزەخانەیەک و بەلای چەپدا کەنیسەیەکی تازە هەیە و لەودیوی دەروازەکەشەوە چەند تۆپێکی کۆن و گوللە تۆپی ڕەشی گەورە دەبینی کە کاتی خۆی سوپای رووسیا بۆ کونکردنی دیواری قەڵاو شوێنی عاسێ بەکاری هێناوە. کە دەگەیتە ناوەڕاستی گۆڕەپانی سوور دەیان وێنەگر دەبینی کە هەموو کات لەوێن لە بەفر و باران و سەرما و سارد، ئەو وێنەگرانە جگە لە پیشەی خۆیان ڕەنگە وەکو چاودێریش لە دەزگای ئاسایش کاربکەن. برادەرێکم وتی: کیمیا بارانی هەڵەبجە خۆپیشاندانێکمان لەو گۆڕەپانە کرد و لەو خۆپیشاندانە نارەزاییمان دژی سیاسەتی سۆڤیەت دەربڕی وە داوامان لێ کرد کە چاو لە ئاست ئەو تاوانە نەپۆشێ، لە دانیشتگای مۆسکۆ (ئەوکات وابوو) لێپرسینەوەیان لەگەڵ کردم، منیش وتم بەشداریم لە خۆپیشاندان نەکردووە، وتیان ئێمە

بەڵگەمان هەیە و هەمووتان دەناسینەوە، پێمان وابوو ئەو وێنەگرانە وێنەی تەواوی خۆپیشاندان و خۆپیشاندەرانیان دابوو بە دەزگاکانی ئەمن.

کۆشکی سوور (کرملین) کە کاتی خۆی ناوی کۆشکی جوان بووە و دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر بوو بە کۆشکی سوور، دیوارەکانی لە خشتی سوور و زەرد دروست کراوە دەڵێن زەردەکە بۆ سەردەمێکی زووتر دەگەڕێتەوە. کۆشک جاران کەنیسا و گۆڕستانی قەیسەرەکان بوو هۆڵی تاج لەسەرنان و نوێژ کردنی لێ بووە، ئێستا سەرۆکایەتی حکومەت و هۆڵی کۆنگرەکان و باقی شوێنەکان کراونەتە مۆزەخانە، هۆڵی کۆنگرەکان جێی زیاتر لە شەش هەزار کەسی تێدا دەبێتەوە، کۆشک حەڤدە قوللەی بەرزی تێدایە و هەر قوللەیەی ئەستێرەیەکی یاقووتی سووری بەسەرەوەیە کە کێشی هەر ئەستێرەیەکیان چەند تەنێک دەبێ و ئەو ئەستێرانە ساڵی **١٩٣٧** لەسەر ئەو بورجانە دانراون و سەعاتێکی گەورەش کە تیرەکەی (٦ مەترە) لەسەر بورجی سباسکی دانراوە، یەکێک لە دیمەنە سەر سوڕهێنەرەکانی تری ناو کۆشک ئەو زەنگە کۆنەیە کە قورساییەکەی (٢٠٠) تەنە و بەرزایی (٨٧) م و بە یەکێک لە زەنگە گەورەکانی جیهان دەژمێردرێت، ئەو شوێنە بەگشتی مۆزەخانەیەکی گەورەیە و هەر خشتەی ناو دیوارێکی حیکایەتێک، ڕووداوێکت بۆ دەگێڕێتەوە تووشی سەرسامبوونت دەکات.

کەنیسای قەدیسەی پیرۆز (باسیل) (باسیلی بلاشانفا) بینایەکی ئێجگار جوانی سەردەمی ئیڤانی ترسناکە (ئیڤان گرۆزنی)، ساڵی **١٥٥٥** دروست کراوە و کەوتۆتە ناوەڕاستی گۆڕەپانەکە و تەنیشت دەرگای سەرەکی کرملین. ئەو کەنیسایە چەند قوبەیەکی بەرز و بڵندن و پێکەوە هونەرێکی پایە بڵندی بیناسازی نیشان دەدەن. ئەو بینایە دانسقەیە ئیڤان دروستی کردووە، دوو ئەندازیار توانا و لێزانیی خۆیان تیا سەرف کردووە، کە لێ بوونەوە ئیڤان چاوی هەردووکیانی بە شیشی سوورەکراو کوێر



کردووە، بۆ ئەوەی نەتوانن بینایەکی هاوشێوەی ئەو دروست بکەن. خوێن و چیمەنتۆ تێکەڵی مێژووی ڕووسیا بووە بە ئەندازەیەک نازانی کام بینا بەخوێن و کامەشیان بە چیمەنتۆ دروست کراوە!

لە تەنیشت کەنیسای باسیل شوورەیەکی بچووک هەیە. ئێوارە بوو چەند کەسێکی لات بەدەوریەوە وەستابوون، یەکێکیان هێندە مەست بوو بەزەحمەتیش وشەی پێ لە زار نەدەهاتە دەر، لە ناو شوورەکە بەهەزاران ڕۆبڵی خوردەم بینی، لەو شوێنە قوربانییەکانی دەستی قەیسەر و تاوانبار و دز و ڕێگر و یاخی ملیان دەخرایە بەر تەور و پەل دەدرا. ئەو ڕۆبڵانە بۆ گیانی قوربانییانی ئەو (مقصلە)یە فڕێ دەدرێن.

لە پاڵ دیواری کۆشکی سووردا بینایەکی یەک ژووری دەبینی دوو پاسەوان لەبەر دەرگاکە بێدەنگ وەستاون و خەڵکی بەڕیز لە دەرگاکەی دەچنە ژوورەوە، بە چەند پەیژەیەک دەچیتە خوارەوە، هەر لەبەر دەرگاکەوە دەبێ کڵاوی خوری یا شەپقە دابگری و بە بێدەنگی ئەو پەیژانە ببڕی کە دەتبەنە لای تەرمی مۆمیاکراوی فلادیمیر ئیبیلیتش لینین، لە ژوورێکی ژێر زەویدا لە ناو شووشەیەکی پاکدا لینین بە قاتێکی شینی تۆخ و کراسێکی سپی پاک و بۆینباخێکی سووری تۆخ دەڵێی تازە خەوتووە، ڕیشە خورماییە مەیلەو زەردەکەی لە ناو هێمنی و تەقدیر و مەزنیدا دەبریسکێتەوە.

گۆرگی کە هاتبووە سەر مەزاری لینین وتبووی: ئەمڕۆ لینینم بینی! خەڵکی سەیری پێ هاتبوو، ئەو وەڵامی نەدابوونەوە.. برادەرێکی گیانی بەگیانی دەتوانێ وا بڵێ، جا ئەوە بینین نییە؟!

بینینی لینین بەو شێوەیە زۆر پرسیاری لا وورووژاندم: چ جیاوازییەک لەنێوان پیتەری گەورە و لینیندا هەیە؟ هەردووکیان چییان جێ هێشت؟ ئەو هەموو خرۆشان و خەبات و ململانێیەی سەردەمی لینین، ئەو هەموو ماندووبوون و خوێن ڕشتن و قوربانیدانە بەهەدەر چوو.

یا ئەوەتا لە هەمـــوو شـــتـێکی ڕووســـیـــادا دیاردەکـــەوێ، لە بینا و شەقامەکانی، لە ژیانی کەلتووری و کۆمەلایەتیدا، لە هەڵسوکەوت و خووڕەوشتی خەڵکەکەیدا.. هتد، وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە دەمباتە بەردەمی پرسیارێکی گەورەترەوە: ڕەوایی و ناڕەوایی هەر دەسەڵات و پرۆژە و بەرنامەیەک لەچیدایە؟ لینین سەرکردایەتی ڕووسیای کرد لە سەردەمی گۆڕانکارییەکاندا، ئەو لووتکەی هەرەمی شۆڕش بوو لە ناو هەناوی ڕووسیادا، بەشێکی سەرەکی و گرنگ بوو لەژیانی روحی ئەو وڵاتە لە سەردەمی گۆڕانکارییەکاندا، لەو سەردەمانەشدا هەمیشە وێرانکردن زیاترە لە دروستکردن، تێکدان و ئاژاوە زیاترە لە چاککردنەوە و ئارامی، بۆیە ئێستا لە ڕووسیا جێ پەنجەی ستالین باشتر دیارە، دوای لینین دەسەڵات و حوکمی سۆڤیاتی لەدەست بوو، قۆناغی شۆڕشیش ئەو کات بریتی بوو لە بنیاتنان و دروستکردن و ئاوەدانی، ئەوەی بۆ ستالین ماوەتەوە دوو شتە: پاراستنی پاشماوەی شارستانی سەردەمی قەیسەرەکان و چاککردنەوەیان، دروستکردنی کارگە و بیناو ڕێ و بان و پرۆژەی گەورە کە هەموویان گەواهی گەورەیی ستالین دەردەخەن.

ئەو قسانە هەرگیز پاساو بۆ ئەو جۆگەلە خوێنانە ناهێنێتەوە کە بەدەست و بە بڕیاری ستالین ڕێژراون، خوانەخواستە نەم وتووە بینا و شەقامیش گەورەترن لە گیانی ئادەمیزاد.

ئەو پرسیارانەی سەرەوە بەشێک بوون لەو ئەندێشانەی لەو چەند ساتە کورتەدا بەمێشکمدا هات کە بەدەوری تەرمی لینیندا بە ئەڵقەیەکی ناتەواو سووڕامەوە، ئەو ئەڵقەیە بەشێوەیەکە لەلای ڕاستی تەرمەکەوە دەست پێدەکا و لەلای چەپی تەواو دەبێ و بەدەرگایەکی تر دەچێتە دەرەوە.

لە دیوی دەرەوەی مەزاری لینیندا گۆڕی (١١) سەرکردەی سۆڤیەت هەریەکەیان پەیکەرێکی تا سەر کەمەری بۆ کراوە و لەسەر گۆڕەکە دانراوە



لەوانە: سۆسۆلۆف، بریژنێف.. ستالین. هەریەکە و گوڵێکی سووری لەبەردەم دانرابوو تەنیا گۆڕی ستالین نەبێ کە سەبەتەیەک گوڵی سووری لێ بوو. ئەو گوڵانە لە یادی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا سکرتێری حزبی شیوعی ڕووسیای فیدراڵ داینابوو، لە خۆپیشاندانەکانی ئەم ساڵیشدا بەو بۆنەیەوە ژمارەیەکی زۆر وێنەی ستالینیان بەرز کردبووەوە. لەپشت ئەو (١١) سەرۆک دەوڵەتەوە لە ناو دیواری کرملیندا (٧٠) تابلۆی مەعدەنی دیارن و هەریەکەیان ناو و ناونیشانیان و ساڵی لەدایک بوون و کۆچی دوایی ناودارێکی ڕووسیایە ئەوانە خزمەتی سۆڤیەتیان کردووە، دوای مردنیان خۆڵەمێشەکەیان کردۆتە خشتێک و خستوویانەتە ناو دیواری کۆشکی سوور لەوانە: گۆرگی، گارگارین، جۆن رید، پاڵەوانی شەڕی ناوخۆ، زانا و بلیمەت و ئەندازیاری بیناسازی،... هتد.

ڕۆژانە بەدەیان کەس سەردانی ئەو شوێنانە دەکەن، دەڵێن جاران بەهەزاران بوون و ڕیزی گەورە دەگیرا بۆ بینینی ئەو شوێنانە، بەڵام دوای هەرەسی سۆڤیەت ئەو جۆرە سەردانانە کەم بوونەتەوە و شیوعیەتیش ئەو بریق و باقەی جارانی نەماوە و ئەو وەرزە ساردەش هێندەی تر جووڵانەوە و گەشت و گوزاری قڕ کردووە.

ڕۆژێک بەر لەو ڕۆژە واتە لە (٥ / ١١) بابایەک ئۆتۆمبیلەکەی خۆی لە گۆڕەپانی سووردا تەقاندبووەوە، پۆلیس ئەو بابایەی گرت و لەبەردەم کامیرادا وتی: ئەو کارەم جۆرە ناڕەزاییەک بوو دژی چارەسەر نەکردنی کێشەیەکی نێو خێزانەکەمان کە دەمێکە پێیەوە خەریکم و بۆم چارەسەر ناکرێ.

ماوەتەوە ئەوە بڵێم کە لەبەر دەرکی کۆشکی سووردا و لە ناو باخچەیەکی جواندا ئاگرێک بە بەردەوامی لەژێر زەوییەوە بڵێسەی بەرز دەبێتەوە و دەوروبەری بە مەرمەڕ ڕاست و جوان کراوەتەوە و پەیکەرێکی

ڕێک لە پشت ئاگرەکەوە دیارە و ئەو شوێنە پیرۆزە لای ڕووسەکان، گۆڕی (سەربازی نەناسراو)ە.

لە یادی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا حەڤدە گوڵی سوور لەبەردەمی ئاگرەکە دانرابوو، پەیتا پەیتا کوڕ و کچ دەهاتن و گوڵی سووریان دەهێنا و لەوێ یەکتریان دەگرتەوە منیش گوڵێکی سوورم برد لەبەردەمی ئاگرەکەم دانا و وتم: بۆ گیانی ئەوانەی بەرگرییان لەو شارە جوانە کرد.

ئەو شوێنە لەو ڕۆژانەی ساڵدا بەزۆری تەشقێکی کۆمەڵایەتی جوانی تێدا دەبینرێ: بووک و زاوا لەیەکەم ڕۆژی هاوسەرییاندا گوڵێکی سوور دێنن و لەسەر گۆڕی ئەو سەربازە نەناسراوە دادەنێن و داوای خۆشی و بەختیاری بۆخۆیان دەخوازن. ئەو داب و نەریتە لە ئەفسانە کۆنەکانی میللەتاندا هەیە، بەڵام ڕووسەکان تێکەڵیان کردووە لەگەڵ بۆنەیەکی نیشتمانی و بەردەوام بوونیان پێ بەخشیوە.

ڕووس زۆر بایەخ بە مێژووی خۆیان دەدەن، شانازی بەگەورە و بچووکییەوە دەکەن، سەرکردەکانیان، ئەدیب و هونەرمەندانی خۆیان دەناسن، دەڵێن لە سەردەمی دووەم شەڕی جیهاندا ستالین هەموو تابلۆ و کەرەستە و کارە هونەرییەکانی ئارمیتاگ (کۆشکی زستانەی پیتەری گەورە کە ئێستا گەورەترین مۆزەخانەی ڕووسیا و یەکێکە لە گەورە مۆزەخانەکانی جیهان). دەگوازرێتەوە بۆ سیبریا تا لە ئاگری شەڕ و بۆردومان دوور بێ.

ماڵی زۆربەی ئەدیبان و نووسەران و سەرکردەکانیان لەلایەن شارەوانییەوە کراوەتە مۆزەخانە، هەموو کەرەستەکانی ژیان، نووسین، ئەوەی لەو کەسە جێماوە، ئەوان پاراستوویانە، بە ئەندازەیەک پاشماوەی دوا جگەرەی نووسەرێک لەسەر هەمان تەپڵەک ماوەتەوە و وەکو خۆی دەستی لێ نەدراوە، ئەو شوێنانە جگە لەوەی سەروەری ئەو میللەتە نیشان نەوەکانی داهاتوو دەدەن، دەسکەوتێکی باشیش بۆ دەوڵەت کۆدەکەنەوە،



چونکە ساڵانە ملیۆنەها سەردانی ئەو گەلەری و مۆزەخانانە دەکەن (خەڵکی ناوەوە و بیانی).

یەکێک لە گەلەرییە گەورەکانی مۆسکۆ گەلەری (ترێتیکۆف)ە. ئەو گەلەرییە ٦٢ هۆڵی گەورەیە، گەڕان بە ناو هۆڵەکاندا و سەیر کردنی تابلۆکان بە وردی چەند ڕۆژێکی دەوێ. ساڵی ١٨٩٢ کەلەپوور کۆکەرەوە و بازرگانی بەناوبانگ باڤل میخائیلۆفیچ ترێتیکۆف پێشنیارێکی بۆ دەستەی شارەوانی مۆسکۆ بەرز کردەوە کە گەلەرییەکەی خۆی پێشکەش بەشاری مۆسکۆ دەکا. لە ٣١ / ٨ / ١٨٩٢ەوە ئەو گەلەرییە بۆتە مۆزەخانەیەکی میللی ڕووسیا. گەلەری ترێتیکۆف ١٢٨٧ تابلۆ و ٥١٨ هێڵکاری و ٩ پەیکەری تێدایە کە هەر هەموویان بەرهەمی هونەرمەندە ناودارەکانی ڕوسیان لە سەدەکانی (١١ تا ١٩) جگە لەوانە ٧٢ تابلۆ و هێڵکاری و پێنج بنکەی پەیکەر هەڵگر کە وەستایە بەناوبانگەکانی جیهان دروستیان کردووە و هی (سێرگی) براکەی ترێتیکۆف بوون و ئەوانیش لەو گەلەرییە دانراون، سەرەڕای دەیان تابلۆی هونەری (ئیکۆن) کە هونەری سەدەکانی (١٠-١١) یەو بەشێکە لە کەلەپووری هەرە کۆنی ڕووسیا. ساڵی ١٨٥٦ باڤلی لاو کە عەشقی ئەدەب و هونەری ڕووسی بوو، دەستی بەکۆکردنەوەی تابلۆی هونەرمەندەکانی ڕووسیا کردووە لە سەرەتاوە هیوای هەبووە کە مۆزەخانەیەک دروست بکات کە شوێنێک دابمەزرێنێ و تێیدا هونەری نەتەوایەتی ڕووسیا نیشان بدرێ.

ترێتیکۆف پەروەردەی هەلومەرجی شۆڕشی ١٨٦٠ بوو ئەو شۆڕشە دیموکراتییە بووە مایەی ڕەفز کردنەوەی یاسای کۆیلایەتی لە ڕووسیا. باڤل گرنگی بە هونەرمەندە لاوە ریالیزمەکان دەدا، ئەو تابلۆیانەی کۆکردەوە کە شیعریەتی تێدایە لە دەربڕیندا. ئەو پێی وابووە کاری سەر سوڕهێنەر گرنگ نییە، ڕەسەنایەتی و شیعرییەت و شەفافیەتی ناخ گرنگە. ساڵی

١٨٧١ ژمارەیەکی زۆر تابلۆی هونەرمەندەکانی ڕووسیای کۆکردەوە بەتایبەتی تابلۆکانی (ڕێپین). کار بەوە گەیشت هونەرمەندە ناودارەکانی ڕووسیا بەر لەوەی کارە هونەرییەکانی خۆیان بفرۆشن پرس و ڕایان بە باڤل دەکرد ئەگەر ئەو بیکڕیبا نەیان دەفرۆشتە کەسێکی دی.

تریتیکۆف سەرەتا تابلۆکانی لەو خانووەدا بڵاودەکردەوە کە تێیدا دەژیا و لەسەر ڕووباری مۆسکۆ بوو. ساڵی ١٨٧٢ خانوویەکی تری لە تەنیشت خانووەکەی خۆی دروست کرد و کردی بە گەلەری. بەڵام لەبەر ئەوەی تابلۆکان ئێجگار زۆر بوون و لەو خانووە دوو نهۆمییە تازەیەش جێگەی نەدەبووەوە بۆیە ساڵی ١٨٨٠ گەلەرییەکی تازە و گەورەتری دروست کرد کە (٢٠) هۆڵی گەورە بوو، دواتر شارەوانی مۆسکۆ دەستکاری کرد و ئەو هۆڵانەی زیاتر کرد و کردی بەو گەلەرییەی ئێستا کە ساڵانە زیاتر لە (٢) ملیۆن میوانی هەیەو (١٠٠) هەزار بەرهەمی هونەری تێدا کۆکراوەتەوە و هۆڵەکان بەش کراون، لە هونەری کۆنەوە بەر لە هێرشی مەغۆلییەکان تا کۆتایی سەدەی نۆزدە و پەیکەرتاشی و مینیاتۆر، هەروەها (٧) هەزار گرافیک، مۆبیلی کۆن و کۆرسی..هتد.

ئەو هونەرمەندانەی تابلۆکانیان لەو ٦٢ هۆڵانەدا هەڵواسراوە بریتین لە: ڕێپین، مەرۆزەف، سەڵدەتینکۆف، ئەستروٚ ئۆخەف، ئیڤانۆف، باریۆف، کروڤین، بێنوا، شاگال، کاندنیسکی، لیڤیئان، شیشکین، ڤیرشاگین،.. هتد، جگە لە دەیان تابلۆی هونەرمەندانی دەرەوەی ڕووسیا.

ئەو گەلەرییە ڕۆژانە پڕیەتی لە میوان، زۆربەیان منداڵانی قوتابخانەکانن کە پۆل پۆل دەیانهێنن بۆ بینینی ئەو گەنجینە هونەرییەی ڕووسیا و هەر پۆلە و مامۆستا و شارەزای لەگەڵدایە و زانیاری لەسەر یەکە یەکەی تابلۆکان بەو قوتابییە بچکۆلانە دەڵێن، بەڕادەیەک مێرد منداڵێک کە دەگاتە ١٤ ساڵان ئیتر لەڕێی بینینەوە بەشێک لە هونەری خۆیان دەبینێ و



دەزانێ هونەری کلاسیک کامەیە و هونەری تازە چۆنە، سەرەڕای ئەوەی گوێبیستنی دەیان سیمفۆنیا و بینینی ئۆپێراو باڵێ، لە مۆزەخانە مێژووی میللەتەکەی خۆی بەهەرتک چاوان دەبینێ و بۆشی ڕاڤە دەکرێ، بەمەش زانیارییەکی تەواو لەسەر هەموو لایەنەکانی مێژووی ڕووسیا دەزانێ، هەر بۆیەش لای هەر یەکێکی ئەو وڵاتە ئەو گەنجینە ڕۆشنبیرییە هەست پێدەکرێ و دەتوانی بەدڵنیاییەوە بڵێی خەڵکی ئەو وڵاتە بێ ئاگا نین لە مێژووی خۆیان و سەد حەیف ئەوەی ئەوان لە منداڵی دەیزانن ئێمە بەپیریش زۆر جار شتێکی ئەوتۆی دەربارە نازانین خۆ ئەگەر بشزانین ئەوە دوای هیلاکی و ماندوو بوونێکی زۆر دەیگەینێ.

ئەو شەوەی سوپای فەرەنسا لە ڕووباری (نیمان) پەڕیەوە و گەیشتە ناو خاکی ڕووسیا، ناپلیۆن وتبووی: ئەگەر (کییف) بگرم ئەوە ڕووسیام لە قاچەوە گرتووە، ئەگەر پیتەر بۆرگ بگرم ئەوا سەری ڕووسیام لە دەستدا دەبێ، وەلێ کە مۆسکۆم گرت ئەوە دڵی ڕووسیام پێکاوە.

ئەیلولی ١٨١٢ سوپای ڕووسیا مۆسکۆی چۆڵ کرد دوای ئەوەی لەشکرێکی گەورەی دوانزە زمانی هاوپەیمانانی ناپلیۆن ئەوروپای داگیر کرد و ئینجا پەلاماری ڕووسیایان دا و تا خۆرئاوای مۆسکۆ کشان. میخائیل کۆتۆزۆف (کە چاوێکی کوێر بووە) یەکێک بوو لە سەرکردەکانی سوپای ڕووسیا لە برادنیۆ کە ١١٠ کم لە خۆرئاوای مۆسکۆیە بەری پێگرتن و شەڕێکی گەورەی لەگەڵ کردن و ئەنجام دوای ١٥ سەعات شەڕ و بەرەنگاری سوپای ناپلیۆنی تێک شکاند و ٦٠ هەزاری لێ کوشت و بریندار کرد.

پێش ئەوەی سوپا بە ژمارە کەم و بەچەک و تەقەمەنی کەمەکەی کۆتۆزۆف پەلاماری سوپای داگیرکەری ناپلیۆن بدات، کۆتۆزۆف وتبووی: ئەگەر مۆسکۆ لەدەست بدەین، ڕووسیامان لەدەست نەداوە، بەڵام ئەگەر

سوپامان هیلاک کرد ئەوا مۆسکۆ و ڕووسیا تووشی نەهامەتی دەکەین)
بەو پێیە ئەو سەرکردە دەیویست سوپای ڕووسیا هیلاک نەکا و ئەو سوپایە تووشی شکست نەبێ، چۆڵکردنی مۆسکۆی پێ باشتر بوو، ئەوەبوو بڕیاری دا پایتەخت چۆڵ بکرێ. خەڵکەکە بڕیارەکەیان جێ بەجێ کرد و مۆسکۆیان چۆڵ کرد و بەدەستی خۆیان ئاگریان لە بەشێکی زۆر بەردا، کە سوپای داگیرکەر هات خۆی لە ناو شارێکی خامۆشدا بینییەوە، ئەویش کەوتە تالآن و بڕۆ و کوشتنی ئەو بڕە کەمەی تێیدا مابوونەوە، ئەو زوڵم و زۆرەی سوپای ناپلیۆن بووە مایەی ئەوەی گیانی بەرەنگاری لای خەڵکی کڵپە بسەنێ. تابلۆیەکی بەناوبانگ هەیە کە نازانم کێ نەخشەی کێشاوە لەو تابلۆیە دیمەنی مۆسکۆ دەبینی لە ناو ئاگر و دووکەڵدا سوور و تاریک دەچێتەوە و گەڕەک و شەقامەکانی ترسناک دیارن و لە پەنا دیوارێکدا چەند کەسێک دیارن سەریان کردۆتە سەر یەک و چاوەڕێی چارەنووسێکی نادیار دەکەن.

سوپای ناپلیۆن لەو وێرانەیەدا زۆر نەمایەوە، دەرگای ماڵ و گەنجینەکانی شکاند، هەموو شوێنێکی تالآن کرد، بەڵام هێندەی نەبرد کە سوپا و خەڵک پێکەوە داگیرکەریان لە ڕووسیا دەرکرد..هتد.

ئێستا ئەو شەقامەی لەو شوێنە دروست کراوە بەناوی ئەو سەرکردەی سوپای ڕووسیا ناونراوە شەقامی کۆتۆزۆف و لە شوێنی شەڕەکاندا جگە لە کەوانەی سەرکەوتن، باخچە و پانۆرامایەکیان دروست کردووە بە ناوی پانۆرامای برادینۆ.

پانۆراما هۆڵێکی دوو نهۆمی گەورەیە و شێوەی بازنەییە و هەر کە دەچیتە ژوورەوە بەلای ڕاستدا دیباجەی بەرەنگاری دەبینی، وێنەی سەرکردەکان ژیان و نەخشەی شەڕەکە، جل و بەرگ و تفەنگ و دەمانچە، پلە و پایەیان، تفاقی شەڕەکە، میدالیا و گوللە تۆپ، شمشێر و ڕم..



هتد، هەر کە سەردەکەوییە نهۆمی دووەمی هۆڵەکە لە ناکاو خۆت لە شوێنێکدا دەبینیتەوە کە ناو سوپای ڕووسیایە و بەرامبەرەکەشت سوپای ناپلیۆنە، واتە هەست دەکەی تۆ لە ناو سوپای ڕووسیادا وەستاوی. ئەو تابلۆیەی بەرامبەریشت کە ئەویش شێوەی خڕە و بازنەیی و بە پەڕەمووچەی گەورە هونەرمەندانی ڕووسیا دروست کراون و گەورە ئەندازیاران دیوار و کەرەستەکانیان بۆ ئامادە کردووە و نەخشەیان بۆ کێشاوە. ئەو پانۆرامایە حیکایەتی شەڕەکانت بە وێنە بۆ دەگێڕێتەوە بەجۆرێک هەست دەکەیت کە شەڕەکە ئێستا ڕوودەدات و ئەوەتا لێرە گوللە تۆپێک تەقیوە و ئەسپەکە بەسوارەوە گلاوە، لەولاشەوە لە ناو دەغڵە زەرد بووەکاندا کۆمەڵە سوارێک بەگژ یەکدا چوونەتەوە و شەڕ گەرمە و ڕووباری مۆسکۆش خوێناوی بووە، ئاسۆی پشت سوپای ڕووسیا ڕووناکە و کراوە و ئاسۆی پشت سوپای ناپلیۆن تاریک و داخراوە، دارستانی تۆخ تەنیویەتی. پانۆراما بە وێنە گێڕانەوەی مێژووی ڕۆژانێکە کە مۆسکۆ لە لێواری خوێن و ئاگردا دەژیا بەڵام تەسلیم نەبوو.

لە دیدارێکدا لەگەڵ کەرەمی ڕەش (خەڵکی ئەرمینیایە بەڕەچەڵەک) وتم: ڕووسەکان زۆر شانازی بە ڕابردووی خۆیانەوە دەکەن، ئەی کوردەکانی ئێرە؟

ڕەش وتی: گوندەکەمان ناوی (حەکۆ) بوو و نزیکی یەریڤان بوو، باڤێ من پیری ئێزیدییان بوو لەگەڵ ڕووسەکان دژی تورکیا شەڕی کردووە، ساڵی ١٩٣٦ سەردەمی ستالین لە زیندانیان پەستا و کە ئازادیش کرا، ئێوارەیەکیان سوپا بە گوندەکەمان وەربوون و لە گوندەکە دەریان کردین، باوک و دایک و چوار زارۆکی بچووک بووین. ویستیان بمانێرن بۆ ئاسیای ناوەڕاست، باش بوو دوو سێ برادەری باوکم ئەوسا دەسەڵاتدار بوون فریامان کەوتن و ئێمەیان ڕەوانەی جۆرجیا کرد. برایەکم کە سەرباز

بوو له گوندەکە هێشتیانەوە و دەریان نەکرد. لە ڕۆژهەڵاتی گورجستان ژیاین و گەورەبووین، کە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسیم تەواو کرد چوومە سیبریا و لەوێ کتێبێکم نووسی بەناوی (سیبریەکان دژی سوپای فاشین).

باشە مام بەکر ڕەش بۆ دەرکرا؟ کەرەم دەڵێ: لەبەر ئەوەی دەمڕاستی چوار گوندان بوو سوپای سووریش دەیوت، چۆن دەبێ شێخێک دەمڕاستی گوند بێ، ئەی ئێمە شۆڕشمان بۆ کرد! جگە لەوەی ناوچەکەی ئێمە نزیکی سنوور بوو، لە ماڵان تفەنگ هەبوو، مامۆستای گوندەکەمان ڕاپۆرتی لە دژی باوکم نووسیبوو، وتبووی چەکی لە ماڵێدا هەیە.

کوردەکان حیکایەتی ناخۆش دەگێڕنەوە و کەمیان هەیە سەرزار و بنی زاری باسی زوڵم و ستەم نەبێ و ترسێکی شاراوە ژیانی لە ڕۆخی دۆزەخ نزیک نەکردبنەوە ، ئەو ترسە لە باری کۆمەڵایەتی و کەلتووری لە ناو خێزانیشیاندا بە ڕوونی دیارە.

لە منداڵیدا زۆر جار بەدیار شارە مێرووڵەدا دۆش دادەمام، چۆن ئەو هەموو مێرووڵەیە لەو کونەدا جێیان دەبێتەوە، بە خەیاڵی خۆم وام مەزەندە دەکرد، لەبن زەویدا ئەوانیش وەکو ئێمەی سەر زەوی خانوو بەرەیان دروست کردووە بۆ خۆیان. چەند جاریش شارە مێرووڵەم تێکداوە بۆ ئەوەی ڕاستی و دروستی ئەو خەیاڵەم بسەلمێنم. یەکەمجار کە میترۆم بینی وێنەی ئەو شارە مێرووڵەیەی منداڵیم هاتەوە یاد.

میترۆی مۆسکۆ ساڵانی ١٩٣١ دروست کراوە و یەکێکە لە میترۆ هەرە پاک و جوانەکانی جیهان، ئەو هەموو تونێلە و هەر وێستگەیەکیان جوانییەکی تایبەتی هەیە و لە وێستگەکەی دیکە ناچێ. ئەو هەموو وێستگانە پڕن لە پەیکەری جوان، لە گڵۆپ و چل چرا، لە دوکانی جۆراوجۆر، لە مێز و کورسی و شوێنی پشوودان.

١٠٠ م لەژێر زەویداو هەر دوو دەقیقە جارێک میترۆیەک دەوەستێ و بە



سەدان دادەبەزن و بەسەدان سەردەکەون، هەوای ناو ئەو تونێلە پاکە و هەندێ وێستگە ٣ نهۆمین و ڕۆژانە زیاتر لە دوو ملیۆن کەس بەو شارەدا گوزەر دەکەن. ئەو شوێنانە جگە لە خێرایی جووڵانەوە، خەڵکی لە سەرمای مۆسکۆ دەپارێزن، چونکە هەوا لەوێدا نە گەرمە و نە ساردە، وانەبووا ئەو سەرمایە چۆن کە لە نێوان مانگی (١١تا ٥)دا بەردەوام لە ژێر سفردایە و زۆر جاریش گەیشتۆتە ٤٠ ژێر سفر.

ئەوەی زۆر سەرنجت ڕادەکێشێ لە ناو میترۆکاندا تێک قژقژانی ئەو هەموو خەڵکەیە کە خێرا و بەپەلە دێن و دەچن، هەریەکە و بەلایەکدا دەڕوا، هەر پۆلە و دەچنە ناو میترۆیەکەوە، هەمووش مەشغولی خۆیانن. بەشێکی زۆر لەوانەی لە ناو میترۆکاندان خەریکی خوێندنەوەن، هەریەکە و ڕۆژنامەیەک، کتێبێکی بەدەستەوەیە و دەخوێنێتەوە، ئەوانەی بەپێوە وەستاون چەشنی ئەوانەی دانیشتوون دەخوێننەوە، هەندێکیان چەند وێستگەیەک دەمێننەوە و هی واش هەیە هەر وێستگەیەک و دوو دانە و دادەبەزێ، بەڵام ئەو ماوە کەمەش بەشی ئەوە دەکات دوو سێ پەرەگراف لەکتێبەکەی بەرباخەڵی بخوێنێتەوە.

لە چاوەڕوانی هاتنی میترۆدا (کە زۆرترین ماوە دوو دەقیقەیە) دەیانبینی کتێبەکانیان بەدەستەوەیە، لە کاتی سەرکەوتن و دابەزین بە ناو پەیژە کارەباییەکان دا هەریەکە و چاوی لەسەر کتێبەکەی دەستیەتی، دەخوێنێتەوە دەخوێنێتەوە. ژمارەی ئەوانەی لە ناو میترۆکاندا دەخوێننەوە زیاترن لە ٣٠٪ ، ئەو کتێبانەی زۆرتر دەخوێندرێتەوە، زانست و مێژوو و بیرەوەری و ژیانی ناوداران.

جێگەی سەرنجە کە ٢٪ ی ئەوانەی دەخوێننەوە چاویلکە بەکار دەهێنن و بەس. پیرێژنێک کە تەمەنی سەرووی ٦٠ ساڵ دەبوو، کەوتبووە تەنیشت برادەرەکەم، وتم دەکرێ لێی بپرسین چەند ساڵە دەخوێنیتەوە؟ برادەرەکەم

وتی: زۆر سادە و ڕوح سووکن ئێستا لێی دەپرسم بزانە چۆن وەڵامت دەداتەوە. کە پێی وت، ببوورە لە خوێندنت دەکەم، وتی فەرموو پێویستت بە یارمەتی منە. وتی، نا ئەو برادەرەی لەگەڵمە ڕۆژنامەنووسە و لە وڵاتێکی دوورەوە هاتووە، حەز دەکا بزانێ ئێوە لەکەیەوە فێری خوێندنەوە دەکرێن؟

کتێبەکەی هەر بەدەستەوە بوو، وتی ئەو کاتەی هەست بە بوونی خۆمان دەکەین واتە بەر لەوەی بچینە قوتابخانە فێری جۆرە خوێندنەوەیەکی سەرەتایی دەکرێین و دواتر لەگەڵ قۆناغەکانی گەشەسەندندا زیاتر و ئینجا پشت بەخۆمان دەبەستین لە هەڵبژاردنی جۆری کتێب. لەماڵ و لە قوتابخانە فێری خوێندنەوە دەکرێین، جا چی لە خوێندنەوە باشترە؟ ئەی بۆ ئێوە ناخوێننەوە، کتێبی خۆتان لا نییە؟

وتم: دەکرێ بزانم چی دەخوێنیتەوە یا حەزت بە چ جۆرە کتێبێکە؟

وتی: تۆ زۆر فزوولی، حەزدەکەی زۆر شت دەربارەی ئێمە بزانی، ئیشەکەت وای لێ کردووی یا خۆت وای. من ژیانی هیتلەر دەخوێنمەوە، پێشتر زۆرم لەسەر ئەو سەرکردەیە خوێندۆتەوە، بەڵام ئەوەی لێرەدا هەیە هەندێ زانیاری تازەیە لەسەر فاشییەکانی ئێستا و بۆچوونی هیتلەر، دەزانی هیتلەر وڵاتی ئێمەی ئازاردا و ناکرێ مرۆ بەئاسانی دەسبەرداری مێژووی خۆی بێ.

ستالین لە دوای دووەم شەڕی جیهاندا بڕیاری دا (٧) بینایەی گەورە لە ناوەڕاستی مۆسکۆدا دروست بکا، بینایەی گەورە و دانسقە کە توانا و شارەزایی گەورە ئەندازیارانی سۆڤیەتی تێدا دەربکەوێ و هێز و بازووی ئەو هەموو دیلەی ئەڵمانیش بەکاربهێنن بۆ جێبەجێ کردنی ئەو کارە.

لە بەشی خۆرئاوای مۆسکۆ و لەسەر گردۆڵکەکانی لینین دا یەکێک لەو بینایانە دروست کراو کرا بە زانکۆی مۆسکۆ. زانکۆ کەوتۆتە سەر ڕووباری



مۆسکۆ و ٣٢ نهۆمە و لەسەری سەرەوە مەشخەڵی ئازادی و داس و چەکوشەکە دیارە.

ئەو زانکۆیە شارێکە بۆ خۆی، خوێندکارێک دەتوانێ سەرەتای ساڵ بچێتە زانکۆ و تا کۆتایی ساڵ نەیەتە دەرەوە بە بێ ئەوەی پێویستی بە شتێک بێ لەدەرەوە بیکڕێ. دوکان و بازاڕ، کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە، خواردن و خواردنەوە، هۆڵی وەرزش و یاری، کتێبخانەی یەک ملیۆن کتێب و سەرچاوە، شوێنی خەوتن و حەوانەوە.. هتد.

دەوری زانکۆ هەموو باغ و دارستانە و بەتەنیشت زانکۆوە شەقامێک دەچێتە سەر ڕووباری مۆسکۆ و ئەو دیو و ئەمدیوی شەقامەکە بە پەیکەری ڕووسیا ڕازاوەتەوە و چەند سەد مەترێک دوور لە زانکۆش زەوییەکی فراوان تەرخان کراوە بۆ خلیسکانی سەر بەفر. لە هەرسێ لاوە سەیری بیناکەی بکەی وەکو یەک دیارە هەر سێ لای یەک نەخشە و یەک دیوار و یەک شێوە.

لەو حەوت ئەپارتمانە بڵندە یەکیان زانکۆیە و ئەوی دیکەیان وەزارەتی دەرەوە و یەکێکیان ئوتێلە و ئەوانی دی دەزگا و شوێنی گشتین. ئەو بینایانە هەمووی بەشۆڤاج گەرم دەکرێنەوە و لە ناوەوە پێویست ناکات پاڵتۆ و جلی ئەستوور بپۆشی.

مۆسکۆ لەسەر نەخشە بریتییە لە سێ ئەڵقە بە دەوری یەکتریدا، هەموو شوێنە گرنگەکانی شارەکە کەوتۆتە ناو دوو ئەڵقەی یەکەم، لەوانە پەرلەمان و کۆشکی سوور و بازاڕە گەورەکان و بارەگا بڵندەکانی K.G.B (کە دەڵێن لە سەر دابەکانیدا هەموو جیهان دەبینی!) زانکۆ و مۆزەخانە و گەلەرییەکان، بەلشۆی تیاتر..هتد. شەقامەکانی جوان و دڵگیرن، بە بینای گەورەی پڕ لە جوانکاری هونەری، پڕ لە نەخش و نیگار و پەیکەری جۆراو جۆر ڕازاونەتەوە. یەکێک لە شەقامە جوانەکانی مۆسکۆ (ئەرباط)ە.

ئەرباط شەقامی هونەرمەندان و نووسەران و مەڵبەندی کەل وپەلی ڕەسەنی ڕووسییە، لەوێ دەیان کۆگا و کۆشکی بچووک دەبینی کە چارۆگەی ڕووسی، جل و بەرگی سەربازی، تاج و نەجمە، کەوچک و چەقۆ، بووکە شووشەی لە دار دروست کراو، شەترەنج، قایشی سەعاتی جۆراو جۆر، ملوانکە و مۆری، جل و بەرگ و شتی خۆماڵی جۆراو جۆر دەفرۆشن. ئەو شەقامە تەنیا پیادە پێیدا هاتوچۆ دەکا، دانە دانە ئۆتۆمبیلی پۆلیس یا خزمەتگوزاری دەبینی و بەس.

لایەکی ئەرباط هونەرمەندەکان گرتوویانە، تابلۆکانی خۆیان لەسەر دیواران هەڵواسیوە، هەندێکیان پۆرترێتی هاتوچۆکەران دەکێشن، هەندێکی دی پاڵیان بە دیوارەکان دا داوە، یا دوو دوو سێ سێ هاتوچۆ دەکەن، بەگشتی ئەو هونەرمەندانە لەو سووچەدا بژێوی خۆیان بەدەست دێنن.

ئەو شەقامە شەوانە بەجۆرە گڵۆپێک ڕازاوەتەوە کە لە هێشوو دەچێ، ئەو ڕووناکییە کزە لە چەند لاوە دەڕژێتە سەر شەقامەکە و دیمەنێکی جوان پێک دەهێنن بەتایبەتی کە بەفریش هەموولایەک بە سپی دادەپۆشێ.

لە ئەرباط چێشتخانەیەکی تورکەکانمان دۆزییەوە، لەوێ سیما و سەرنجی کچە ڕۆژهەڵاتییەکان لەبەر سەرما گرمۆڵە دەبوون و بەدەم شاورمە خواردنەوە جار جار چاویان لە ئێمە دەگرت و بە پێستی تاریک و پرچی ڕەشماندا دیار بوو کە غەریبین و خەڵکی خۆرهەڵاتین.

لە مۆسکۆ دەیان تۆڕی مافیا هەیە، ئەرکی ئەو تۆڕانە پاراستنی خاوەن سەرمایە و بازرگان و خاوەن کارە و مانگانە لەلایەن ئەو خەڵکانەی خاوەن مایەوە ڕێژەیەکی دیاریکراوی پارە تەرخان دەکرێ و وەکو مووچە پێیان دەدرێ، هەندێ لەو تۆڕانە بریتین لە پۆلیس و ئەوەی جێگەی سەر سوڕمان بوو، یەکێک لەو تۆڕانە وتیان کوردن!



پێش ئەوەی باسی هەندێ وردەکاری ژیانی ئێستای مۆسکۆ بکەم ناکرێ هەندێ دیمەنی بەناوبانگی ئەو پایتەختە پشت گوێ بخەم. لەوانە بورجی بڵندی مۆسکۆ، ئەو بورجە یەکێکە لە بورجە بڵندەکانی جیهان و **٥٥٣** م بڵندە و دەکرێ لەسەرەوە **١٢** م بلەرێتەوە بێ ئەوەی ئەو لەرینەوە کاری تێ بکا. ئەو بورجە کەوتۆتە بەشی باکوری مۆسکۆ و بە سێ ساڵ و نیو دروست کراوە و نهۆمی سەرەوەی چێشتخانەیە و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی مۆسکۆ لە چەند نهۆمێکی ئەو بورجەدایە. هەروەها هەر لەنزیک ئەو بورجە پێشەنگای داهێنانەکانی سۆڤییەت دەبینی کە پێی دەوترێ (فدنخا) و پەیکەرێکی گەورەی تێدایە کە ڕۆکێتێکە و چۆتە ئاسمان و دووکەڵەکەی بە دواوەیەتی ساڵی **١٩٦٤** دروست کراوە. جاران هەموو داهێنان و بەرهەمە دیارەکانی کۆمارەکانی سۆڤییەت لەو پێشانگایە کە چەندین بازاڕی گەورەیە نیشان دەدرا، ئێستا دوای بیروستریکا و هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت ئەو پێشانگایە نەماوە و بازاڕەکە هەموو جۆرە کەل و پەل و شتێکی تێدا دەفرۆشرێ. بەهۆی قەرەباڵغی (فدنخا)وە. ئەو ناوە پڕ بووە لە ئوتێل و شوققە خەڵکی لە هەموو لاوە ڕووی تێ دەکەن، بەتایبەتی خەڵکی شارەکانی دی، هەندێکیان ماوەی زۆر دەمێننەوە و لەوێ کاردەکەن و هەندێکی دی هەر بۆ سەردان و شت کڕین دێن و چەند ڕۆژێک دەمێننەوە و دەگەڕێنەوە شاری خۆیان.

نزیکەی مانگێک لە ئوتێل یارسلافسکی کە چەند سەد مەترێک لەو بازاڕەوە دوورە ژوور و هۆڵێکمان بە کرێ گرتبوو. ئەو ئوتێلە و دەوروبەری پڕ بوو لە سیحرو جوانی، ناکرێ هەروا بە خێرایی باسی ئەو هەموو جوانییە بکەم. بەنیازم لە داهاتوودا بە چەشنێکی تر و بە شێوازێکی جوانتر و لە دەقێکی ئەدەبیدا دیوەکانی دیکەی ئەزموونی ئەو مانگە بنووسمەوە.

لایەنگری ژیانی ئەو دیوی پەنجەرە و بینینی پشت درزی ناو کونی

دەرگاکانیم، دەزانم ژیان لەو شوێنانەدا خۆ خواردنەوەیەکی تفت و تاڵە، گینگڵ دانە بە دەوری ئازارێکی پووچدا. مرۆ کە بە ناچاری لە ژوورێکدا بئاخنرێ و درەختە سپییەکانی سەر شەقام، پیاسەی کچەکانی شار و مشتومڕی پیرەکانی بەر دوکانی جگەرە فرۆشەکان، چرپەی جووتە برادەری کتێب لەبن هەنگڵان، هانکە هانکی ژنی عەللاگە لە دەست و ئارەقەی چەشنی مرواری سەر ڕوومەتی، هات و هاواری منداڵەکان لە ناو بەفرێدا، لە پشت مینای پەنجەرەوە بە بێدەنگی ببینێ، عەزابێکی گەورەیە و من لە ژیاندا هەمیشە هەوڵم داوە خۆم لەو عەزابە دەرباز بکەم.

ئەو پەنجەرەی کردوومە بە ناونیشانی ئەم بەشە، پەنجەرەی ئوتێلی یارسلافسکییە و ڕێک پێچەوانەی ئەو پەنجەرەیە کە لەو چەند دێڕەی سەرەوە باسم کرد، پەنجەرەیەک بۆ پشوودان، پەنجەرەیەک بۆ لێکدانەوەی فیلمی شەقام، پەنجەرەیەک بۆ ڕەگاژۆکردنی ئەوەی پێشتر بینیم، بیستم، ژیام تێیدا. ئەوەشت لێ ناشارمەوە کە زمان گەورەترین کۆسپ بوو لەبەردەم تێکەڵاوبوون و ناسین و شارەزابوونی وردەکارییەکانی ژیانی خەڵکی مۆسکۆ، بەو شڕە ئینگلیزییە کەمەی کە دەیزانم و ئەوانیش زۆریان بەخراپی لێی حاڵی دەبن و بەهاوکاری ئەو برادەرانەی لەگەڵما بوون و توانیم هەندێ لەو دەنگانە ببیستم کە لە ناخەوە هەڵدەقوڵێن و قەناعەتی تەواویشم بەو قسەیە هەیە کە زۆر جار زمانی نێوان دوو ناخ ئاسانتر لە زمانەکانی دیکە.

لەو پەنجەرەوە ئەو دیمەنە جوانە دووبارە دەبووەوە:

شەوێکیان چووینە سێرک، سێرکی ڕووسی زۆر بەناوبانگە. هۆڵی نمایشەکە لە نزیک زانکۆی مۆسکۆ بوو، سەرمایەک بوو چۆقە چۆقی لە ددان دەهێنا، چووینە ژوورەوە، هۆڵ زرمەی دەهات، پڕاو پڕ بوو لە خەڵک، چەند سەعاتێک لەو هۆڵە گەرمە دیمەنی دڵڕفێن و سەرسوڕهێنەرمان بینی،



دەوری سەعات یازدەی شەو بوو کە هاتینە دەرەوە، پلەی سەرما ١٤ی ژێر سفر بوو، بەیانییەکەی بەفرێکی زۆریش کەوتبوو، هەموو شوێنێک سپی دەچووەوە، کەچی قەرەباڵغی و جموجۆڵێک لەو شەقامەدا هەست پێ دەکرا، دەتوت ڕۆژێکی خۆشی بەهارە! ئەو کات وتم: ئەو میللەتە عاشقە، عەشقی سەرما و جوانی و بەفرە، ئەو کاتەی ئەو سێیە کۆدەبنەوە ئیتر خەڵکەکە مەست دەبن و هەست بە نەشئە دەکەن نایشارمەوە ئەو نەشئە بەکۆمەڵە منیشی گرتبووەوە، ڕۆژێکیان زۆر نەخۆش بووم، تام لێ هاتبوو موەفەق تەلەفۆنی بۆ کردم، ویستی لە تەندروستیم بپرسێ، وتی ئەمڕۆ من دەچمە کولیە و هەندێ ئیشی خوێندنەوەم ماوە، دنیا زۆر ساردە، وتم، چەندە، وتی، دە ژێر سفرە، وتم، دەکرێ منیش لەگەڵتا بێم، وتی، زۆر ساردە و تۆش نەخۆشی ترسم هەیە خراپتر بی، وتم: سەعات (١١) لە میترۆی (فدنخا) یەکتری دەبینین. خۆم ئامادە کرد و چوومە دەرەوە دڵنیا بووم، کە سەرما و دیمەنە جوانەکان چاکم دەکەنەوە، دەوری سەعات یەکی نیوەڕۆ بوو هەستم بەگۆڕانێک کرد، ئیتر بۆ دواتر کە چووینە شەقامی (ئەرباط) تەواو چاک ببوومەوە. ئێوارە کە گەڕامەوە پلەی سەرما ١٤ ژێر سفر بوو، ڤۆدگامان دانا و بەو ئاوی ئاگرە دەروونی خۆمان گەرمتر کردەوە.

لە پەنجەرەی ئوتێلەوە، دیمەنی ئەو عەشقەم شەوانە بەم شێوەیە دەبینی: دەیان کوڕ و کچ، ژن و پیاو، پیرێژن و سەگەکەی..هتد. لە دارستانەکەی تەنیشت ئوتێلەکەمان، لە نزێک دوکانەکەی سەر شەقام کە (٢٤) سەعات کراوە بوو، بە سەعاتان بە پێوە لە ناو ئەو سەرما و بەفرە دەوەستان هەر یەکەو قوتی بیرەیەک، شەربەتێک لە دەستی و ئیتر قسەیان دەکرد، قسەیان دەکرد و خۆیان بە یەکترییەوە دەنووساند، قسەیان دەکرد و قومێکیان دەخواردەوە، وەستابوون، لە ناو سەرمادا وەستابوون، سەعات و دووان و سێیان لە ناو تاریکی و تارمایی دارستان، لەبن ڕووناکی گڵۆپی سەر شەقام، لە پەنا دیواری دوکان.. ئیتر تا درەنگی شەو دەمانەوە. ئەو

عەشقە تەواو سەرسامی کردبووم، ژنێک کە لە ئوتێلەکە کاری دەکرد و ناوی (لودی) بوو، شتێکی ئەوتۆی دەربارەی ئێمە نەدەزانی و سەریشی لەوە سوڕمابوو، کە بە پەساپۆرتی عێراقی هاتووینە ئوتێل و کەچی چاوەڕێی هاتنی فیزای ئێران دەکەین بۆ گەڕانەوە، دەربارەی ئەو عەشقە پێی وتم: دوو شت ئێمەی لەبەردەم سروشت و ڕووداوەکاندا ڕاگرتووە. یەکیان ئەو عەشقە و دووەمیان ڤۆدگا! وتم، ستالین دەڵێ: ڤۆدگا و پەتاتە، وتی، ئەوە سەردەمی شەڕ و بەرەنگاری بوو، ئەگەر ئەو عەشقە نەبێ کێ بە پەتاتە ڕازییە؟

وتم، ئەی بەفر؟ وتی: بەشێکە لە بوونمان.

لەنێوان ئەپارتمانی ئوتێلەکاندا و لە ناو دارستانە بچووکەکان، دەیان شوێنی یاری منداڵان هەبوو، ڕۆژانی یەکشەممە، هەر دایکە و منداڵەکەی خۆی دەبردە ئەوێ (ئەگەر منداڵەکە تازە بەسەر پێیان کەوتبا)، منداڵە هەراشەکانیش خۆیان لەوێ دەیانکردە هەرا و هۆریا، شوێنێکی تایبەت هەبوو بۆ خلیسکانێ و بەفر دەبووە ئامرازێک بۆ یاری و ڕابواردن. هەر جارەی چووبمە ئەو شوێنە پۆلیس هاتووە و داوای پەساپۆرتی لێ کردووم، نەمزانی بۆ؟ ئایا کەسی دی نییە لە ناو ڕووسەکاندا وەکو من نەدی و بدی بێ و سەیری منداڵەکان بکات کە یاری دەکەن؟ بەفر تەشقێکی تایبەتی دروست کردووە، بارینی، مانەوەی، پاککردنەوە و ڕماڵینی دیمەنی..

هەر کە بەفر دەبارێ، ڕاستەوخۆ شارەوانی دەیان تیمی دەنێرێ و خوێ و خۆڵ بەسەر بەفرەکە وەردەکەن تا نەیبەستێ، دواتر شەو و ڕۆژ ئەو تیمانە بە ئۆتۆمبیلی تایبەت و مەکینەی بەفر هەڵگرتنەوە، ئەو بەفرە کۆدەکەنەوە و هەڵدەدەنە قەراغ شەقام یا شوێنی دوورتر، بەو جۆرە دەبینی هەمیشە شەقامەکان لە بەفر پاک کراونەتەوە ڕێگە لە هاتوچۆی ئۆتۆمبیل و هاتوچۆکەران ناگیرێ.



دواجار دەپرسم: ئەو نهێنییە چییە وای کردووە مرۆ هێندە موغازەلەی بەفر بکا و زەوی لەبیر بچێتەوە، لە کاتێکدا ئەوەی زەوی دەیبەخشێ بە مرۆ هێندە زۆرە و لەبن نایێ؟!

دیستۆفسکی لەسەر زاری (ئیڤان) لە ڕۆمانی برایانی کارامازۆف دەڵێ: کە خودان نەما دەشێ هەموو شت ڕەوا بێ و ڕووبدا. بەو مانایەیی کە هێزێک نەما خۆشەویستی ڕابگرێ، کە یاسا شلەژا، هیچ بەربەستێک نامێنێ بۆ سلەمینەوە، ڕەوا و ناڕەوا تێکەڵ و پێکەڵ دەبن و شیرازە دەپسێ.

ئەو دێرەی دیستۆفسکی لە ناو هەموو دێڕەکانی ئەمڕۆی مۆسکۆدا دەبینی، ئەو شارە سەر ئاژاوەیەک کەوتووە کە نازانێ بەرەو کوێی دەبا.

لەدوای بیروستریکاوە ڕووسیا کەوتۆتە گێژاوی ئەو هاتی و نەهاتییە، پێشتر پەنجەرە و دەرگای لێ داخرابوو، سۆڤیەت زیندانێکی گەورە بوو، بەڵام نان و شوێنی ژیان و ئاسایشی خەڵکی پارێزراو بوو، گۆرباچۆڤ نەچوو دەرگا و پەنجەرە بکاتەوە، نەچوو دیوار بڕووخێنێ، بەڵکو بوومەلەرزەیەکی لە ناو هەناوی سۆڤیەت دروست کرد، ئەو بوومەلەرزەیە نەسقی هەموو شتێکی تێکدا، ڕەزمی ژیان و مانەوەی تووشی ئاژاوە کرد، ئێستا ڕووسیا بە تەواوی دوو بەشە: یەکیان ئەوانەی بە هەڵەداوان ڕوویان کردۆتە ڕۆژئاوا و تا ئەندازەی لاسایی کردنەوەی گەورە و بچووکی ئەوێ ڕۆیشتوون، ئەوەشیان هێزی زاڵ و کاریگەرە ئەمڕۆ. ئەوەی دیکەیان ئەوانەن لەسەر گردۆڵکەکانی ڕابردوودا دەگرین.

شەپۆلی ڕۆژئاوا لە هەموو لایەکەوە لە مۆسکۆ دەدا، لە ناوەوەش ڕۆژ دوای ڕۆژ پیشەسازی کز و لاواز و بێ پێزتر دەبێ، کشتوکاڵ کەم دەبێتەوە، داهات ڕوو لە نەبوونە، گەندەڵی هەموو دەزگاکانی ئیداری و ئەمنی هەڵکۆڵیوە، مومتەلەکاتی دەوڵەت هەموویان بە ناوی گەشەپێدانی کەرتی تایبەت فرۆشرانە کاربەدەستانی باڵای ناو حیزب و حکومەت و

بەمەش توێژێکی ئولیگاریشی دەسەڵاتداری تازە دروست بوو، ئەوەی دەیبینی باسی دارمانی ئابووری و نەداری و تێکچوونی شیرازەکانت بۆ دەکا. بەهای ڕۆبڵ بە ئەندازەیەک دابەزیوە کە یەک دۆلار بە (٢٠-٢١) هەزار ڕۆبڵە، بەئەندازەیەک ئێستا سێ سفرەکەی ڕۆبڵ هەڵگیراوە و کە دەڵێین سەد ڕۆبڵ مەبەستیان سەد هەزارە و ڕۆژانەش ڕۆبڵی تازە چاپکراو دێتە بانقەکان کە ژمارەیان هێندە زۆرە و لە یەک شەقامدا زیاتر لە سێ تا چوار بانق دەبینی. ئەوانەی لە دەرەوەی مۆسکۆوە دێن، دەڵێین: ژیان تەنیا لە ناو پایتەختی ڕووسیادا ماوە! هەندێ لەو کۆمارانەی لە چوارچێوەی ڕووسیای فیدراڵ دا ماونەتەوە چەند مانگێک بوو مووچە و پارەی دەزگا و دائیرەکانیان وەرنەگرتبوو، کۆتایی مانگی یازدە پلەی سەرما لە سیبریا گەیشتە ٤٠ ژێر سفر، لەبەر نەبوونی سووتەمەنی شۆفاچەکان کە هۆی سەرەکی خۆ گەرمکردنەوەن لەکار کەوتبوون، تەلەفزیۆن دیمەنی سیبریای نیشان دا، کارگەکان لەکار کەوتوون و خەڵکی لە ماڵەکانی خۆیاندا لەسەرمان جل و بەرگی ئەستووریان پۆشیوە و خۆیان خزاندۆتە بن لێفە و بەتانییەکان و تەنیا سەریان بەدەرەوەیە ئەویش بە کڵاوی فەروو داپۆشراوە.

کێشەکان لە هەموو ڕوویەکەوە هێندە ڕوو لەتەقینەوەن بە زەحمەت و ئەستەمە مامەڵەشیان لەگەڵدا بکەی بۆ نموونە: (١٧ / ١٠) یەکێتی سەندیکاکانی ڕووسیای فیدڕاڵ لە شاری مۆسکۆ خۆپیشاندانێکی گەورەیان پێک هێنا، لەوێ چەندین حزب و لایەن وتاریان خوێندەوە، یەکێک لەوانە وتاری حزبی شیوعی ڕووسیای فیدڕاڵ بوو کە مەکاشۆف خوێندییەوە. مەکاشۆف وتبووی: ٣٪ ی خەڵکی ڕووسیا جوولەکەن و ڕووس زۆرینەن کەچی وڵات لەلایەن کەمینەوە حوکم دەکرێ و زۆرینە ڕۆڵی لەدەست داوە. ئەو قسەیەی مەکاشۆف چەشنی پشکۆ فووی لێ کراو ئاگرێکی گەورەی لێ کەوتەوە، ئەو ئاگرە دواجار ڕووی لە جەستەی حزبی



شیوعی خۆی کرا. میدیاکان دژی مەکاشۆفیان نووسی، وتیان ئەو قسانە دەمارگیری نەتەوایەتی لە ناو ڕووسیای فیدڕاڵدا دەبزوێنێ، هێندەی تر ڕووسیا لەت دەکا و ئەوەی ماوە ئەوەش تووشی نەمان دەکا. هونەرمەندان و ڕۆژنامەنووسان ئیمزای نارەزاییان دژی حزبی شیوعی کۆکردەوە، داوایان دەکرد کە چالاکی حزبی شیوعی قەدەغە بکرێ، وتیان ئەو قسانەی مەکاشۆف دەبێتە مایەی تەقینەوەی کێشە نەتەوایەتییەکان و داواشیان لە باریس یەڵسن کرد کە ڕێگە لە حزبی شیوعی بگرێ و لێ نەگەڕێ ڕووداوێکی لە جۆری ڕووداوەکانی ئۆکتۆبەری ١٩١٧و ١٩٩٤ دووبارە ببێتەوە (مەبەست لەوەی دوایی هەراکەی پەرلەمان و یەلسن و تۆپبارانی بینایەی پەرلەمانە).

جوولەکە کە زۆربەی زۆری میدیاکانی بەدەستە (جگە لە بنکەی ئابوورییە بەهێزەکانی وڵات) ئەو بۆنەیان قۆستەوە لە دژی حزبی شیوعی کردیان بە بەشێک لە شەڕی هەڵبژاردنی داهاتوو، دواتر حزبی شیوعی بە ڕەسمی داوای لێبووردنی کردو وتی قسەکانی مەکاشۆف بیر و بۆچوونی خۆیەتی و حزبی شیوعی بە هیچ جۆرێک پەیوەندی پێیانەوە نییە.

حزبی شیوعی ئەگەرچی تا ئێستاش جەماوەری خۆی لەدەست نەداوە و بەشێکی گەنجەکانیش کاری تێدا دەکەن، و واش بانگەشە دەکەن کە خۆیان بۆ وەرزێکی گەرمی حوکم ئامادە دەکەن، بەڵام زەمینەی ئەو گەڕانەوەیان لەبەردەم نەماوە و ناتوانن بگەڕێنەوە سەر هەواری خاڵی! جا دەگەڕێنەوە چی دەکەن؟ حزبی شیوعی خۆیشی دڵنیایە کە گەڕانەوە بۆ دواوە مەحاڵە، بۆیە ئەندامانی بە دروشمی بریقەدار گۆش دەکا و گۆیە: دەبێ حوکم جێ بێڵێ.

دیموکراتەکان کە ئێستا زیاتر لە دە حزب و ڕێکخراوی جۆراوجۆرن هێزێکی گەورەن و بەدیلی هەر گۆڕانێکن کە ڕوودا، ئەوان لە ئان و ساتی

تیرۆرکردنی یەکێک لە سونبلەکانی دیموکراتییەت لە ڕووسیا خاتوو گالینە سترافویتەفە لە شاری پیتەر بۆرگدا، داوایان کرد کە بەرەیەکی فراوانی دیموکراتی پێک بێنن بۆ ڕوو بەڕوو بوونەوەی ئیرهاب و کاری هاوبەش لە گۆڕانکارییە دیموکراتییەکان.

ڕووسیا وەکو ڕۆژنامەنووسێک پێی وتم: (بە دوای چارەنووسی خۆیدا وێڵە، گرفتەکەش ئەوەیە کە نازانێ ڕێگەی دەربازبوون کامەیە، جاران دەگەڕاینەوە سەر بنچینەی مارکسیزم، ئێستا قۆناغەکە قورسە و ڕەگەکانی ئایین زیندوو بوونەتەوە).

یادی سەد ساڵەی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی، ئەمساڵ لە مۆسکۆش کرایەوە، ئەو یادە شەقڵێکی نەتەوایەتی ڕاست و ڕەوانی پێوە دیارە و بۆنەیەکی گونجاو بوو بۆ نیشاندانی یەکگرتوویی کورد لە ئاست ڕووداوە مێژووییە گەورەکانیدا.

بیست و دووی نیسان لە کوردستان و ژمارەیەک پایتەختی جیهاندا ئاهەنگ و سیمینار و کۆڕی وتار خوێندنەوەی بەم بۆنەیەوە ساز کرا، کەچی لە مۆسکۆ ئەو یادکردنەوەیە دواخرا، ئەو دواکەوتنەش پەیوەندی بە باری نالەباری کوردەکانی ئەوێ و نەبوونی بەرنامەیەکی تۆکمە بۆ ئەو یادە و درەنگ گەیشتنی وەفدی ڕۆژنامەنووسانی کوردستانەوە هەبوو.

پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی سەر بە ئەکادیمیای زانستی ڕووسیا بە هاوکاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی کوردی لە مۆسکۆ ئەو سیمینارەیان ڕێکخست و ڕۆژانی ٥ و ٦ / ١١ لە هۆڵی پەیمانگا و بە ئامادەبوونی پرۆفیسۆر ئەناتۆلی ئیگۆرینی جێگری سەرۆکی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی و پرۆفیسۆر شاکرۆیی محۆیێ سەرۆکی سەنتەری لێکۆڵینەوەی کوردی و پرۆفیسۆر لازاریف سەرۆکی بەشی کوردی لە پەیمانگا و ژمارەیەک دکتۆر و پرۆفیسۆر لەوانە حەسرەتیان و مێدڤێرکۆ و شابازیان و ژاگالیناو زارێ و



یوسپۆڤە و بەشیر صبری و شەریف ئەفراسیا و (دکتۆرا لە مێژوو) سەردار دیجلە (ڕۆژنامەنووس) ڕۆژنامەنووسانی کوردستان (فەلەکەدین کاکەیی، مستەفا ساڵح کەریم، ناسیح غەفوور، دڵشاد عەبدوڵڵا) حلوق ئەستورک سەرنووسەری گۆڤاری ڕۆژانو (سوید)، نوێنەری گۆڤاری بەربانگ (سویر) یولیا سەعید سەرنووسەی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بەزمانی ڕووسی، موەفەق دەرگەڵەیی (ڕۆژنامەنووس)، د.ئەکرەم ئینین (ڕۆژنامەنووس)، د. کەرەمی ڕەش (ڕۆژنامەنووس و نووسەر)....

بەدرێژایی ئەو دوو ڕۆژە قسە و باس لەسەر ڕۆژنامەنووسی کوردی و بارودۆخی کوردستان و ئاستی نێو دەوڵەتی کێشەی کورد بە گشتی کرا، ئەوەی مایەی خۆشی بوو هاوکاریی و تەبایی ڕۆژنامەنووسانی کورد بوو لە باسکردنی کێشەکاندا، ڕووسەکانیش ئەو تەباییەیان پێ خۆش بوو، هیوایان دەخواست کە لە هەموو بۆنەکاندا ڕەنگ بداتەوە، بەمەش گیانی میقداد بەدرخان شاد و درەوشاوەتر بوو.

سەرەتای کۆنفرانسەکە پرۆفیسۆر شاکرۆ بەخێرهێنانی میوانەکانی کرد، دواتر ئەناتۆلی ئیگۆرین وتی: پەیمانگاکەی ئێمە گرنگییەکی زۆری بەکێشەی کورد داوە، لێکۆڵینەوەی زۆرمان لەسەر ناوچەکانی کورد کردووە و ئەوەش مایەی شانازییە بۆ هەمووو لایەکمان و هیوای خواست ئەو کۆنفرانسەش لایەنێکی دیکەی ئەو خزمەتە بێ. لەبەرئەوەی پەیمانگاکە خۆیان بڕیاریان دا کە ئەو کۆنفرانسە بکەنە کتێبێک و بڵاوی بکەنەوە و منیش مەبەستم ئەوە نییە باس لە ڕۆژنامەنووسی کوردی بکەم، بەڵکو بینین و سەرنجەکانی خۆم تۆمار دەکەم لە گەشتێکدا کە مانگێکی خایاند و ئەو مانگە بەقەد ساڵێکم بینی و بەقەد ساڵێکم بیست و بەقەد دوو ساڵیش چێژم لە جوانی وەرگرتوو جوانییەک کە هەموو ڕەگەکانی بە قووڵایی ڕۆح و خۆشەویستیدا شۆڕبۆتەوە.

پرۆفیسۆر لازاریف کە ماوەیەکی زۆر خەریکی کوردناسی بووە کاتی

خۆی لەلایەن دەوڵەتەوە ڕاسپێردراوە بۆ ئەو کارە وتی: خاڵێکی گەشی ڕۆژنامەنووسی کوردی بریتییە لەو بایەخەی بە مێژووی سیاسی هاوچەرخی کوردستانی داوە، هاوشان لەگەڵ بایەخدانی بە بیر و باوەڕی کۆمەڵایەتی.

دەربارەی بزووتنەوەی سیاسی کوردستانیش وتی: لە بیستەکانەوە ئەو بزووتنەوەیە لەلایەن ڕۆشنبیرانەوە سەرکردایەتی دەکرێ، بەڵام ئەم ڕۆشنبیرانە زۆرینەیان سەر بە چینێکی ئۆرستۆکراتی کورد بوون و نوێنەری هەموو میللەت نەبوون و ئەوەش یەکێکە لە کێشەکانی بەردەم ئەم بزووتنەوەیە.

لازاریف باسی پێنج خاڵی کرد، بزووتنەوەی کورد و ڕۆژنامەگەری کە بەشێکی گرنگە لە خەباتی سیاسی کورد و دواتر باسی سەلماندنی نەتەوایەتی کرد و وتی: بەهۆی پارچە بوونی کوردستان، کلتوورێکی سیاسی یەکگرتوو نەهاتۆتە ئاراوە و ئەوەش وای کردووە کە کورد بە عەقلیەتێکی یەکگرتوو کار نەکات، بەپێچەوانەی فەلەستینییەکان کە توانییان ڕێکخراوێکی یەکگرتوو پێک بهێنن، هەر لێرەوە لازاریف پێ ی وابوو کە بەرەیەکی یەکگرتووی کوردەکان کارێکی گرنگ و پێویستە. دواجار لازاریف پێی وایە جالیەی کورد لەدەرەوە کە تێکەڵاوێکە لە کوردی هەموو بەشەکان و ناوچەکان دەتوانێ زۆر شت بکا بەتایبەتی ئێستا بەشێک لەوانە بوونەتە ئەندامی پەرلەمان و پلە و پایەی بەرزیان لەو وڵاتانەدا وەرگرتووە کە تێیدا دەژین.

پرۆفیسۆر میدڤێدکۆ (پسپۆڕ لە کاروباری ڕێکخراوی ئەفرۆ ئاسیایی جاران) لە وتەکەیدا باسی کێشەی کوردی کرد و وتی: سەدەی داهاتوو بەسەدەی کێشەی کورد ناو دەنێم، سیستمی ئێستای جیهان بریتییە لە سیستمی چارەسەر کردنی کێشەکان لە ڕێی دیالۆگ لە نێوان میللەتان و دەوڵەتانی داگیرکەر بکرێ پێویستە میللەتانی ناوچەکە دیالۆگ لە نێوان



خۆیاندا بکەن و چارەسەر بۆ کێشەکان بدۆزنەوە، بەو واتایەی بە بێ بەرچاو ڕوونی و ڕێکوپێکی لە دەربڕینی کێشەکاندا هەبێ. دواتر وتی: دەبێت جۆرە بەرەیەک لەنێوان بزووتنەوەی میللەتانی ناوچەکەدا هەبێ و ناوی کورد و بلوج و پشتووی هێناو وتی: ئەو ڕیزبەندییە بۆ ئەوە دەبێ کە بەرەنگاری ئیمپریالیزمی ناوچەیی ببێتەوە، بەڵام نەیوت شێوەی بەرەنگاربوونەوەکە چۆن دەبێ. میدڤێدکۆ لە درێژەی قسەکانیدا پێشنیازی کرد کە گۆڤارێکی هاوبەش لە چەشنی گۆڤاری (لوتس)ی جاران هەبێ بۆ دروستکردنی زمانی هاوبەش لەنێوان میللەتانی ناوچەکەدا.

پرۆفیسۆر حەسرەتیان (ئەرمەنی و پسپۆڕ لە کاروباری شۆڕشەکانی کورد لە تورکیا). قسەکانی دەربارەی ڕۆڵی عەبدوڵڵا جەودەتی ڕۆژنامەنووس بوو لە ژیانی ڕۆژنامەنووسی و گەلاڵە بوونی بیری نەتەوایەتی لای کوردەکانی باکور، حەسرەتیان باسی ڕۆڵی مەولانا زادە ڕەفعەتی کرد لە خەباتیدا لەگەڵ شەریف پاشای خەندان و ڕۆڵی زەینەلعابدین لە گۆڤاری (ژیانەوەی کوردستان) دا.

حەسرەتیان لە قسەکانیدا بە ڕوونی باسی ڕەوایی کێشەی کورد و شۆڕشەکانی کوردی دەکرد لە تورکیا لە بەرامبەر ناڕەوایی دەوڵەتدا.

بەگشتی لەو زنجیرە کۆڕەدا کەمتر باسی کێشەکانی ڕۆژنامەنووسی کوردی کرا، زیاتر کێشە گشتییەکان بە خێرایی خرانە ڕوو، بەڵام گرنگی کۆنفرانسەکە بریتی بوو لە:

کۆبوونەوەی ئەو ژمارە کوردە لە پایتەختێکی گەورەی وەکو مۆسکۆ و لەتەک باسکردنی بۆنەیەکی نەتەوایەتی، گۆڕینەوەی بیروبۆچوون و زانیاری بوو دەربارەی بارودۆخی کورد لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان، بەتایبەتی کە کوردەکانی ڕووسیا شارەزاییەکی ئەوتۆیان دەربارەی ڕەوتی ژیانی سیاسی و ڕووناکبیری کوردەکانی باشوور نەبوو، کەچی خۆیان دەیان وت:

دڵی کوردستان باشووره!

بەداخەوە نەکرا ڕۆژنامەنووسی بەشەکانی تری کوردستان ئامادە نەبن، و ئەو ئاڵوگۆڕە فراوانتر بێ.

وێنەی مقداد بەدرخان و پیرەمێرد لە ناو هۆڵی کۆنفرانس لەتەک یەکتریدا هەڵواسرابوو، لەلایەکی دیکەشەوە وێنەیەکی جوانی ئەحمەدی خانی کە هونەرمەندی کوردی ئێزیدی و ئێستا ڕاماکریشنایی (قولی خان) کێشابووی، هۆڵەکەیان خستبووە ناو عەشقێکی کوردانەوە.

قولی هونەرمەندێکە و بەشێوازی واقیعی کاردەکا و ژێر زەمینەکەی بۆتە هۆڵێکی نمایش و تابلۆیەکی بۆ قەڵای دمدمیش کردووە.

## دوا وتە

١

جوانترین و دڵگیرترین ڕستە، دەربارەی مەرگی ئەحمەد شاملۆ وترا:

«شاعیر لە دایک دەبێ بەڵام نامرێ!» فریشتە چۆن دەمرێ؟

ئەوەی لە ئاگر بێ، کز دەبێ، خامۆش دەبێ، دەکوژێتەوە، وەلێ چەشنی ژیلەمۆ هەر بەگەرمی دەمێنێتەوە.

٢

پێشتر دەربارەی (نیچە) و بەرهەمەکانی وتراوە:

ئەوانە دوای مردنیان لە دایک دەبن!

مەرج نییە لە خاڵی سەرەتاوە دەست پێ بکەین وەکو چۆن مەرج نییە مردن دوا خاڵی ڕستەی بێ سەروبەری ژیان بێ. ئەو هەموو جوانییە نە بەخاڵێک دەست پێدەکا و نە بە خاڵێکیش کۆتایی دێ.

کە بیر لە دروستبوونی فریشتە و ئیبلیس دەکەمەوە، دڵنیا دەبم، هێزی جاویدان سەرەتا و کۆتایی نییە، کەس نازانێ لە کوێ دێن و چۆن ون دەبن!

٣

پەندی گەورە و پڕ مەعنا لە ژیانی داهێنەران و بلیمەتان فێر بووم، ئەوان



کە دەشمرن حیکمەتی گەورەمان فێر دەکەن.

مردن پرۆسەیەکی کیمیا. فیزیاوی نییە، هێندەی پرۆسەیەکی رۆحی و وجودییە. بەتایبەتی ئەگەر باوەڕمان هێنا کە گۆڕانە لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر، گەشتێکە بەرەو ئەو دیوی نەزانراو و نەدۆزراوی پڕا و پڕ لەئەگەری بوونی خەفەکراوی عەدەم.

کێ ئەو هەموو ئەگەرانە هەڵگێڕ و وەرگێڕ دەکا و ڕێچکەو بۆن و بەرامە و ڕەنگی تازە بەرهەم دێنێ؟ کێ زاتی ئەوە دەکا بچێتە وڵاتی عەدەم؟

ئەوێ پڕە لە سنووری قەدەغەکراوی ترسناک، بەڵام کە چووی دەزانی چ سیحرێکی ئەبەدی دەشتەکانی پڕ کردووە لە بەهاری ڕسکاو!

٤

ئەوێ یاساو ڕێسای خۆی هەیە کەچی ئێمە شتێکی ئەوتۆی لێ نازانین، هێنری جیمس دەڵێ: مردووەکان شتێک دەرانن ئەویش ئەوەیە، کە ژیان خۆشترە لە مردن! یەکێک لە ڕێساکانی ئەوێ نەگەڕانەوەیە، ئۆرفیۆس کە چوو بەدوای دولبەرەکەی بگەڕێ، داکشا بەرەو جیهانی ژێرەوە، کە ویستی بگەڕێتەوە سەر زەوی نەیتوانی، ئەوەیە پەنهانی ئەوێ.

٥

ئەندێشە و بیری تیژ و پەلهاوێژی پێغەمبەران و داهێنەران، دیواری ئەستووری مردنی بڕیوە. بەشێکی زۆری پەیامی پێغەمبەران باسی ژیانی ئەوێیە.

داهێنەران، ئەوێ هێندە دوور نابینن. ئەوێ نزیکە، (ئەلیگیری دانتی) سنووری نێوان ئێرە و ئەوێی سڕیوەتەوە و دۆزەخ و بەهەشتی تێکەڵ بەناخی مرۆڤەکان و ئێستا و ڕابردوویان کردووە. دانتی کۆمیدیای ئەدەبی نووسیوە و نەهاتووە ئەو قسانە دووبارە بکاتەوە کە دەربارەی بەهەشت و

دۆزەخ وتراون، ئەگەر وای نەکردبا ، کەس کۆمیدیای لە هەورازی کتێبەکان دانەدەنا.

**٦**

ئەندێشە و بیر تیژی و درەوشانەوە کە تێکەڵی بلیمەتی دەبن لە جغزی دیارەوە دەچنە ناو ئاسۆی کراوە و پڕ نهێنی و دەبنە ڕووناکیەکی گەردوونی و لە سووچە تەنگەبەرەکان قەتیس نابن.

(ئەوێ) یۆتۆپیایەکەو کەمتر دەسەڵاتی مرۆڤی تێدا بەرجەستە کراوە و خاکی خواوەندانە و پێغەمبەران و گەورە داهێنەران و پاڵەوان و بلیمەتەکان لەوێن، بۆیە ئەندێشەی دەوڵەمەند هەمیشە بۆ ئەوێ مل دەنێ و دەیەوێ پەی بەو جیهانە نەدۆزراوانە ببات و لە زەوی ڕەقێنی مردندا بەرهەمی زیندوو بدۆزێتەوە.

**٧**

ڕابردوو ون نابێ
مردن هەموو شتێک ناشارێتەوە
تازە هەندێک لە گۆڕەکان هەڵدەدرێنەوە
هەر مرۆ نییە دوای مردنی لە دایک دەبێ
ڕووداوی گەورەش هەن، دواتر دەدۆزرێنەوە!

**٨**

کەی ئەنفال دەدۆزنەوە لە جەستەی ئێمەدا!



**٩**

من هەر ڕۆژە و بەشێک لە خۆم دەدۆزمەوە
نازانم ئەو ڕۆژە دێ،
کە هەموو خۆم ببینم
لە ئاوێنەی نووسیندا؟!